زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا، لەهەرێمی کوردستان
# (توێژینەوەیەکی وەسفی- شیکارییە)

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لەزانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە
ڕاگەیاندن(ڕۆژنامە)

لەلایەن
**دلان ئیسماعیل مەولود**
بەکالۆریۆس لەڕاگەیاندن - 2012

بەسەرپەرشتی
**د.هۆشیار مزەفەر عەلی**

هەولێر - کوردستان
شوبات2020

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییەلە(**بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایﺉنویێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا، لەهەرێمی کوردستان)**، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لەهیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جیگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە

واژوو:

ناوی قوتابی: **دڵان ئیسماعیل مەولود**

ڕێکەوت: / /2020

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتییار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتییاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆڕی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: د.هوشیار مزەفەر عەلی واژوو ____________________

ڕێکەوت: / /2020

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:........................................

ناو: د.هوشیار مزەفەر عەلی

سەرۆکی بەشی: ڕاگەیاندن

ڕێکەوت: / /2020

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

واژوو:........................................

ناو:

ڕێکەوت: / /2020

## بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی: **(بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا، لەهەرێمی کوردستان)** خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (دڵان ئیسماعیل مەولود) بوو، لەناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لەپسپۆری ڕاگەیاندنی تێدایە.

واژوو:
ناو:
سەرپەرشتیار:
ڕێکەوت:
ڕیـ-وت.

واژوو:
ناو:
ئە ندام:
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:

واژوو:
ناو:
ڕاگری کۆلێژی ئەدەبیات
ڕێکەوت:

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەی قوتابی (**دڵان ئیسماعیل مەولود**) بە ناونیشانی (**بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا، لە هەرێمی کوردستان**). پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە ئەو هەڵانەشی کە تێیدا بوو راستکراونەوتەوە، بەوەش نامەی ماستەرەکەی لە رووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

**واژوو**

**ناو:**

**بەروار:**

## پێشکەش بە

- دایک و باوکم کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون
- هاوسەرەکەم کە هاوڕێ و هاوکارێکی بەردەوامی ژیانمە
- هەردوو کوڕەکانم (ڕووار) و (ڕێنوێ)
- سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانی بەشی ڕاگەیاندن

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای پەروەردگار، کە تەمەنی پێبەخشیم و توانیم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم.
- سوپاس بۆ بەڕێز (د.هۆشیار مزەفەر عەلی) ئەرکی سەرپەرشتییاری توێژینەوەکەی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لەڕاوبۆچوونەکانم گرتووە و ڕێنمایی زانستی پێبەخشیوم.
- سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.م.هەردەوان مەحمود) لەئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە هاوکاری کردم.
- سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی هاوکارم بووینە و ڕێنماییان کردووم، بە سەرنج و تێبینییەکانیان ئەم توێژینەوەیان دەوڵەمەند کردووە ( د. هێرش ڕەسوڵ، د.سامان جەلال، د.سادق حەمەغەریب ، م.زاهیر حمدئەمین)
- سوپاس بۆ هاوسەری ژیانم، لەهەموو هەنگاوەکان هەمیشە هاوکارو پاڵپشتم بووە.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەم کە لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، لەوەرگێڕان و پێداچوونەوەی زمانەوانی و پێدانی سەرچاوەی زانستی هاوکارم بوون.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

هاوکات لەگەڵ فەراهەمبوونی هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان، بەڵام هێشتا بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکاندا بۆ کارگێڕی گشتی تەم و مژاویە و روون نیە تا چ رادەیەک کەڵکیان لێ وەرگیراوە بۆیە لە گۆشەنیگای ئەمەوە، توێژەر لەم نامەیەدا بەشێوەیەکی زانستی هەوڵیداوە ئەوە روونبکاتەوە کە پەیوەندییە گشتییەکان تاچەند ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ کارەکانی و چۆن سودیان لێ وەردەگرێت و رێژە و چۆنیەتی سودوەرگرتن لێیان بخاتە روو.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاست و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا. هەروەها ئاستی شارەزایی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەمبەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ، گرینگترین لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان.

گرینگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێک لەنێوان میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان ،زیاد لەوەش دەرخستنی لێکەوت و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە رووی تیۆری و شیکارییەوە. هەروەها گرنگە بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەو رێگەیەوە شارەزایی گرینگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دەبن لە پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان و چۆنییەتی بەکارهێنان و بەگەرخستنی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، توێژەر بەمەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگە و نمونەی

ئەم توێژینەوە بریتییە لە کۆی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەکۆی ئەو وەزارەتانەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە پەیکەری وەزارەتەکانیان هەیە کە بریتین لە 57 کەس لە ماوەی نێوان 2019/11/1 تاکو 2019/12/1 فۆڕمەکان دابەشکراون و کۆکراونەوە. گرینگترین کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتین لە تێبینی، چاوپێکەوتن، فۆڕمی راپرسی، کە فۆڕمی راپرسییەکە لە (17) پرسیاری سەرەکی پێکهاتووە. کەرەستە ئامارییەکان وەک پڕۆگرامی ( *SPSS) کە بۆ شیکردنەوەی داتاکان و دەرخستنی ئەنجامەکان بەکارهاتووە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم چوارچێوەی توێژینەوە و رەهەندەکانی توێژینەوە باسکراوە، لەبەشی دووەم کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە هەریەک لە میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان و کارگێڕی گشتی باسییان لێوەکراوە.

لەبەشی سێیەمدا کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە باس لە رێکارەمەیدانییەکانی توێژینەوە کراوە لەگەڵ شیکردنەوەی داتا و خشتەکان کە لە رێگەی فۆڕمی راپرسی بەدەستهاتووە. لە کۆتایشدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان خراونەتە روو. لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:

1. لە نێوان کۆی ئامرازەکانی میدیای نوێ فەیسبووک بە زۆرترین رێژە بەکاردێت بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە لایەن کارمەندەکانییانەوە، بە پلەی دووەم ئەپەکانی چات کردن دێت بەڵام کەمترین ئامرازی بەکارهاتوو بریتییە لە پۆدکاست .
2. زۆرینەی لێتوێژراوان بەشداری دەکەن لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی دامەزراوەکە بەڵام گرینگی بەو نامە و کۆمێنتانەی بۆی دێت نادەن.

* (Statistical Package for Social Science) (SPSS)، پڕۆگرامێکی بڵاوو پێشکەوتووی ئامارییە، بەکاردەهێنرێت بۆ ئەژمارکردن و زانینی رێژەی سەدی و دووبارەبوونەوە وشیکردنەوەی داتا و ئامار و داتاکان.

3. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە پلەی یەکەم بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان و ئەنجامدانی توێژینەوە بە پلەی دووەم.
4. گرینگترین ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم پەیوەندییە گشتییەکان لە کاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بریتین لە (کارامەیی نەزانینی زمان، نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، نەبوونی بودجەی پێویست، پاڵپشتی نەکردنی دامەزراوەکە لە پەیوەندییە گشتییەکان.

دواتر توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاری خستۆتەڕوو گرینگترینیان ئەمانەن:

1. بۆ زیاتر کارا بونی پەیوەندییە گشتییەکان و فراوانترکردنی کارەکەیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ، پێویستە دامەزراوەکە بایەخ بە ڕۆڵ و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بدات و زیاتر پاڵپشتیان بکات.
2. پێویستە لەسەر دامەزراوەکە کێشەی دارایی بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان چارەسەر بکات، تاوەکو بتوانن پێویستییە سەرەکیەکان لە ئامێر و کەرەستەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتی خێرا و کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرک و ...هتد دابین بکەن.
3. پێویستە لەسەر دامەزراوەکە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبەشی پەیوەندییە گشتییەکان دابمەزرێنێت و تاڕادەیەکی باش شارەزاییان هەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنان و سود وەرگرتنی زیاتر لە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندی دامەزراوەکە.

**پێرستی ناوەڕۆک**


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | بەڵێننامەی قوتابی |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردن |
| V | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| VI | پێشکەش |
| VII | سوپاس و پێزانین |
| VIII | پوختەی توێژینەوە بە زمانی کوردی |
| XI | پێرستی ناوەڕۆک |
| XII | لیستی خشتەکان |
| XV | لیستی پاشکۆکان |
| 2-1 | پێشەکی |
| 3-20 | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** |
| **3** | **تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە** |
| 3 | 1-کێشەی توێژینەوەکە |
| 3 | 2-پرسیارەکانی توێژینەوەکە |
| 4 | 3-گرینگی توێژینەوەکە |
| 5 | 4- ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| 6 | 5-چەمکەکانی توێژینەوەکە |
| 7 | **تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 7 | 1.توێژینەوە کوردستانییەکان |
| 11 | 2.توێژینەوە عەرەبییەکان |
| 15 | 3.توێژینەوە بیانییەکان |
| 19 | 4.گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو |
| | **بەشی دووەم: ئامرازەکانی میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان** |
| 20 | **تەوەری یەکەم: میدیای نوێ و ئامرازەکانی** |
| 20 | یەکەم/ چەمک و پێناسەی میدیای نوێ |
| 22 | دووەم/ سەرهەڵدانی میدیای نوێ |

| | |
|---|---|
| سێیەم/ تایبەتمەندی میدیای نوێ | 23 |
| چوارەم/ ئامرازەکانی میدیای نوێ | 25 |
| 1/بلۆگ | 26 |
| 2/ویکی | 27 |
| 3/ پۆدکاست | 29 |
| 4/ کۆڕبەند | 30 |
| 5/چات ئەپڵیکەیشن | 31 |
| 6/تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | 34 |
| سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 36 |
| **تەوەری دووەم: پەیوەندییە گشتییەکان** | 43 |
| یەکەم/ چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان | 43 |
| دووەم/ سیما و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | 46 |
| سێیەم/ گرینگی پەیوەندییە گشتییەکان | 48 |
| چوارەم/ ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان | 50 |
| پێنجەم/ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | 54 |
| شەشەم/ تایبەتمەندی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان | 57 |
| حەوتەم/ پرۆسەی پەیوەندییکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان | 59 |
| 1/ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان | 59 |
| 2/ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان | 60 |
| **تەوەری سێیەم: ئامرازەکانی میدیایءنوێ و پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا** | 67 |
| یەکەم/ چەمک و پێناسەی کارگێڕی گشتی | 67 |
| دووەم/ تایبەتمەندی گارگێڕی گشتی | 68 |
| سێیەم/ پێگە و گرینگی میدیایءنوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێری گشتیدا | 69 |
| چوارەم/ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێری گشتی | 71 |
| پێنجەم/ گرینگی میدیایءنوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێری گشتیدا | 73 |
| شەشەم/ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەگشتیەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی میدیایءنوێ | 75 |
| حەوتەم/ پەیوەندییە گشتییەکان و حکومەتی ئەلیکترۆنی | 78 |
| **بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوە** | |

| | |
|---|---|
| 82 | تەوەری یەکەم/ ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە |
| 82 | 1/میتۆدی توێژینەوەکە |
| 82 | 2/کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 82 | 3/ نمونەی توێژینەوەکە |
| 83 | 4/بوارەکانی توێژینەوەکە |
| 83 | 5/کەرەستەکانی توێژینەوەکە |
| 84 | 6/ پێوەری راستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە |
| 85 | 7/رادەی جێگیری توێژینەوەکە |
| 85 | 8/کەرەستە ئامارییە بەکارهێنراوەکان |
| 87 | **تەوەری دووەم/** شیکردنەوەی فۆرمی راپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە |
| | **تەوەری سێیەم/** دەرئەنجام و پێشنییازەکان |
| 132 | 1/دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
| 134 | 2/ پێشنییازەکانی توێژینەوە |
| R138 | **لیستی سەرچاوەکان** |
| -A151<br>A 161 | **پاشکۆکان** |
| A-D | **پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی** |

# لیستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ڕەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات | 87 |
| 2 | تەمەنی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات | 88 |
| 3 | ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات | 88 |
| 4 | ساڵانی ئەزموونی کارکردن لە پەیوەندییە گشتییەکان | 89 |
| 5 | بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایnوێ لە لایەن لێتوێژراوان دیاردەکات | 90 |
| 6 | ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایnوێ دیاردەکات | 90 |
| 7 | شارەزایی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایnوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان | 91 |
| 8 | گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایnوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان | 91 |
| 9 | گرنگی ڕێژەیی سەردانکەران و لایک و کۆمێنت بۆ پەیجی فەرمی دامەزراوەکە دیاردەکات | 92 |
| 10 | گرنگی کردنەوەی خول و سیمینار بۆ کارمەندان دیاردەکات | 93 |
| 11 | بەشداریکردنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود وێبسایتی وەزارەت دیاردەکات | 93 |
| 12 | دەسنیشانکردنی ڕێژەیی بەکارهێنانی هەریەک لە ئامرازەکانی میدیایnوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان | 95 |
| 13 | ڕێژەی کەڵک وەرگرتنی پەیوەندییە گشتییەکان لەئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکیەکانی | 99 |
| 14 | دەسنیشانکردنی شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان | 104 |
| 15 | چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیار دەکات | 114 |
| 16 | ئاستەنگانەی بەردەم پەیوەندییە گشتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیار دەکات | 120 |
| 17 | لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا دیار دەکات | 125 |

## لیستی پاشکۆکان


| لاپەڕە | ناونیشانی پاشکۆکان | ژمارە |
|---|---|---|
| A151 | پێوەری راستی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە | 1 |
| A152 | رادەی جێگیری توێژینەوەکە | 2 |
| A153 | فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکە | 3 |

# پێشەکی

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە کار و ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە حکومیەکاندا رووی دا، بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان بووە پێویستییەک هەر دەبوو هەبێت، لە خۆگرتنی ئەو تەکنیکە نوێیەش، دەرەنجامی گەشەسەندنی بێ پێشینەی ژمارەی دەروازەکانی راگەیاندن و خێرایی گواستنەوەی زانیاریە بەردەستەکان و قەبارەی ئەو دامەزراوانە بوو، کە پەیوەندییە گشتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەها قەبارەی خودی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و جۆراوجۆربوونی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە شایەنی پیادەکردن و بەکارهێنان بوون لە چالاکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بۆتە هۆی ئەوەی کاری پەیوەندییە گشتییەکان فراوانتر بێت، بەڵام بۆ زۆرێک لە کارەکانی ئاسانکاری کردووە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان بەخێرایی و گەیاندنیان بە جەماوەری مەبەستدار، هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکان لە رێگای میدیای نوێ ئاسانترە و دەتوانرێ وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە لەو رێگەیەوە دروست بکرێ. بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بوارەدا گرینگی خۆی هەیە. ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (**بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان**) تویژینەوەیەکی وەسفی- شیکارییە لە گرینگترین ئامانجەکانی دەستنیشانکردنی رێژە و جۆر و شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێیە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی رووپێوی بەکار هێناوە، بەو پێیەی میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی توێژەر هەیەتی لەم توێژینەوەیەدا. ئەم توێژینەوەیە دابەشی سێ بەش کراوە لە بەشی یەکەمدا کە بریتییە لە چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە، ئەویش دابەشی دوو تەوەر

کراوە: تەوەری یەکەم بریتییە لە رەهەندەکانی توێژینەوە کە بریتین لە کێشەی توێژینەوە، گرینگی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، چەمکەکانی توێژینەوە. هەروەها تەوەری دووەم توێژینەوەکانی پێشوو باس کراون. لە بەشی دووەمدا باس لە لایەنی تیۆری توێژینەوە دەکات، دابەشی سەر ئەم تەوەرانە کراوە: تەوەری یەکەم: باسی هەریەک لە چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و تایبەتمەندی میدیای نوێ، وگرینگی و تایبەتمەندییەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ کراوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە چەمک وپێناسە، سیماو تایبەتمەندییەکان، گرینگی، ئامانجەکان، ئەرک، تایبەتمەندی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان، ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە پەیوەندییە گشتییەکان کراوە. لە تەوەری سێیەمدا باس لە ئامرازەکانی میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا کراوە.بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە دوو تەوەر کە تەوەری یەکەم بریتییە لە رێکارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە، کە لە میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، نموونەی توێژینەوەو بوارەکانی توێژینەوە، کەرەستەکانی توێژینەوە، پێوەری راستی، رادەی جێگیری، کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە. هەورەها تەوەری دووەم: پێک هاتووە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان . دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پیشنیارەکانی توێژینەوە خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم/ رەهەندەکانی توێژینەوە

1. کێشەی توێژینەوەکە
2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە
3. گرنگی توێژینەوەکە
4. ئامانجەکانی توێژینەوەکە
5. چەمکەکانی توێژینەوەکە

### تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

1. توێژینەوە کوردستانییەکان
2. توێژینەوە عەرەبییەکان
3. تویژینەوە بیانییەکان

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

## رەهەندەکانی توێژینەوەکە

### 1. کێشەی توێژینەوەکە

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و ئامێرە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی، کاریگەریی زۆریان کردووەتە سەر کارو چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە گشتی و بە تایبەت لە کاری دامەزراوە حکومییەکان.

زیادبوونی بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی میدیای نوێ لە نێوان تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە ئاسانکاریی کردووە لە گەیاندنی زانیاری و ڕێنماییەکان بەگشت توێژەکانی کۆمەڵگە.

کێشەی ئەم توێژینەوە لەودا خۆی دەبینێتەوە کە لەگەڵ فەراهەمبوونی هەموو ئەو ئامرازە نوێیانەی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان، بەڵام هێشتا بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکاندا بۆ کارگێریی گشتی تەمومژاوییە و روون نییە تا چ ڕادەیەک کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لەم گۆشەنیگایەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بریتی دەبێت لەوەی ئایا تاچەند کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەم ئامرازانەی میدیای نوێ بەکار دەهێنن بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان لە سیستەمی کارگێری گشتیدا؟

### 2. پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی، توێژەر لە هەوڵی گەڕانە بەدوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی. ئەم توێژینەوەیەش پرسیارێکی سەرەکی دەخاتە روو، بریتیە لەوەی ئایا کارگێڕیی گشتی لە کاری پەیوەندییە گشتییەکان سوود لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەردەگرێت؟

کە ئەمەش چەند پرسیارێکی دیکە لەخۆ دەگرێت:

1. ئایا کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان تاچەند شارەزایی و کارامەییان هەیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ؟
2. ئەو ئاستەنگانە چین کە رووبەڕووی پەیوەندییە گشتییەکان دەبێتەوە لە میانەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟
3. لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ چییە لە پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ کارگێڕی گشتی لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟
4. کام جۆری ئامرازی میدیای نوێ لەبارترە بۆ کاروچالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟
5. ئایا پەیوەندییە گشتییەکان توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری دەرەکی دروست بکات لە چوارچێوەی کارگێڕی گشتیدا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟
6. ئایا پەیوەندییە گشتییەکان توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی دروست بکات لە چوارچێوەی کارگێڕی گشتیدا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟

### 3. گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوە لە دوو خاڵدا چڕ دەکەینەوە:

یەکەم: گرنگیی لایەنی زانستی ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە بواری پسپۆڕیی پەیوەندییە گشتییەکان بە تایبەت چۆنییەتیی بەگەڕخستنی میدیای نوێ لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان و هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمیە بۆ شرۆڤەکردنی پەیوەندی و کارلێک لە نێوان میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکاندا، زیاد لەوەش دەرخستنی لێکەوت و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە رووی تیۆریی و شیکارییەوە، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ئەو بەربەستانەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دێتە بەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەمیانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

دووەم: ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتی لە وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەو ڕێگەیەوە شارەزایی گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دەبن لە پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان و چۆنییەتیی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، زیاد لەوەش گرنگیترین ئەو بەربەستانەیان بۆ روون دەبێتەوە کە لەمیانەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش هاوکار دەبێت لە ئاسانتربوونی چارەسەرکردنیان.

### 4. ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکی زانستییە، هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سەرەکی کە بریتییە لە (زانینی ئاست و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان). هەروەها ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانجی لاوەکی هەیە کە ئەمانەن:

1- خستنەڕووی ڕادەی شارەزایی و لێهاتوویی کارمەندی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەبارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان.

2- زانین و دیاریکردنی ئەو بەربەرستانەی دێتە بەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەمیانەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

3- زانینی ڕادەی کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان.

4- دەستنیشانکردنی جۆری ئەو ئامرازەی میدیای نوێ کە زیاتر بەکاردێت بۆ پرۆسەی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا.

5- زانینی چۆنییەتی و شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا.

6- دیاریکردنی ڕێژەی بوونی پەیوەندی ئالوگۆڕ لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەری دەرەکی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

7- دیاریکردنی ڕێژەی بوونی پەیوەندی ئالوگۆڕ لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەری نێوخۆیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

## 5. چەمکەکانی توێژینەوەکە

1- **پەیوەندییە گشتییەکان**: پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕی دیاریکراوە کەیارمەتی دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ دەدات بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتن و هاوکاری لەنێوان دامەزراوە و جەماوەر بەگشتی، ئەم پەیوەندییە یارمەتیدەرە لەبەڕێوەبردنی کێشەوگرفتەکان هەروەها یارمەتی دامەزراوەکە دەدات لەزانین و وەڵامدانەوەی ڕای گشتی، هەروەها بەرپرسیارێتی هەریەک لەبەشە خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکات و جگە لەوەش توێژینەوە و پەیوەندی ئەخلاقی وەک تەکنیکێکی سەرەکی لەکارەکانی بەکاردەهێنێت" (Tench , 2006, 5).

2- **میدیای نوێ** : "بریتییە لە کۆمەڵێک وێبسایتی ئەلیکترۆنی کەفەراهەمکراوە بۆ ئەوەی تاکەکان گوزارشت لەبۆچوون و ئەزمون و گۆڕانکارییەکان بکەن و پەیوەندی لەنێوان ئەو کەسانەدا دروست بکات کە گرنگی پێدانەکانیان لەیەکەوە نزیکە". (القحطاني 2019، 130)

3- **کارگێڕی گشتی**: چالاکی و کارەکانی حکوومەت دەگرێتەوە کە ئەنجامیان دەدات بۆ بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی سیاسیەتی گشتی دەوڵەت لەناو دەستە و دامەزراوەکانی حکوومەتدا.هەروەها بە واتای بەڕێوەبردنی کۆی پڕۆژە گشتییەکانی حکوومەت دێت لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی جەماوەر بێ لەبەرچاوگرتنی بەدەستهێنانی داهاتی تایبەت لەجەماوەرەوە. (Version ,2015, 17)

## تەوەری دووەم

## توێژینەوە پێشووەکان

### 1. توێژینەوە کوردستانییەکان

**1/ توێژینەوەی بەهائەدین ئەحمەد محەمەد "توظيف الانترنيت الأنشطة العلاقات العامة في الؤسسات الاعلامية" زانکۆی سلێماني، 2012**

ئینتەرنێت شۆڕشێکی بێ ئەندازەی لە زانستی پەیوەندییە گشتییەکان هێنایە کایەوە و گۆڕانکاری لە روخسار و ناوەڕۆکی کاری پەیوەندییە گشتییەکان کرد، لەم گۆشە نیگایەوە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە چۆنییەتی و چەندێتی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی ئینتەرنێت بۆ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئاشکراکردنی ڕێژەی لێکەوتەکانی ئینتەرنێت لە چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکاندا.

توێژەر هەردوو ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەرۆک و رووپێوی بەکار هێناوە بۆ هەردوو دەزگای خەندان و تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانج لەخۆ دەگرێت کە ئەمانەن:

1. گەیشتن بە ئاماژەگەلێکی زانستییانە کە بەشداری لە دیاریکردنی واقعی بەگەڕخستنی ئینتەرنێت، وەکوو ئامرازێک بۆ چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.
2. هەوڵی گەیشتن بە دەرئەنجامی ئامانجدار، بۆ ئاسانکردنی کرداری پەیوەندیکردن و پەیوەندییە گشتییەکان، لەنێوان ڕاگەیاندنکار لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت.
3. ئاشکراکردنی ئاستی هەڵسوکەوتی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەرزاوەکانی ڕاگەیاندن لە چالاکییەکانی خۆی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت و قۆستنەوە وخستنەگەڕی لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی بە جەماوەری ئەلیکترۆنی بۆ پێگە ئینتەرنێتیەکەی و هەوڵی شێلگیرانە بۆ بونیادنانی ناوبانگێکی باش و خوڵقاندنی وێنەی هزری چاکی دامەزراوەکە لای جەماوەری دەرەکی.

4. دەستنیشانکردنی سنووری بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییە ئەلیکترۆنییەکان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و دیاریکردنی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنیانەی لەجێبەجێکردنی چالاکی و ئەرکەکانی لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت لەدامەزراوەکە و دەرەوەیدا.
5. دەستنیشانکردنی ئاستی پشتبەستنی کادری بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانیان لەو بوارە، لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییە تایبەتەکان، یان ئەوانەی سەر بە دەزگاکانیان.
6. ئاشکراکردنی ئاستی پشتبەستنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و گرتنەبەری شێوازی زانستیانەی دروست لەو بوارەدا.

لەو دەرئەنجامانەشی کە لەو توێژینەوە بەدیهاتوون ئەوانەن:

1. تۆڕی ئینتەرنێت، ئامرازێکی تەکنیکی هاوچەرخەو بە چەندین جۆر و لە چەندین بواردا بەکار دەهێنرێت، لەم ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەزگا و کۆمپانیاکانەوە وەکوو یەک بەکار دەهێنرێت.
2. تۆڕی ئینتەرنێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەتی تەکنیکی و خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنییە کە دەکرێت لەلایەن کارمەندانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان وڕاگەیاندن لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن (تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی و دەزگای خەندان بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە بە نموونە) بۆ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان و دەزگاکەیان لەناوخۆو دەرەوەیدا بەگەڕبخرێت.
3. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەرکە ڕاگەیاندنەکانیان پەنا دەبەنەبەر تۆڕی ئینتەرنێت و بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی کە پێشکەشی جەماوەری تۆڕەکەی دەکەن، لە رووی

بەدەستهێنانی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان لە هەواڵ و زانیارییە جیاوازەکانی بوارو تایبەتمەندییەکان بە شێوەیەکی ئاسان و راستەخۆ، هەروەها بەکارهێنانی وەکوو ئامرازێکی جاڕدانی ئەلیکترۆنی بۆی، بە مەبەستی ناساندنی جەماوەری ئەلیکترۆنی بە بەرنامە و بڵاوکراوە نوێیەکان.

4. کارمەندان لەڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەردوو سامپلی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی تەواو سوودیان لە خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان وەرنەگرتووە.
5. بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنی بە شێویەکی بەرفراوان و نموونەیی و ئاستێکی بەرز لەلایەن کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان لە هەردوو دەزگای ڕاگەیاندنی ناوبراو بۆ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگاکانیان، چونکە لەهەردوو دەزگاکە تۆڕی ئینتەرنێت زۆرترین بەکارهێنانی هەیە.
6. یارمەتیدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبونیادنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگا ڕاگەیاندنە هاوشێوەکان و ئاژانسەکانی دەنگ و باسی جیهانی، هەروەها لەبونیادنانی پەیوەندیی کارلێکی ئەلیکترۆنی و پەرەپێدانی لەگەڵ جەماوەری تۆڕەکەی لەسەر وێب و بەدەستهێنانی لایەنگیریان بۆی و خوڵقاندنی ناوبانگی باشی دەزگاکە لای جەماورەکەی.

**2/ توێژینەوەی ئاواز حسن اسماعیل (چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان) توێژینەوەیەکی رووپێوی شیکارییە، زانکۆی سەلاحەدین، 2015**

ئەم توێژینەوەیە باس لە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی هەشتەمدا، واتە ئاماژەکردن بەسەرجەم چالاکییەکانی ئەو وەزارەتانە و چەندێتی چالاکبوونی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی رووپێوی بەکار هێناوە بۆ لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە.کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (55) کارمەندە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

1. زانینی جۆری ئەوچالاکیانەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەزارەتەکان ئەنجام دەدات.
2. دیاریکردنی سروشتی ئەو کێشە و کەم وکورپییانەی کەرووبەڕووی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان دەبنەوە لەوەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
3. زانینی ئەو شێوازو ئامرازانەی کەبەشی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ چالاکییەکانیان بەکاریدەهێنێت.
4. زانینی چۆنییەتی گرنگی پێدانی کارگێری باڵا بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.
5. زانینی ڕێژەی گرنگیدان بە لایەنی پسپۆڕی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.
6. شیکردنەوەی ئاستی گرنگی پێدانی فەرمانبەرانی پەیوەندییە گشتییەکان بە کارەکانیان.

ئەو دەرئەنجامانەشی کە لەو توێژینەوەیە بەدەست هاتوون ئەوانەن:

1- لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە بەشی پەیوەندییەکانی سەرجەم ئەو وەزارەتانەی کە دیاریکراون بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە، ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.

2- لەبەشی پەیوەندییەکانی سەرجەم ئەو وەزارەتانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە هیچ پلانێکی تایبەتیان بۆ بواری پەیوەندییە گشتییەکان نییە، هۆکاری نەبوونی پلانیش دەگەڕێتەوە بۆ نەشیاوی بەرپرسەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و کەسانی پسپۆڕ، لەهەمان کاتیشدا بەشی پەیوەندییەکان هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە بۆ دانانی پلان بۆ کارەکانی بەشەکە.

3- لەتوێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە ئەو وەزارەتانەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان کەم و کورتی هەیە لە چالاکییەکانیان،

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی فەرمانبەری پسپۆڕ لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان.

4- توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوتووە کەوا هەموو تایبەتمەندییەکان گرینگە بوونیان هەبێت لەکارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، بەڵام بەڕێژەیەکی بەرز بە هەمیشەیی توانای زانستی پێویستە بوونی هەبێت.

5- لەتوێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کەوا بەشی پەیوەندییەکانی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم توێژینەوە ئەنجام دەدەن بۆ زانینی یاخود وەرگرتنی فیدباکی هاوڵاتیان دەربارەی چالاکییەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان.

6- توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوتووە کەوا ئەو کارمەندانەی لەبەشی پەیوەندییەکانی وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاردەکەن پسپۆڕێتیان نییە لەبوارەکەی خۆیاندا و زۆربەیان خاوەنی پسپۆری ترن.

## 2-.توێژینەوە عەرەبییەکان

**1-توێژینەوەی بلال وانیس، " المواقع الكترونية للعلاقات العامة في المؤسسات الحكومية، دراسة المقارنة بين موقعي بين جامعة بسكرة و رقلة"،(2014)**

ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی شیکاریە، گرفتی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ڕادەی کاریگەری بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان هەروەها دەستنیشانکردنی ڕادەی درک پێکردنی ستافی پەیوەندییە گشتییەکان بەگرنگی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کاروباری دامەزراوە حکومیەکان، کەدەبێتە هۆی دروست بوونی وێنەیەکی هزری ئەو دامەزراوە لەلای جەماوەر و بوونی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری دەرەکی.توێژەر میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەرۆک و تێبینی و چاوپێکەوتن داتا و زانیارییەکانی کۆکردووەتەوە.

سامپڵی ئەم توێژینەوە بریتییە لە هەردوو پێگەی زانکۆی بسکرە و رقلە، کە توێژەر شیکاری بۆ ناوەرۆکی ئەم دوو پێگەیە کردوە بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی سروشتی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەی زانکۆ حکومیەکان.

لەهەمانکات کۆمەڵێک ئامانجی تریش لەخۆ دەگرێت کە ئەوانەن:

1. زانینی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەزانکۆکان.
2. دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی و ئامراز و ناوەڕۆکی جیاکەرەوەی پێگەی ئەلیکترۆنییەکان لە زانکۆکاندا.
3. دەستنیشانکردنی سروشتی دیزایین و خزمەتگوزاری پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان.
4. دیاریکردنی ئەو شێوازانەی کە لەپێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان بەکاردێن بۆ زیاتر دروستکردنی کاریگەی.
5. دەسنیشانکردنی چۆنییەتی دروستکردنی وێنەی هزری بۆ دامەزراوەکە لای جەماوەر لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنییەکانەوە.

ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم توێژینەوە بەدەست هاتوون ئەمانەن:

1- پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان زیاتر وەک نێوانێکی ناساندن و پەیوەندی ڕۆڵ دەگێڕێت لەنێوان دامەزراوەی زانکۆکان و جەماوەردا.

2- تایبەتمەندی و ئامراز و ناوەڕۆکی جیاکەرەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان پەیرەوی لە ستراتیژی کارکردنی دامەزراوەی زانکۆکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەری بەئامانجگیراو دەکات.

3- پێگەی ئەلیکترۆنی هەردوو زانکۆکە تاڕادەیەک نوێکاری تێدا کەمە و زیاتر بەشێوازی کلاسیکی ناوەرۆکەکانیان بڵاودەکەنەوە.

4- پێگەی ئەلیکترۆنی هەردوو زانکۆ قالبی دیاریکراو نییە بۆ شێوازی نوسین و دیزایین و بڵاوکردنەوە، بەڵکو شێوازەکان جۆراو جۆرن.

**2)- توێژینەوەی امنة عیادی و فاطمه کاتب، " دور تکنولوجيا التصال الحديثة في تفعيل أداء العلاقات العامة في المؤسسة الخدماتية"،(2016)**

بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکانی پەیوەندییەکان بۆتە پێویستییەکی گرنگ لەهەموو دامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا.لێرەدا گرفتی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، کە ئەم دامەزراوانە بێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ ناتوانن بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن و خزمەتێکی باش پێشکەش بکەن هەروەها ڕەزامەندی جەماوەر بەدەست بهێنن.

توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، کە لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن داتا و زانیارییەکانی کۆکردووەتەوە.کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت لەوڵاتی جەزائیر کە سامپڵێک بەشێوەی مەبەستدار لەو کۆمەڵگەیە بەنموونە وەرگیراوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیە پرسیارێکی سەرەکی ئاراستە کردووە بریتییە لە " ڕۆڵی تەکنەلۆژیای پەیوەندی چییە لەکاراکردنی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە خزمەتگوزاریەکان؟

هاوکات ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانج لەخۆ دەگرێت بریتین لە:

1.زانینی ڕێژەی بەشداریکردنی ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەباشترکردنی کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵە.

2.زانینی بیروبۆچوونی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت لەهەمبەر بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەکاری پەیوەندییە گشتییەکان.

3.دەستنیشانکردنی گرینگترین ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کە بەکاردێت بۆ باشتر کردنی کاروباری پەیوەندیە گشتییەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت.

ئەو دەرئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون لەم توێژینەوەیە ئەوانەن:

1- ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە لەکاراکردنی پەیوەندییە گشتییەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت لەخێراکردنی کارەکانی و ئاسانکردنی پەیوەندی بە جەماوەری ناوەکی و دەرەکی و خێرایی لەبەدەست گەیشتنی زانیاریەکان.

2- بوونی ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی بۆتە پێویستیەکی زۆر گرنگ کە پشتی پێ دەبەستری لەتەواوی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت بە تایبەت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.

3- بە هۆی بەردەست بوونی ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ هەماهەنگی بکات لەگەڵ تەواوی ستافی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەوڵەت و هەروەها تەواوی یەکە ئیداریەکانی دەوروبەری بەسەرجەم بەشەکانیانەوە.لەو ڕێگەیەوە زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن و کارلێک و پەیوەندی بەردەوام لەئارادا دەبێت.

4- بوونی ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی ڕۆڵیکی گرنگ دەبینیت لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و پێدانی زانیاری و ڕێنماییە تایبەتەکان، هەروەها ڕۆڵی هەیە لەگەیاندنی خزمەتگوزاری بە ژمارەیەکی زۆر لەجەماوەری دەرەکی.

## 3- توێژینەوە بیانییەکان

**1.-Emily Muhadia Sakali,(" Examining the use of social media in public relations practice in the Kenyan government: a case of immigration department") Nairobi(2017)**

کێشەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە زانینی ڕادەی کاریگەری تاقیکردنەوەی ئامرازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان(سۆشیال میدیا) لەپەیوەندییە گشتییەکان لەحکومەتی کینیا. پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت (تویتەر و فەیس بووک) دەتوانێ ئالوگۆڕی زانیاری بکات لەگەڵ جەماوەری بەئامانجگیراو و ڕەزامەندییان بەدەست بهێنێت.لەگەڵ ئەوەش دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان ڕێکخراوەکان و حکومەتی کینیا دروست بکات.

کۆمەڵگەی توێژینەوەی بریتیە لە: بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکان و کارمەندانی کاروباری کۆچبەران لەناوچەکانی نیرۆبی وممباسا وکیسومو لەکینیا.

سامپڵەکەشی بریتیە لە(10)بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکان و (180) کارمەندی کاروباری کۆچبەران لە کۆی(1800) کارمەند.جۆری ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و توێژەر پشتی بەستوە بە میتۆدی ڕووپێوی، لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی داتا و زانیارییەکانی کۆکردووەتەوە.

لەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانج هەن کە ئەوانەن:

1- زانینی جۆری ئەو ئامرازانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندییە گشتییەکان بەکاری دێنێت بۆ بەڕێوەبرنی کاروباری کۆچبەران.

2- زانینی ڕێژەی کاریگەری بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕووی بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچبەران.

3- زانینی جۆری ئەو فاکتەرانەی کە باشترین ئامرازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات کە بەکاربێت بۆ پراکتیزەکردنی کاری پەیوەندییە گشتییەکان بۆ کاروباری کۆچبەران.

گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی بەدەستی ئەم توێژینەوە هاتوون ئەوانەن:

1- ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو و فراوان بەکاردێت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کە زیاتر (Facebook) و(Twitter) و(Whatsapp) لەخۆدەگرێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەنێوان حکومەت و جەماوەر و بۆتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیان.

2- ئامرازی (Facebook)و(Twitter) بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێنماییەکان و دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری دەرەکی بەکاردێت، چونکە ئەم دوو ئامرازە زیاتر لەلایەن جەماوەر بەکاردێت.بەڵام بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان تاکەکانی جەماوەری ناوەکی ئامرازی (WhatsApp) بەشێوەیەکی ڕۆژانە زیاتر بەکاردێت بەهۆکاری ئەوەی لایەنی ئاسایشی زیاتر پارێزراوە.

3- بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەرە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەبەدەستهێنانی ئامانجەکانی لە رووی کاروباری کۆچبەران ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی گوتاری زانیارییەکان و ناوەڕۆکی پروپاگەندە و ڕێنماییەکان، هەروەها لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاوڵاتی پێشنیار و راسپاردەی تایبەت دەنێرێت کە سوودبەخشن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.

4- بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەکاتە سەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆچبەران.

2)- Abdulhadi A Imfleah,("Social media use by public relations department in Saudi Arabia"), Salford (2017).

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تا چ ڕادەیەک بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان(سۆشیاڵ میدیا) بەکاردەهێنێت لەراپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان لەدامەزراوە تایبەت و گشتییەکانی سعودیە، هەروەها جەخت کراوەتە سەر گۆڕانکارییانەی ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکات لەبنەمای کاری پەیوەندییە گشتییەکان.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتییە لە وەزارەتی بارزرگانی پیشەسازی سعودی Saudi (MCI The Saudi Ministry of Commerce and Industry) لەگەڵ کۆمپانیای سعودیە بۆ پەیوەندییەکان Saudi STC(The Saudi Telecommunication Company).توێژەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لەگەڵ سەرجەم بەرپرس و کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەم دوو شوێنە داتا و زانیارییەکانی کۆکردووەتەوە.هەروەها لەئامرازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان توێژەر(Facebook) و(Twiter) ی وەرگرتووە.

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانج لەخۆدەگرێت کە ئەوانەن:

2- دەستنیشانکردنی جیاوازی ڕێژەی بەکارهێنانی (Facebook) و(Twiter) لەنێوان دامەزراوە تایبەت و گشتییەکان بۆ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان.

3- زانینی چۆنییەتی بەکارهێنانی(Facebook) و(Twiter) لەلایەن Saudi MCI و Saudi STC بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جەماوەری تایبەت و گشتیدا.

4- دیاریکردنی ڕێگای بەکارهاتوو جگە لە(Facebook) و(Twiter) لەلایەن کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا بۆ پەیوەندییکردن بە جەماوەری بەئامانجگیراو و گشتیدا.

5- دەستنیشانکردنی ئەو هەڵانەی کە لەئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەردەست دەبێت پێویستە لەلایەن کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا بقۆزرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

لەگرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی دەست ئەو توێژینەوە کەوتوون ئەوانەن:

1- کۆمپانیای پەیوەندییەکان لەسعودیە زیاتر(Facebook) و(Twiter) بەکاردەهێنێت لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەوەش بەهۆی جیاوازی سروشتی کار و جەماوەری بەئامانجگیراو.

2- پەیوەندییە گشتییەکان لەهەردوو سامپڵی ناوبراو (Facebook) و(Twiter) بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان و گەیاندنی زانیاری تایبەت و پەیوەندیدار بۆ جەماوەر بەگشتی.

3- توێژینەوەکە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەدان بە کوالێتی کاری پەیوەندییە گشتییەکان و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ جەماوەر دروستی دەکەن.

4- بەکارهێنانی (Facebook) و(Twiter) بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەدروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەردا.

5- بەکارهێنانی (Facebook) و(Twiter) بۆ پەیوەندییە گشتییەکان هەلی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن و زیاتر بەدەستهێنانی رای جەماوەر دەبەخشێت بە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە تایبەت و گشتییەکاندا.

6- توێژینەوەکە پیشانی داوە کە هەردوو کۆمپانیای پەیوەندییەکان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم جۆرەکانی تر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن جگە لە(Facebook) و(Twiter) بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.

## گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەر هەوڵیداوە توێژینەوە پێشوەکان وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەو چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بەکاربهێنێت.

ئەم توێژینەوە پێشوانەی لەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو ژمارەیان شەش توێژینەوەیە کە لەسێ بواری سەرەکی ئەنجامدراون، هەر یەک لەم بوارانە لەخۆدەگرێت (پەیوەندییە گشتییەکان، ئامرازەکانی میدیای نوێ، کارگێڕی گشتی و دامەزراوە حکومیەکان).

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە پێشووەکان ناوچەی جوگرافی بۆ سێ تەوەر پۆلێنکراون (توێژینەوە بیانییەکان، توێژینەوە عەرەبییەکان، توێژینەوە کوردستانییەکان).

توێژەر هەوڵیداوە لەچەند لایەنێک سوود لەتوێژینەوە پێشووەکان وەربگرێت بە تایبەت توێژینەوەی(Emily Muhadia Sakali) و(Abdulhadi A Imfleah) کە بۆ کێشە و ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوە و فۆڕمی راپرسی هەنگاوە زانستییەکانی تر سوودیان لێ وەرگیراوە، بەڵام خاڵی جیاوازی ئەم دوو توێژینەوەیە بریتییە لەوە کە لەئامرازەکانی میدیای نوێ تەنها تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەرگیراوە هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکانیان لایەنێکی دیاریکراویان لەدامەزراوە حکومیەکان وەرگرتوە جیاواز لەم توێژینەوەیە کە کۆی ئامرازەکانی میدیای نوێ وەرگیراون کۆی وەزارەتەکانیش وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە دیاریکراون. لەتوێژینەوەی(Abdulhadi A Imfleah) بەتەنها لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە تەواوی داتا و زانیارییەکان کۆکراوەنەوە.

خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوە لەگەڵ کۆی توێژینەوەکانی پێشوو، لە رووی میتۆدەوە کۆی توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی رووپێویە جگە لەتوێژینەوەی(بلال وانیس) کە میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەی( بەهائەدین ئەحمەد)میتۆدی رووپێوی و شیکاری بەیەکەوە بەکارهێناوە.

لە رووی دەرئەنجامەکانەوە کۆی توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە ئامرازەکانی میدیای نوێ و ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندییکردن بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان بەکاردێن و ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبەرەوپێشبردنی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.هەروەک لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەش دەرکەوتووە.

## بەشی دووەم

# میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان

### تەوەری یەکەم: میدیای نوێ

یەکەم: چەمک و پێناسەی میدیای نوێ
دووەم: سەرهەڵدانی میدیای نوێ
سێیەم: تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ
چوارەم: ئامرازەکانی میدیای نوێ

### تەوەری دووەم/ پەیوەندییە گشتییەکان

یەکەم/ چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان
دووەم/ سیما و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان
سێیەم/ گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان
چوارەم/ ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان
پێنجەم/ ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان
شەشەم/ تایبەتمەندی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان
حەوتەم/ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان

### تەوەری سێیەم/ بایەخی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا

یەکەم/ چەمک و پێناسەی کارگێڕی گشتی
دووەم/ تایبەتمەندییەکانی کارگێڕی گشتی
سێیەم/ پێگەو گرنگی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا
چوارەم/ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا
پێنجەم/ گرنگی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا
شەشەم/ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی میدیای نوێ
حەوتەم/ پەیوەندییە گشتییەکان و حکومەتی ئەلیکترۆنی

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم

## میدیای نوێ

### یەکەم/ چەمک و پێناسەی میدیای نوێ

پێشکەوتنە بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیا و گەیاندن و سەرهەڵدانی ئینتەرنێت گۆڕانکاری بەرچاوی هێنایە ئاراوە لەزۆر بواردا، بە تایبەت لە بواری ڕاگەیاندن و ئامرازەکانیدا، چەندین زاراوە و چەمکی نوێ هاتنە ئاراوە.یەکێک لەو چەمکە نوێیانە بریتییە لە میدیای نوێ(*) "New media" کە ئەم چەمکە لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێراو فراوانەی تەکنەلۆژیاو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان.هەروەها میدیای نوێ لەئەنجامی ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەخشی نوێ و کلاسیکی وکۆمپیوتەر و تۆڕەکانی هاتووەتە ئاراوە. (مەحمود 2015، 13)

ئامرازەکانی میدیای میدیای نوێ وەرچەرخانێکیان دروستکرد لەژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی تاک و کۆمەڵگەکان وایکرد هەریەکێکمان لەژینگەیەکی میدیایی دا بژین، بەهۆی ئەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بە بەردەوامی لەبەردەستدا هەن لەهەر کات و لەهەر شوێنێک بێت، بەدوای هەرجۆرە زانیاریەک بگەڕێین دەتوانێن دەستمان پێی بگات.لەهەمانکاتدا لەخوێندنەوەی ڕۆژنامە لەبەیانیاندا گۆڕا بۆ سەیرکردنی لاپەڕەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان و سەیرکردنی ئیمێڵ کە زۆرترین زانیاری لەخۆدەگرن و بە کلیکێک دەیدەنە بەردەستی بەکارهێنەر. (Moller 2012, 23)

چەمکی میدیای نوێ تەواوی تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن زانیارییە ژمارەییەکان لەخۆ دەگرێت وەکوو بڵاوکردنەوەی نوسین و وێنە و ڤیدیۆ و هەروەها گواستنەوە و بەکاربردنی لەهەمان کاتتدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت یاخود لەهەندێ کاتدا بێ بەکارهێنانی

* میدیای نوێ بە چەندین ناوی جیاواز هاتووە وەك " میدیای دیجیتاڵی، میدیای کارلێککردن، میدیای سەرهێڵ، .....هتد بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی"میدیای نوێ و کاریگەریەکانی" نووسینی: هەردەوان مەحمود، لاپەرە 16

ئینتەرنێت.واتا میدیای نوێ یەکە ماددییەکانی لەڕۆژنامەی کاغەزی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گۆڕی بۆ یەکەی ئەلیکترۆنی واتا بۆ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ژمارەیی، کە وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ بە ڕێگای زۆر پێشکەوتوو پێشکەش دەکرێت و جگە لەوەش هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی بەرنامە و زانیارییەکان زۆر ئاسانە بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە لەناوناچێت. (سکیک 2014، 51)

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لەهەوڵی چڕ و پڕو بەردەوام دان بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی شیاو و ورد و پڕبەپێست بۆ میدیای نوێ، بەڵام بەهۆی فراوانی بوارەکە و فرە ڕەهەندی ئامرازەکانی لەپەخشکردن و وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری وایکردوە نەتوانرێت یەک پێناسە بۆ ئەم چەمکە نوێیەی ڕاگەیاندن بکرێت.بۆیە چەند پێناسەیەکی جیاواز هەن کە بەشێکیان ئەمانەن:

کۆلێژی شریدانی تەکنەلۆژی پێناسەی میدیای نوێ دەکات بەوەی"هەموو جۆرە جیاوازەکانی میدیای ژمارەیی دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی شێوەیەکی ژمارەیی و کارلێککردن پێشکەش دەکرێن"(البابیدی، 2016، 47)

لە پێناسەیەکی تردا میدیای نوێ بریتییە لە "میدیای شێوە جیاوازە(نوسراو و بینراو وبیستراو) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆری وەک(تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و....هتد) کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت دەبەستێت بە ئینتەرنێت بەشێوە جیاوازەکانییەوە. (شیخاني 2010، 442)

میدیای نوێ بریتییە لە "بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ بەرهەمهێنان و پیشاندانی دەق و وێنە و وێنەی جوڵاو لەیەک کاتدا ". (Manovich 1999, 43)

بەپێی پێناسەی گۆڤاری ئەلیکترۆنی(EIMJ[*])میدیای نوێ "بریتییە لە کۆمەڵێک وێبسایتی ئەلیکترۆنی کەفەراهەمکراوە بۆ ئەوەی تاکەکان گوزارشت لەبۆچوون و ئەزموون و

[*] Electronic Interdisciplinary Miscellaneous Journal–مجلة الااكترونية الشاملة متعددة التخصصات

گۆڕانکارییەکان بکەن و پەیوەندی لەنێوان ئەو کەسانەدا دروست بکات کە گرنگی پێدانەکانیان لەیەکەوە نزیکە". (القحطاني 2019، 130)

لە سەرچاوەیەکی تردا میدیای نوێ بەوە پێناسەکراوە " دەستەواژەیەکە بە کاردێت بۆ وەسفکردنی هەموو شێوەکان بەپەیوەندی ئەلیکترۆنی، بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەجیاتی میدیای کۆن، وەک تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ڕادیۆ واتە میدیای جێگیر(static)، و بە تایبەتمەندی گفتوگۆی نێوان دوو لایەن جیادەکرێتەوە لەنێرەر و وەرگر". (صادق 2007، 188)

بە پێی پێناسەیەکی تر کە بۆ میدیای نوێ کراوە بریتیە " تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەدایک بوو لەتێکەڵبوونی نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە کلاسیکەکانی ڕاگەیاندن" ئاماژە بەوە دەدات کە "ژینگەیەکی نوێیە لەپەیوەندی ژمارەیی کەڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵک بەشدار بن لەگۆڕینەوەی ئایدیا و گوێ بیستبوونی دەنگی خۆیان و گواستنەوەیان بۆخەڵک لەتێکڕای جیهان ". (خالد 2009، 174)

لە کۆی ئەو پێناسانەی سەرەوە کەبۆ میدیای نوێ کراون دەتوانین بڵێین میدیای نوێ " ڕێگایەکی نوێی گەیاندنە کە مرۆڤەکان لەسەرانسەری دونیادا و لەهەموو بارودۆخە جیاوازەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگەی بەکاهێنانی ئامرازەکانییەوە، کەئامانجی ئاسانکارییە لەپەیوەندییکردن و زیادکردنی کارلێککردن ".

**دووەم/ سەرهەڵدانی میدیای نوێ**

لەسەرەتای سەدەی بیستەم گەشەکردنێکی زۆر خێرا لە بواری تەکنەلۆژی دەستی پێکرد، زاناکان و ئەندازیارەکان هەوڵیاندا تۆڕێکی پەیوەندی لەنێوان دوو کۆمپیوتەردا دروست بکرێت، کەئەمە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی ئینتەرنێت.( martin lister& others 1st 2003 , 2nd 2009)

ئینتەرنێت بریتییە لە رایەڵێکی کۆمپیوتەری فراوان، کە ئەویش پێکدێت لەچەندین تۆڕی بچوک و بچوکتر تا دەگاتە ئاستی تاکە کەسێک کە بەتەنیا خۆی و کۆمپیوتەرەکەی یان خۆی

و مۆبایلەکەی بەردەستی، بۆی هەیە لەهەر کات و ساتێک هەر شوێن و جێگایەک کە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بەردەست بێت، بچێتە ناو هەرە تۆڕە بەرفراوانەکانی دنیاوە و پەیوەندی دروست بکات.

بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی جەماوەری تاوەکوو هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی پێنەکرد، یەکەمین بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەساڵی(1968) بوو لەپرۆژەیەکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کە گەیاندنیان لەنێوان چوار کۆمپیوتەر دروستکرد، لەسەرەتادا تەنها لە بواری سەربازیدا بەکاردەهات، دواتر وەزارەتی بەرگری ئەمریکا رێگەی دا لەناوەندەکانی توێژینەوە و زانکۆکان بەکاربێت.لەدوایی ساڵی(1985) بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە رێگەی کۆمپیوتەری کەسی "personal computer" پەرەی سەند و رۆژ بە رۆژ ژمارەی بەکارهێنەران رووی لەزیاد بوون کرد. (Jason T. Peifer , 2015, 11)

**سێیەم/ تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ**

میدیای نوێ لەزۆر رووەوە لەگەڵ میدیای باو "کلاسیکی" هەمان تایبەتمەندی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میدیای نوێ کۆمەڵێک تایبەتمەندی تری هەیە وایکردووە کە کاریگەرییەکەی بسەپێنێ بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان، لەدیارترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەوانەن:

1- کارلێککردن: ئەم تایبەتمەندییەی میدیای نوێ رۆڵی بەشداریکردن و گفتوگۆ بەوەرگر دەبەخشێت، واتا کارلێکی راستەخۆی نێوان وەرگر و نێرەر و گۆڕینەوەی راوبۆچوونی راستەخۆ لە نێوانیان.بۆیە پرۆسەی پەیوەندیکردن لەمیدیای نوێ پرۆسەیەکی دوو ئاراستەییە لەنێرەرەوە بۆوەرگر و بەپێچەوانەوەش. (صبحة 2018، 95)

2- توانای گەرۆکی: ئامرازەکانی میدیای نوێ لە هەموو شوێن و جێگایەک دەتوانێ بە کاربهێنرێت و بگوازرێنەوە بۆ شوێنی جیاواز لەماڵ، شەقام، لەشوێنی کار، لەناو ئوتومبێل، بەهۆی بوونی مۆبایلە زیرەکەکان و لاپتۆپ و کۆمپیوتەری بچوک، کە قەبارەیان بچوکە و هەڵگرتن و گواستنەوەیان ئاسانە. بەکارهێنەر دەتوانێ لەشوێنە جیاوازەکان سوودیان لێوەربگرێت. (صونیة 2011، 236)

3- ناجەماوەری بوون: لەمیدیای نوێ دا پەیام دەکرێ ئاڕاستەی تاکە کەسێک بکرێ واتا بە پێچەوانەی میدیای باو کەئاڕاستەی جەماوەرێکی زۆر و فراوان دەکرێت، واتە ڕادەی کۆنترۆڵکردن لە سیستەمی پەیامی میدیادا بەجۆرێک کە پەیامەکە ڕاستەخۆ لە"نووسەر"ەوە بگات بە "خوێنەر". (بولعويدات 2008، 84)

4- بەجیهانیبوون: ژینگەی پەیوەندییکردن لەمیدیای نوێ دا ژینگەیەکی جیهانی و نێودەوڵەتییە و سنووری جوگرافیای تێپەراندووە، واتە لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ وە پەیام دەکرێت ببێتە پەیامێکی جیهانی و لەهەموو دەوڵەتاندا بڵاوببێتەوە. (بربخ 2015، 71)

5- بەردەوامی: ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کۆی کاتەکانی شەوو ڕۆژدا بەردەستن بۆ بەکارهێنان، واتا بەردەوام زانیاری و هەواڵ لەڕێگەیەوە پێشکەش دەکرێت بێ دیاریکردنی کات. (مەحمود 2015، 22)

6- کەمی تێچوون: نووسین و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ تێچووی کەمترە بە بەراورد بە میدیای باو(بینراو و نوسراو خوێنراو) ئەویش بەهۆی پێویست نەبوون بە شوێنی مانەوە و ئامێر و کامێرا و کارمەند و چاپ و کاغەز و..هتد. (د. یوسف 2006، 48)

7- خێرایی: هەواڵ و زانیارییەکان لەساتی ڕووداوی ڕووداوەکان بەخێرایی بڵاودەبێتەوە دەگات بە تێکڕای دەوڵەتان، واتا گەر ڕووداوێک لەوڵاتێکی وەک ئەمریکا ڕوو بدات لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ وە ئێمە لێرە دەتوانین ئاگەداری سات و چۆنییەتی ڕووداوەکە بێت. (علي 2009، 342)

8- ئاسانی لە بەکارهێنان: ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکارهێنانیان ئاسانە و پێویستی بە هەوڵ و زانیاری زۆر نییە، واتا مرۆڤ دەتوانێ لەجێگای نوستنەکەی خۆی لە ڕێگەی مۆبایلێکی زیرەک، ئامرازە جۆربەجۆرەکانی میدیای نوێ لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و وێبسایتەکان بەکاربهێنێت بێ ئەوەی ماندوو بێت، هەروەها پێویستی بەتوانای جەستەیی

و عەقڵی و ڕۆشنبیری زۆر نییە تاکو لەناوەڕۆکی بابەت و پەیامەکان تێبگات، چونکە ناوەڕۆکی پەیامی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەوە جیادەکرێنەوە کە بەزمانێکی سادە و ئاسان بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە بەجیاوازی ئاستەکان دەنوسرێت، تاوەکوو تێگەیشتن لێی ئاسان بێت.ئەم تایبەتمەندییە زیاتر وایکردووە بەکارهێنەرانی میدیای نوێ بەبەردەوامی روو لەزیادبوون بکەن. (الخطاب 2010، 35)

9- ئازادی رادەربڕین: میدیای نوێ ئازادی رادەربڕینی کردە "فاکت" ڕاستەقینە، واتا هەموو کەسێک دەتوانێ بەئازادی بێ بوونی هیچ مەترسی و ڕێگریەک بیروڕای خۆی بنوسێ بڵاوی بکاتەوە و ئاڕاستەی هەموو جیهانی بکات. (مەحمود 2015، 22)

10- تێپەڕاندنی سنووری ڕۆشنبیری: بەتۆڕی ئینتەرنیت دەگوترێت رایەڵەی تۆڕەکان، کەتیایدا هەزاران تۆڕی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و ساڵانەش بەڕێژەیەکی زۆر روو لەزیادبوون و فراوانبوون دەکەن.لەگەڵ ئەم زیادبوون و فراوانبوونەش بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت روو لەزیادبوون دەکەن لەهەموو وڵاتانی جیهاندا لەئەنجامی فەراهەمبوونی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییکردن و هەرزانی تێچوونیان.واتە کۆمەڵگای ژمارەیی گۆمەڵگایەکی فرە رەگەزە و هیچ سنورێکی جوگرافی و ڕۆشنبیری و کلتوریی بوونی نییە لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی گەیاندندا. (مەحمود 2015، 23)

## چوارەم/ ئامرازەکانی میدیای نوێ (New Media Forms)

مەبەست لەئامرازەکان ئەو ڕێگایانەی پەیوەندییکردن و گەیاندنە لەئەنجامی ئاوێتە بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی وەک کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و تۆڕەکان بە ژانری نوێ.ئامرازەکانی فرەچەشن و هەمەجۆرن ڕۆژ بەڕۆژ روو لەزیادبوونێکی بەردەوامدان، لێرەدا بەپێ پێوەری ژمارەی بەکارهێنەران ئەو ئامرازە نوێیانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

## 1.بلۆگ(Blog)

بلۆگ یاخود ویبلۆگ "Weblog"بریتییە لە ویبسایتێکی ناو تۆڕی ئینتەرنێت کە وەک لاپەڕەیەکی کەسی بەکاردێت بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەت و ڕۆژانەی کەسی واتا نووسین و بابەتەکانی ناو هەر بلۆگێک گوزارشتە لەتێڕوانینی کەسێک بۆ بابەتێکی دیاریکراو. (boyd 2006, 6)

فەرهەنگی (Cambridge Dictionary)بەم شێوەیە پێناسەی بلۆگ دەکات کە بریتییە لە "تۆمارکردنێکی ڕێکخراوە بۆ بیرۆکە و ئەزموون و ڕاووبۆچوونەکان لەئینتەرنێتدا، بۆ ئەوەی کەسانی تر بتوانن بیخوێننەوە" (blog 2019)

دروست بوونی یەکەمین بلۆگ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1994) بەناوی "Links.net" کە لەلایەن "Justin Hall"لەو کاتەدا قوتابی زانکۆ بووە، ئەوکات پێی نەدەگوترا بلۆگ بەڵکو چەمکی ویبلۆگ بۆ یەکەمجار لەساڵی (1997) لەلایەن "Jorn Barger" بەکارهات، ئەم چەمکەی لەجیاتی "Logging To Web" بەکارهێنا لەکاتی دروستکردنی بلۆگەکەیدا. (Staf Wdd ,2011)

ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنەرانی بلۆگ ڕووی لەزیادبوون کرد بەجۆرێک لەکۆتایی ساڵی (2010) گەیشتە (152) ملیۆن بلۆگی کارا لەتۆڕی ئینتەرنێت، لەماوەکانی ڕابردوودا بەر لەگەشەسەندنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بلۆگ یەکەمین سەرچاوە و ڕێگەی پەیوەندیی بوو لەنێوان تاکەکاندا.

هەروەها بلۆگ ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بازرگانی ئۆنلاین" "Online Business کە بە "Online Marketing"یش دەناسرێت، بواری بۆ زۆر کەس ڕەخساند تا لەماڵەکانی خۆیان دەرامەت بەدەست بهێنن و لە بواری جلوبەرگ و فاشیۆن و کەل و پەل و زۆر پێداویستی تر، فرۆشی خۆیان پەرە پێبدەن کڕیاری زۆر بۆخۆیان دەستەبەر بکەن.لەئێستادا دیارترین نموونەی ئەو ویبسایتانەی ئەو خزمەتگوزارییە فەراهەم دەکات

وێبسایتی(www.blogger.com) کەبەچەند هەنگاوێکی سادە هەموو کەسێک دەتوانێ بلۆگێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات. (Rioja 2018)

بلۆگ کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە کە دەتوانێ پێگەیەکی جەماوەری و تایبەتی یاخود کەسی بێت لەهەمان کاتدا، بۆیە ناوەڕۆک و بابەتە بڵاوکراوەکانی پێویستە هەڕەمەکی نەبێت و بە ستایلێکی گونجاو نوسرا بێت، چونکە گەر بلۆگ هەبێت و خوێنەری نەبێت و سەرنجی کەس ڕانەکێشێت واتە پەیوەندی دروست نەکات ئەوا ئامانجی خۆی ناپێکێت.لەم رووەوە دەبێت ناوەرۆکی بلۆگەکە روون بێت و چەمک و دەستەواژەی بەرچاو تیایدا بەکاربێت جگە لەوەش بابەتەکانی هەمەچەشن و هەمەجۆر بێت لەوێنە و ڤیدیۆ و نەخشە، بۆ ئەوەی رانکی بەدواگەڕانی لەسایتەکانی گەڕاندا بەرزبێتەوە. (Puchmann 2013, 98)

بلۆگ تایبەتمەندی داینامیکی هەیە واتە بەردەوام ئەپدەیت دەکرێتەوە دەتوانین دەستکاری ناوەڕۆک و ستایلەکەی بکەین، جگە لەوەش لەگەڵ تازەترین ڤێرژن و ئەپڵیکەیشنی بۆ بەکاربێنین و بیگونجێت لەگەڵیدا.هاوکات خوێنەر دەتوانێ فیدباکی هەبێت بۆ بابەتەکە و سەرنج و کۆمێنتی خۆی بنوسێت و بەشداربێت لەگەڵ نووسەر.زێدەباری ئەمەش لینکی هاوشێوە لەگەڵ بابەتەکان دادەنرێت تاوەکوو بواری گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر بدات بە خوێنەر و دواتر بگەڕێتەوە سەر بابەتە ئەسڵیەکەی خۆی. (Bronstein 2013, 174)

**2.ویکی(Wiki)**

ویکی جۆرێکە لەوێبسایتەکانی ئینتەرنێت لەکۆمەڵەی "Web2.0"ە کەبەدەستی بەشداربووانی خۆبەخشەوە لەسەرانسەری دونیادا پێکدێت. سەیرکردن، لەبەرگرتنەوە، بەکارهێنانەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ویکی کە بۆ هەموو کەسێک فەراهەم و ڕێ پێدراوە.هەموو بەکارهێنەرێکی ویکی دەتوانێت وتارەکان دەستکاری بکات و گۆڕانکارییەکەی خۆی بەتەواوی ببینێت.نووسەران لەویکیپیدیا پێویستیان نییە بە بەڵگەنامە یان پسپۆڕی لەبوارێکی تایبەت بەوەی کە دەستکاری دەکەن.ئاگاداری هەموو نووسەران و بەکارهێنەران

دەکرێت کە ڕێگەدراوە نوسراوەکانیان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دەستکاری بکرێت.وتارەکان لەلایەن هیچ چاودێرێک پێش بڵاوبوونەوە پێداچوونەوەیان بۆ ناکرێت. (مەحمود 2015، 24)

فەرهەنگی زمانەوانی "Computer Hope" پێناسەی ویکی دەکات بەوەی "بریتیە لە داتا بەیسێکی کراوەی ئۆنلاین، ڕێگە بەهەر بەکارهێنەرێک دەدات بە دەستکاری و زیادکردنی زانیارییەکان". (meaning of Wiki 2019)

وشەی ویکی وشەیەکی زمانی هاواییە، بەمانای "خێرا" دێت، لێرەدا مەبەست لەگەیشتنە بەزانیارییەکان بەشێوەیەکی خێرا.ویکی جۆرێکە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆک کە بەسادەترین داتابەیسی ناو تۆڕی ئینتەرنێت ناسراوە.

ساڵی 1995 "Ward Cunnigham" و "Bo Leuf" هەستان بەدامەزراندنی یەکەمین وێبسایتی ویکی کە وێبسایتی(WikiWikiWeb) بوو، کە وێبسایتەکە بریتی بوو لەکۆمەڵەیەکی هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر کە هەموو کەسێک دەیتوانی بەشداری تێدا بکات و زانیاری بۆ ناوەڕۆکەکەی زیاد بکات و پەرەی پێ بدات. (Rothman 2016)

ویکی وێبسایتێکی ناوەڕۆک کراوە و خۆڕاییە، یارمەتیدەرە بۆ زۆرێک لەڕێکخراوو کۆمپانیاو دامەزراوەکان بەرهەم و بیرۆکە و پڕۆژەکانیان تیایدا بڵاوبکەنەوە و پەرەی پێ بدەن، بێ ئەوەی هیچ سانسۆرو فلتەرێک هەبێت، یاخود ڕێکار و مەرج هەبێت بۆ بڵاوکردنەوە کە ئەمە زۆر هاوکار بوو بۆ بازاڕسازی بە بیرۆکە و کاڵاکان. (faye deters 2010, 128)

هاوکات ویکی ئامرازێکی گرنگی ناوەندە ئەکادیمیەکانە بە تایبەت لە بواری رۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردن، یارمەتیدەرێکی گرنگی فێربوون و دەستکەوتنی زانیارییە بۆ قوتابیان لەناوەندەکانی خوێندندا، زۆر جار قوتابیان بابەت و بیرۆکە و پڕۆژەکانیان لەویکیدا بڵاودەکەنەوە، وەک ئەوەی لەهۆبەی قوتابخانە بن، هەروەها مامۆستاکانیش وەک ئامرازێکی فێرکردن ویکی بەکاردێنن کە دەتوانن وانە و پرۆپۆزەڵ و ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکانیانی لێ بڵاوبکەنەوە، جگە لەقوتابیەکانیان خەڵکان و بەکارهێنەرانی تریش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.زێدەباری ئەمەش ناوەندێکە بۆ ئەنجامدانی کۆرسەکانی ئۆنلاین کە ئێستا بەربڵاوە

لەزۆربەی وولاتان بەکاردێت، لەو ڕێگەیەوە کات و تێچوون بۆ قوتابی و مامۆستا دەگەڕێنێتەوە. (Parker 2007, 60)

### 3.پۆدکاست (Podcast)

زاراوەی پۆدکاست لەلێکدانی هەردوو وشەی(ipod) و(Broadcast) هاتووە، کە بریتییە لە خزمەتگوزارییەک بۆ دەستخستنی فایلی دەنگیی یان ڤیدیۆیی، ئەم خزمەتگوزارییەش هەندێ لەویبسایتەکانی ناو تۆڕی ئینتەرنێت فەراهەمی دەکەن بۆ بەشداربووان.( مەحمود، 2015، 25).بە پێی پێناسەی فەرهەنگی(Collins dictionary) پۆدکاست بریتییە لە"فایلێکی دەنگییە کە هاوشێیوەی رادیۆ و برۆدکاستە، تیادا ڤیدیۆ و فایلی دەنگی لێ داونلۆد دەکرێ و دەتوانرێ لەکۆمپیوتەر گوێی لێ بگیرێت" ('podcast 2019)

داهێنانی پۆدکاست بۆ یەکەم جار لەلایەن هەردوو پرۆگرامەر(Adam Curry) و( Dave Winer) بوو لەساڵی (2004)، لەکاتێکدا بەرنامەیەکیان دروست کرد بەناوی( iPodder) ڕێگەی دەدا بە داونلۆد کردنی رادیۆدی دیجیتاڵی بۆ ناو ئایپۆدەکە، ئەم بیرۆکە دواتر گەشەی پێدراو پۆدکاست دروست کرا.

ناوەڕۆکی هەر پۆدکاستێک پێک هاتووە لەزنجیرەیەک تۆماری دەنگی بە فۆرماتی mp3 کە بەش بەش بە دوای یەکدا ئەپلۆد و پێشکەش دەکرێ، بەواتایەکی تر پۆدکاست وەک بەرنامەی رادیۆ وایە، بەڵام پێویستی بە دامەزراوەیەک و کاتێکی تایبەتی نییە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی بابەت و بڕگەکان. (Watson 2005)

لەپۆدکاستدا هەر کەسێک دەتوانێت پەیامی دەنگی یان ڤیدیۆیی خوی بڵاو بکاتەوە بێ ئەوەی پێویستی شارەزایی زانیاری ورد هەبێت، بەڵکو بەچەند هەنگاوێکی سادە دەتوانێت ئەو کارە بکات.هەروەها پۆدکاست دەتوانێت وەک ئامرازێکی کەسی یاخود جەماوەریش

---

* Adam Curry: پرۆگرامەر و گەشەپێدەری ئینتەرنێتە(internet developer)، لە ساڵی 1964 لە ڤێرجینا لە دایك بووە بە(podfather) دەناسرێت واتە باوکی پۆد بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: /http://curry.com

† Dave Winer: لەساڵی 1955 لە برۆکلین لە دایك بووە، ئەندازیاری کۆمپیوتەرە، ماستەری لە زانستی کۆمپیوتەر هەیە لە زانکۆی ویسکۆنسن، ئێستاش لە نیۆیۆرك دەژیت، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:http://davewiner.com /

بەکاربهێنرێت و پەیامەکە بگات بە زۆترین کەس.هەروەها جیاوازی لەگەڵ ئامرازەکانی تری میدیای نوێ کات و ژمارەی وشە و ناوەرۆک و فایلەدەنگیەکان دیاری نەکراوە و دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندییکردنەکە بەردوام بێت، بۆیە پۆدکاست بە -Long-term connect" " دەناسرێت.لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی پەخشی ڕاستەخۆ دەتوانرێت میوان و کەسانی تریش بێن ناو پەخشەکە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ گفتوگۆ ئەنجام بدەن بێت بۆ قسەکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە یارمەتی دەوڵەمەند کردنی بابەت و ناوەرۆکەکە دەدات. (Tanya Hall 2017)

گرنگییەکی دیکەی پۆدکاست ئەوەیە ئامرازێکی خۆڕایی و ڕێگایەکی زۆر ئاسانە بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی(E- Learning)، کە لە ڕێگەیەوە کۆرسی فێرکردن بە تایبەتی کۆرسەکانی زمان دەتوانرێت چەندین فایلی دەنگی و ناوەڕۆکی دەنگی بە شێوەی MP3 تیایدا بڵاودەکرێتەوە، فێرخواز یاخود گوێگر لەهەرشوێنێک و لەهەر کاتێکدا بێت دەتوانێت لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە گوێی لێ بگرێت، لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی تایبەتەوە داونلۆدی بکاتە ناو مۆبایلەکەی، ئەم جۆرە سیستەمی فێربوونە لەزۆربەری وڵاتان بەکاردێت بە تایبەت لەنێوان وڵاتە دوورەدەستەکانەوە، کە کات و تێچوونی ڕێگا و ماندووبوون بۆ فێرخواز دەگەڕێنێتەوە. (Cebeci 2006, 49)

### 4.کۆڕبەند (Forum)

مەبەست لەکۆڕبەند ئەو وێبسایتانەی تۆڕی ئینتەرنێتە کە ئەندامەکانی بنەمای گرنگی پێدانی هاوبەش و ئارەزەەی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە بە مەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆکردن لە ڕێگەی خستنەرووی بابەت لەلایەن ئەندامەکانی کۆڕبەندوە.فەرهەنگی زمانەوانی ئۆکسفۆرد پێناسەی کۆڕبەند دەکات بەوەی "بریتییە لە وێبسایتێک یان وێب پەیجێک کە بەکارهێنەرەکان دەتوانن پۆست بکەن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هەروەها کۆمێنت و ریپلەی بۆ پۆستەکانی تر بکەن" (Dictionary 2019)

کۆڕبەند (Forum )ڕێگەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا پرسیارکردن و ڕاگۆڕینەوە و وەرگرتنی زانیاری لەیەکتر، هەروەها کۆڕبەند بە" massage board" دەناسرێت واتە وەک لەوحەیەکی نامەگۆڕینەوە وایە.لەکۆڕبەندا کەسێک ئەدمینە کەهەڵدەستی بە بەڕێوەبردن و وەرگرتنی ئەندامەکان، واتە هەر ئەندامێک بیەوێت پۆست بکات دەبێت ئەدمینی کۆڕبەندکە پۆستەکە ئەپروڤ بکات ئەوکات پۆستەکە بڵاودەبێەوە کە ئەمە هاوشێوەیە لەگەڵ شێوازی پۆستکردن لەگرووپەکانی فەیسبووک. (Marsden 2010)

**5.ئەپلیکەیشنەکانی چات( chat application)**

چات یاخود " Chatting" واتا قسەکردنی نێوان دوو کەس یان زیاتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەهەمان کاتدا.چات دەکرێ لە نێوان دوو کەس بێت یاخود بە گروپ لەنێوان چەند کەسێک بێت.(Rouse, 2005 )

چات لەیاهوو ماسنجەر (Yahoo Massenger MSN) دەستی پێکرد کە ناردنی ئیمێل شێوازی کۆنی چات کردن بوو بەڵام بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو پەیدابوونی مۆبایلە زیرەکەکان، ئەم خزمەتگوزارییە زۆر ئاسان بووە بۆ بەکارهێنەرەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین ئەپی جۆراو جۆرەوە، کەچەندین شێوازی لەچات کردن لەناردنی تێکست، وێنە، ستیکەر، هەستەکان، ڤیدیۆ، دەنگ و هەروەها ناردنی فایل بەچەندین فۆرماتی جیاواز لەخۆدەگرێت.بەڕێژەی70%ی بەکارهێنەرەکان سەردانی سایتەکانی هەواڵ دەکەن لە ڕێگەی مۆبایلەوە بۆیە پێوسیت بوو کەڕێگەی پەیوەندیکردن و چاتی ڕاستەخۆ بۆ بەکارهێنەر فەراهەم بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر و ئاسانتر لەپەیوەندیدا بن لەگەڵ جەماوەر، ئەوەش لە ڕێگەی دانانی ئەپلیکەیشنی چات لەنێو وێبسایتەکان.

ئەپڵیکەیشنەکانی چات ڕێگایەکی گرنگی ڕێکلام و بازاڕسازیین، کۆمپانیاو براندەکان لە ڕێگەی ئەپە جیاوازەکانەوە ڕێکلامی کاڵاکانیان بۆ بەکارهێنەرەکان دەنێرن و پەرە بە بەرهەمەکانیان دەدەن کە ئەمە ڕێگەیەکی زۆر کاریگەری ڕێکلامە چونکە ڕاستەخۆ بۆ مۆبایلی بەکارهێنەر دەچێت و دەکەوێتە بەرچاو.هەروەها هەندێک لەئەپەکانی سناپ چات و فەیسبووک

مەسنجەر دەتوانرێ ستۆری و وێنەی لێ بڵاوبکرێتەوە و چەندەها کەس ببینێت.(redbytes,2019)

لێرەدا چەندین ئەپی جیاوازی چات هەن بەڵام بەربڵاوترینیان ئەمانەن:

1- **WhatsApp:** ئەپێکی چاتکردنە، کەبەکارهێنەرێکی زۆری هەیە لەتەواوی جیهاندا لەڕێگەیەوە بەشێوەیەکی سانا دەتوانین پەیوەندی دەنگ و ڤیدیۆ ئەنجام بدەین لەگەڵ ناردنی تێکست و فایل و وێنە.واتس ئاپ لەلایەن پرۆگرامەرێکی ئەمریکی بەناوی " Jan Koum" لەساڵی 2009 دروستکرا. (Shinal 2018)

2- **Viber**: خزمەتگوزارییەکی پەیوەندییکردنی ئەلیکترۆنییە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی دەنگی و ڤیدیۆیی لەهەمانکاتتدا، هەروەها ناردنی فایل و وێنە و نووسینی تێکست بۆ هەرکەسێک لەهەرکوێیەکی دونیا بێت کە بەماوەیەکی کەم.ڤایبەر لەلایەن "Talmon Marco" لەساڵی 2010 دروست کرا کە ئێستا ناوبراو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ڤایبەرە.داهێنانی ڤایبەر چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کاتێک "Talmon" لەنیۆیۆرک دەژیا کچە هاوڕێکەی لەهۆنگ کۆنگ دەژیا کە زۆر دوور بوون لەیەکتر و ڕۆژانە کاتێکی زۆر لەڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندییان بەیەکتر دەکرد بەمەش تێچووی زۆر لەسەر دەوەستا، ئەمە وای لە"Talmon" کرد بیر لەڕێگایەک بکاتەوە بەشێوەیەکی خێرایی بتوانن پەیوەندی بەیکەوە بکەن.لەئەنجامی ئەم بیرۆکە توانی ڤایبەر دابهێنێت.لەساڵی 2010 لەماوەی 24 کاتژمێر دوای بڵاوبوونەوەی ئەپی ڤایبەر نزیکەی (100 )هەزار بەکارهێنەر تۆماریان کرد، شایەنی باسە لەئێستادا ڤایبەر نزیکەی(200) ملیۆن بەکارهێنەری هەیە لەجیهاندا کەزۆرینەی لەئاسیادایە. (Sakawee 2013)

3- **Facebook Messenger:** خزمەتگوزارییەکی نامە ناردنە لەلایەن کۆمپانیای فەیسبووک لەئابی(2011 )دروستکرا.کە ئێستا هەر لەلایەن فەیسبووکەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام وێبسایت و ئەپەکەشی سەربەخۆیە و جیاوازە لەفەیسبووک، واتا بۆ ئەوەی مەسنجەر بەکاربهێنی مەرج نییە ئەکاونتی فەیسبووکت هەبێت بەڵکو دەتوانی ئەپی

مەسنجەر داونلۆد بکرێت و کاری پێبکرێت.مەسنجەر دەکرێ پەیوەندی نێوان دوو کەس یاخود گروپ بێت و پەیوەندی بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن، هەروەها جگە لەنامە ناردن خزمەتگوزاری ناردنی دەنگ و وێنە و ڤیدیۆو فایل و هەروەها ستیکەر و ئیمۆجی لەخۆ دەگرێت. (Moreau 2019)

4- **Snap chat**: سناپ چات ئەپێکی ناردنی نامە و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیە، کە لەسەرەتادا تەنها بۆ ناردنی وێنە بوو، دواتر لەساڵی (2013)پەرەی سەند و ڤێرژنی نوێی دروستکرا خزمەتگوزاری بۆ دەستکاری وێنە و زیاد کردنی فلتەر بڵاوکردنەوەی ستۆری و چەندانی تری بۆ زیادکرا.سناپ چات لەساڵی (2011)لەلایەن " Evan Spiegel " دروستکرا لەکاتێکدا تەمەنی (27)ساڵ و قوتابی زانکۆی ستانفۆرد بوو.شایەنی باسی سناپ چات لەساڵی (2012) بە کۆمپانیای فەیسبووک فرۆشرا بەبڕی 1 ملیار دۆلار. (Hern 2017)

5- **Wechat**: ئەپێکی پەیوەندیکردنە کەنزیکەی یەک ملیار بەکارهێنەری لەهەموو جیهاندا و زۆرینەی بەکارهێنەرانی لەوڵاتی چینن.ویچات لەساڵی(2011)لەلایەن کۆمپانیای " Tencent" دروستکرا کەیەکەمین کۆمپانیای بواری مارکێتینگە لەئاسیادا.ویچات لەسەرەتادا تەنها خزمەتگوزاری چاتکردنی هەبوو، دواتر پەرەی پێدرا و تایبەتمەندی وەک بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ و هەروەها کڕین و فرۆشتنی بۆ زیادکرا، شایەنی باسە لەوڵاتی چین زۆربەری پارەدان لەڕێی ئینتەرنێتەوە لە ڕێگەی ویچاتەوە ئەنجام دەدرێت. (Kharpal 2019)

## 6.تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان( Social Networking Sites)

ئامانجی بنەڕەتیی تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بۆ بەستنەوەی خەڵکە لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێەوە بۆ ئەوەی لەپەیوەندیکردنی بەردەوامدابن، جا چ لەڕێگەی چاتکردن، گۆرینەوەی نامە و وێنە و بابەتی دیکە یان بە ئاگابوون لەدید و بۆچوون و چالاکییە جۆراو جۆرەکانی یەکتر. (سکیک 2014، 64)

لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییانە، بەکارهێنان و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیشیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەگەر لەسەرەتادا هەندێک لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە لەئامرازێکی سادە و ساکار لەدامەزراوەیەکی دیاریکراوی زانستی بە نموونە وەک زانکۆ یان پەیمانگایەک بۆ بەستنەوەی گروپێک خوێندکار، فەرمانبەر یان مامۆستا بووبێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بووبێت، ئەوا لەڕۆژگاری ئەمرۆدا ئەو چوارچێوە جوگرافییە بەرتەسکەو ئەو مەودا سنووردارەی بەکارهێنان و دیزایینە سەرەتاییەی تێپەڕاندوە، بۆ ئەوەی وەک ئامرازێکی فرە کار (Multi Function) بۆ کۆمەڵێک مەبەست و لەسەر ئاستی جیهان و بۆ هەموو چین و توێژێک و تەمەنێک بەکاربێت. (Loveet 2011, 15)

لەبەر ئەوە پێناسەکەشی گۆڕانی بەسەر هاتووە، ئەگەر پێشتر پێناسەی بەوە کرابێت"تۆڕێکی ئینتەرنێتی کۆمەڵایەتییە بۆ بەستنەوەی هاوڕێیان لەڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانە وە لەشوێنێکی دیاریکراو دا" ئەوا ئەمرۆ ئەو خوێندنەوە بەرتەسکە مافی خۆی نادات.هەرچە ندە هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەرووکارەکەیدا پێناسەیەکی کورتی بۆ خۆی کردوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین پێناسەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەم جۆرە بکەین "ئامرازێکی ئۆنلاینە خەڵک لەڕێگەیەوە دەتوانێت کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلەکانیان بەکاربهێنن بۆ پەیوە ندییکردن بەکەسانی دیکە و نمایشکردنی دید و بۆچوون و قسەکردن لەسەر بابەتە جیاوازە کان و ئالۆگۆکردنی دەقی نووسڕاو، یان وێنەیی یان ڤیدیۆیی بەبێ هیچ سانسۆرێک هەروەک ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات پرۆفایلی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و کۆمێنت لەسەر پۆست و بڵاوکراوەی کەسانی دیکە بدەن و لیستی تایبەت بەهاوڕێیان دروست بکەن، کە

خۆیان مەبەستیانە لە  پەیوەندیدا بن لەگەڵیان". (بربخ 2015، 80)

ئەم ویبسایتانە لەناو ویبسایتەکانی نەوەی (Web2.0)دا پۆلێن دەکرێن، بۆیە بەکۆمەڵایەتیش ناوبراون چونکە بەکارهێنانی ئەو ویبسایتانە دەتوانێ ئەو کەسانە بناسێ کە بایەخدانی هاوبەشیان هەیە لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا و ویبسایتی زۆرتریش بناسێ کە لەو بوارانەدا تایبەتمەندن و جێبایەخی ئەون.هەروەها بەشداری بکا بەدانانی وێنە و بیرەوەری و پرۆفایلی خێزان و هاورێیان و هاوکارانی لەشوێنی کارکردنیدا، لەهەموو بەشەکانی جیهاندا ئەو  ویبسایتە کۆمەڵایەتییانە بەشێوەیەکی زۆر گەورە بڵاو بوونەتەوە کەبوونە هۆی شکاندنی سنووره جوگرافییەکان و وایان لەو جیهانە پان و بەرینەکردووە کە وەکو گوندێکی بچووکی لێ بێت و دانیشوانی بەیەکترەوە گرێدراون، وردە وردە ئەو ویبسایتانە پەرەیان سەند تا بوونە بەناوبانگترین ئەو ویبسایتانەی کەلەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا سەردانیان دەکرێ، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی کەلە بواری گەیاندندا ئەمرۆ لەجیهاندا بەرپابووە، ناوبانگی ئەو ویبسایتانە لەناو کۆمەڵ بەگشتی و لاوان بە تایبەتی زۆر ناویان دەکردوە. (Liu 2010, 750)

ویبسایتی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەو لاپەڕانەی وێب کە تێکەڵاوبوونێکی چوست و چالاک لەنێوان ئەندامەکانی لەناو ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییانەدا ئاسان دەکەن کە لەناو ئینتەرنێتدا هەن و مەبەستیش لێیان دابینکردنی هۆیە جیاوازەکانی بایەخدانە لەوانەی کەیارمەتی تێکە ڵبوون لەنێوان ئەندامەکانی دەدەن، دەکرێ ئەوانەشی تێدا ئەنجام بدرێ وەک نامە گۆڕینەوە ی دەم ودەست، قسەکردن، فایل گۆڕینەوە، بەکۆمەڵ و دەستە لەگەڵ یەکتر گفتوگۆکردن، پۆستی ئەلیکترۆنی. ئەو ویبسایتە کۆمەڵایەتییانە لەسەر داتابەیسی سێرڤەری زەبەلاح دادەمە زرێن بۆ ئەوەی پەیوەندییکردن لەنێوان بەکارهێنەرانی جۆراوجۆردا دابین بکات و ڕێگەی گۆرینەوەی فایلەکان بدا و قسە لەگەڵ یەکترکردن برەخسێنێ، بەتایبەت قسەکردنی دەمودە ست، سەرباری گەلێک جۆرە خزمەتگوزاری دیکە، ئێستا نزیکەی (٢٠٠) ویبسایتی جیهانی هە یە کەوەکو ویبسایتی کۆمەڵایەتی پۆلێن دەکرێن. (Boyd 2007, 2)

ئێستاش ژمارەیەکی زۆری(social networking sites) بوونیان هەیەکە سەدان ملیۆن

بەکارهێنەرو بەشداربوویان هەیە لەهەموو جیهاندا و هەریەکەو بە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی لەیەکتر جیادەکرێنەوە، ئەگەرچی لەئامانجدا یەک دەگرنەوە، بەڵام دیارترین ئەو وێبسایتانە فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرام و یوتیوبە. (Sherman 2013, 50)

**سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بۆ ساڵی(١٩٩٥) دەگەڕێتەوە کاتێک بۆ یەکەمجار وێبسایتێک بەناوی(www.classmate.com)پەیدابوو دواتریش لەساڵی(١٩٩٧) وێبسایتێکی دیکە بەناوی(www.sixdegrees.com) دەرکەوت، ئەم وێبسایتانە ڕێگەیاندا بەکۆمەلێک کەس کە ئەکاونت و لیستی هاوڕێیان بۆ پەیوەندیکردن بەیەکتر دروست بکەن، ئە م خزمەتگوزارییەی ئەم وێبسایتانە لەماوەی دوو ساڵدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد تا وایلێهات چەندین ملیۆن ئەندام ئەکاونتیان تێدا هەبێت، بەڵام ئەم خزمەتگوزاییە نێتورکینگە زۆری نەخایاند و تەنها ٣ ساڵ بەردەوام بوو، لەساڵی(٢٠٠٠)دا داخرا.جگە لەمە هەوڵی دیکە ی هاوشێوە هاتنە ئاراوە، بۆ نموونە هەر لەگەڵ دروستکردنی ئەم خزمەتگوزارییەی نێتوێرکینگە لەلایەن (www.sixdegrees.com)، لەماوەی (١٩٩٧) تاوەکو(٢٠٠٠)، چەندین وێبسایتی تریش بۆ هەمان ئامانج و مەبەستی خزمەتگوزاریی نێتوێرکینگ و ڕێگەدان بە بە کارهێنەرانی بۆدروستکردنی ئەکاونت و پرۆفایلی تایبەت بەخۆیان هاتنە ئاوارە، بۆ نموونە blackplanet, asianavenus and migente دیارترینیان بوون. (ریان 2012، 12)

لەدیارترین تۆڕە کۆمەڵاتییەکان بە پێی پێوەری ژمارەی بەکارهێنەران ئەمانەن:

**1/ فەیسبووک (Facebook)**

فەیسبووک وێبسایتێکی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتییە دەتوانێت بەخۆرایی تێیدا بەشداری بکرێت و لەلایەن کۆمپانیای فەیسبوک وەک خاوەندارێتی تایبەتی بەڕێوەدەبردرێت، بەکارهێنەران دەتوانن بەکارهێنەری دیکە زیاد بکەن بۆ لیستی هاوڕێیەتی خۆیان هەروها دەشتوانن نامەی تایبەتیی بۆ یەکتری بنێرن، ئەوەش لەبیرنەکەین کەدەتوانرێت پەڕەی زانیارییە

تاکە کەسییەکان پرۆفایل نویٚ بکەنەوە و هاوڕێی نوێ بناسن لەڕێی فەیسبووکەوە. (الرعود 2012، 43)

فەیسبووک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی توانیویەتی بەشێوەی تۆڕێکی فراوان سەرتاپای جیهان بە خۆیەوە گریٚ بدات، ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە وەک داهێنانێکی نوێی بواری تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەلایەن مارک زۆکەربێرگ و بەهاوکاری هەریەکە لەخوێندنکاران داستین مۆسکۆفیز و کریس هیوز لەساڵی(٢٠٠٣) دامەزرا، سەرەتا بیرکەی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییە لەناو( ٩ )خوێندکاری زانکۆی هارفارد تاقیکرانەوە پاشان بیرۆکەی فەیسبووک بەسەرکەوتویی لەناو زانکۆی هارفارد کاری پێکرا، دواتر بیرۆکەکە لەئاستی زانکۆی هارفارد تێپەڕی و دواتر پەرەی پێدرا بۆ ئەوەی بوار بۆ قوتابیانی هەموو زانکۆکان بە گشتی برەخسیٚ بۆ ئەوەی لەو وێبسایتەکەدا بەشداری بکەن و سەرجەم ویلایە تە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا گرتەوە، لەساڵی(٢٠٠٥) لەو وڵاتە نزیکەی(23)ملیۆن هاووڵاتی ئەمریکی بوونە ئەندام و بەشداربووی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ئەوە بوو لەساڵی(٢٠١٠) کێرڤی بەشداربووانی فەیسبوک لەسەرتاسەری جیهان بەرزبوویەوە بۆ(٥٠٠) ملیۆن کەس. (عبدالحمید 2012، 206). بەپێی نوێترین ئاماری بەکارهێنەران، لە جیهاندا 2.32 ملیار ئەکاونتی کارا لە فەیسبووک هەیە. (Mohsin 2019)

ئەمڕۆ فەیسبوک بەگەورەترین و بەناوبانگترین وێبسایتەکۆمەڵاتییەکان دادەنریٚ کە تایبەتمەندە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ویەکترناسین و دروستکردنی هاوڕێیەتی، وێبسایتەکە تەنیا بۆ کەس و چین و توێژێکی دیاریکراو نییە بەڵکو تۆمارکردن تێیدا بەخۆڕاییە و ئاسانیشە، هەموو کەسێک دەتوانیٚ بەکاری بهێنێت، ئەم وێبسایتە بە تۆڕێکی راگەیاندنی گە ورە ئەژمار دەکریٚ کە چەندین کەس بەکاریان هێناوە بۆ بەرپاکردنی هەڵمەتی ڕێکلامکردن یان بازارسازی بۆ بەرهەمێکی دیاریکراو، هەروەها پیاوانی سیاسەتمەداری ئەمریکی بۆ راکێشانی دەنگی دەنگدەران لەهەڵبژاردنەکانیاندا بەرکاریان هێناوە، ئەوەندە بەسە بڵێن کەپشتیوانی کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمەریکا (باراک ئۆباما) لەکاتی خۆی فەیسبوکیان بەکارهێنا

بۆ راکێشانی دەنگی گەلی ئەمەریکا. (Jackson 2017)

دامەرزێنەری فەیسبوک مارک زوکەربێرگ لەدایکبوونی ١٢ی مایسی(١٩٨٤) و ئێستا بازرگان و پرۆگرامسازێکی ئەمەریکییە و وەکو بەڕێوەبەرو سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای فەیسبوک کاردەکات، خاوەنی وێبسایتی فەیسبوکە. (Edosomwa 2011, 6)

**2/ تویتەر(Twitter)**

ئەم وێبسایتە ناوەکەی لەچەمکی (twitte)ەوە هاتووە.تویتەر پێگەیەکی بەرفراوانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و سەرنج و بۆچوونە کەسیەکان لە ڕێگەی پەیامێکی کورت، دەکرێت لینک یاخود وێنە و ڤیدیۆ یان هەر کەرەستەیەکی تری ئۆنلاین بێت تێیدا بڵاوبکرێتەوە.هەموو کەسێک دەتوانێت ئەکاونتی بەشێوەی خۆڕایی لەتویتەر هەبێت، لەهەموو بارودوخێک بەکاربێ، بە تایبەت لەتوێژەر و کەسانی سیاسی و تایبەتمەند زیاتر تویتەر بەکاردەهێنن. (Maclean 2013, 295)

تویتەر لەلایەن "Jack Dorsey " ەوە دروستکرا کە لە21ی مارسی ساڵی(2006) یەکەم تویتی بڵاوکردەوە و نوسی " just setting up my twitter "، بیرۆکەی دروستبوونی تویتەر لەوە سەریهەڵدا کە"Jack Dorsey" لەکاتێکدا کە وێب دیزایینەربوو لەکۆمپانیای Odeo، دەیویست تێکست بۆ هەموو هاوڕێکانی بنێرێت و بتوانن بیخوێننەوە لەیەک کاتدا لەمۆبایل و کۆمپیوتەریش بکرێتەوە.لەسەرەتادا پێگەکە بەناوی(twttr)بوو بەڵام دواتر گۆڕدرا بۆ(Twitter). (Mohammadi 2018, 6)

بڵاوکردنەوەی پەیام لەتویتەر کەپێی دەڵێن تویت ژمارەی پیتەی دیاریکراوە کە دەبێت لە(140) پیت زیاترنەبێت، زۆرترین تویتەکان بەزمانی یابانی و ئینگلیزین، چونکە لەیابان تویتەر یەکەمین تۆڕی کۆمەڵایەتییە لەڕێژەیی بەکارهێنەران.تویتەر ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەگۆڕانکارییە بەرچاوەکانی سیاسیەکان لەجیهاندا بۆ نموونە لەخۆپیشاندانەکانی شەقامی ئێرانی لەساڵی(2009) لە ڕێگەی تویتەرەوە ئەحمەدی نەژاد هەواڵ ڤیدیۆی پەلاماردانەکانی

ئەوکاتەی دەسەڵاتی ئێرانی دژی خۆپیشاندەران بڵاودەکردەوە، کەدواتر وایکرد ئەحمەدی نەژاد بەهۆیەوە سەرکەوتن لەهەڵبژاردنەکاندا بەدەست بهێنێت. (الرعود 2012، 46)

ژمارەی بەکارهێنەرانی تویتەر لەساڵی(2011) گەیشتە(200 )ملیۆن بەکارهێنەر، بەڵام لەنوێترین ئاماردا زیاتر لە(330 )ملیۆن بەکارهێنەری کارای هەیە لەمانگێکدا، هەروەها ڕۆژان (500 )ملیۆن تویت دەکرێت لەلایەن بەکارهێنەرانەوە (.8%)ی بەکارهێنەران لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە تویتەر بەکاردەهێنن. (Aslam 2019)

**3/ئینستاگرام(Instagram)**

ئینستاگرام فۆرمێکی نوێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، لەسەر بڵاوکردنەوە و هاوبەشی پێکردنی وێنە و ڤیدیۆ بنیاتنراوە زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لەو بوارەدا لەچاوپێگەکانی تری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لە نێوان تەمەنی (17 )بۆ( 24) ساڵیدان بەپێی توێژینەوەکان( 70%)ی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لەسەرەتای تەمەنی گەنجیدان. (Huang 2018, 20)

ئینستاگرام لەلایەن(Kevin Systrom) و(Mike Krieger) بەرهەم هێنرا لەساڵی (2010)کە ماوەیەکی کەم و بەخێرایی گەشەی سەند زۆرترین بەکارهێنەری بۆ خۆی دەستەبەرکرد.

لەیەکەمین ڤێرژنی و لەیەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەپەکە نزیکەی(25)هەزار ئەکاونتی لێ تۆمارکرا.دواتر لەساڵی(2012) ئینستاگرام فرۆشرا بە کۆمپانیای فەیسبووک بە بڕی یەک ملیار دۆلار، کە ئێستا گرینگترین بەشی کۆمپانیای فەیسبووکە. (Jethro 2018)

ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ بەکارهێنەرانی ئینستاگرام ڕوو لەزیادبوون دەکەن بەشێوەیەک لەساڵی (2016) لە(500) ملیۆن بەکارهێنەری تێپەڕاند، لەسەرەتادا ئینستاگرام تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە بوو بەڵام بەپێی تێپەربوونی کات زیاتر پەرەی سەند و تەکنیکی نوێی بۆ زیادکرا.بۆنموونە لەساڵ(2017 )بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ لەستۆری و ریپلەی بۆ ستۆرییەکان زیاد کرا کە هەر کەسێک بتوانێت وێنە یان ڤیدیۆی خۆی لەستۆری ئەکاونتەکەی بڵاوبکاتەوە بۆ ماوەی24 کاتژمێر بمێنێتەوە.هەروەها خزمەتگوزاری نامەگۆڕینەوە(دایرێکت) هەر لەهەمان ساڵدا بۆی

زیادکرا.لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەردەوام تەکنیک و خزمەتگوزاری نوێی بۆ زیاد دەکرێت. (center 2019)

بە گوێرەی نوێترین ئامار زیاتر لەیەک ملیار بەکارهێنەری کارا(active users) لەئینستاگرام هەیە و ڕۆژانە زیاد لە(200) ملیۆن بەکارهێنەر سەردانی ئینستاگرام دەکەن، ڕۆژنە زیاتر لە(100 )ملیۆن وێنە بڵاودەکرێتەوە. (West 2019)

لەبەر زۆری ڕێژەی سەردانکەران ئینستاگرام بە پێگەیەکی گرنگی بازرگانی و مارکێتینگ دادەنرێت، زۆرێک لەکۆمپانیا و کیلینیک و سەنتەر و شۆپەکان ئینستاگرام وەک ڕێگایەکی سەرەکی بەکاردێنن بۆ بازاڕسازی و ڕیکلام و پەرەدان بە بەرهەم و کاڵا و کارەکانیان. چونکە ڕێگاکانی تری ڕیکلام لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ تێچووی زۆر دەخاتە سەر کۆمپانیا و سەنتەرەکان وڕێژەی قازانج کەم دەبێتەوە. بەڵام بازاڕسازی لەئینستاگرام بەشێوەیەکی خۆڕایی ئەنجام دەدرێ و هیچ تێچوویەک و ماندووبونێک لەسەر خاوەنکار ناکەوێ، جگە لەوەی کە کۆنتاکتی ڕاستەخۆیان لەگەڵ کڕیارەکانیان دەبێت کە زۆر بەئاسانی دەتوانن کڕیاری هەمیشەیی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. (Suciati 2018, 812)

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بۆتە هۆی ئەوەی ئینستاگرام وەک ناوەندێکی بازرگانی بەکاربێت بریتییە لە ناوەڕۆکی بینراو(visual content) بەواتای ئەوە دێت زیاتر بەزمانی وێنە لەگەڵ بەکارهێنەر و کڕیار دەدوێت، و ڕوونکردنەوەی زۆر و ورد بۆ کاڵاکە دەکرێت لە ڕێگەی ڤیدیۆ و وێنەوە، ئەمەش یارمەتی کریار دەدات زانیاری زۆری دەستبکەوێت سەبارەت بەو کاڵایەی دەیەوێت بیکڕیت. بەپێی توێژینەوەیەک لەئەمریکا کڕیارەکان(80%)ی زانیارییەکانیان لەبارەی کاڵاکان لەئیسنتاگرامەوە دەست دەکەوێت. (Lavoie 2015, 83)

ئینستاگرام زەمینەسازیی کرد بۆ پەرەسەندنی بازرگانی کەسی"personal business" هەرکەسێک بیەوێت بەئاسانی دەتوانێ لەڕێگەی ئەکاونتەکەی خۆیەوە کاری بازرگانی بکات و بەرهەمەکەی بناسێنێت. هەروەها بەچەند ڕێگایەکی ئاسان لەکاتێکی کەم دەتوانێت زۆرترین فۆڵۆوەر بەدەستبهێنێت و بەرهەمەکەی بگەیەنێت بە زۆرترین کریار ئەمە لەلایەک، لەلایەکی

تر ئینستاگرام دەتوانین بڵێین هۆکارە بۆ زۆربوونی ڕێژەی کەسە مۆدێل و فاشیۆنەکان کەلە ڕێگەی ئەکاونتی خۆیانەوە دەتوانن خۆیان بناسێنن و بازاڕسازی بۆ کارەکەیان بکەن. کەواتە ئینستاگرام یارمەتی سەربەخۆبوونی ئابوری داوە بۆ زۆرێک لەبەکارهێنەرەکان کە توانیویانە کاری خۆیان دەستپێبکەن بەکەمترین تێچوو و ماندووبوون. (Hellberg 2015, 21)

کەواتە ئینستاگرام وەک ئامرازێکی میدیای نوێ و ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی وێنەیە لەزۆرێک لەلایەنەکانی ژیانمان هاوبەشی کردوە و کاریگەری هەیە بەجۆرێک رەنگە هەریەکێکمان وەک رۆتینێکی ڕۆژانە سەیری بابەت و بڵاوکراوەکان لە ئینستاگرام بکەین.

**4/ یوتیوب (YouTube)**

(YouTube) پێگەیەکی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیە، لەکاتێکی کەم دەتوانرێ چەندین ڤیدیۆی لێ بڵاوبکرێتەوە و لێی وەربگیرێت، چەندەها سەردانکەر و بینەری هەیە لەکەمترین کاتدا. (Khan 2017, 237)

(YouTube)لە دیسێمبەری (2005 )دەستی بەکارکردن کرد لەسەر دەستی هەرسێ کارمەند Chad Hurley" و "Steve Chen" و جاود کەریم "Jaed Karim" کە هەرسێکیان کارمەندبوون لەکۆمپانیای "PayPal"ی تایبەت بەبازرگانی ئەلیکترۆنی.بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پێگەیە لەکاتێکدا سەریهەڵدا کەهەرسێکیان لەئاهەنگێکدا خەریکی وێنەگرتن بوون دواتر ویستیان بە ئیمێڵ بۆ یەکتری بینێرن بەڵام لەبەر زۆری قەبارەی ڤیدیۆکە نەتوانرا لە ڕێگەی ئیمێڵەوە بنێردرێت، بۆیە بیریان لەدروستکردنی خزمەتگوزارییەک کردەوە کە ڤیدیۆ بەقەبارەی زۆرەوە هەڵبگرێت.بۆ ئەم مەبەستە توانیان پێگەی(YouTube) دروست بکەن دواتر ئەو پێگەیە فرۆشرا بە کۆمپانیای گوگڵ بە بری (1.65 )ملیار دۆلار. (Slawsky 2014, 14)

لەگەڵ ئەوەی چەند رایەکی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی ئایا(YouTube)دەچێتە خانەی تۆڕکۆمەڵایەتیەکان یان میدیای کۆمەڵایەتی، هەندێک لەپسپۆڕانی بواری(Social Media) پێیان وایە(YouTube) تەنها پلاتفۆڕمێکی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیە و ناچێتە خانەی( Social Media) چونکە کارلێک یان گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەنێوان بەکارهێنەر و نێرەر دروست ناکات،

بەڵام بەشێکی تریان پێیان وایە(YouTube) لە چوارچێوەی سۆشیاڵ میدیا دادەنرێت چونکە هەبوونی تایبەتمەندی وەک دروستکردنی کەناڵی تایبەت، هەموو بەکارهێنەرێک هاوشێوەی فۆرمەکانی تری سۆشیاڵ میدیا دەتوانێ لاپەڕە و کەناڵی تایبەتی خۆی هەبێت و ڤیدیۆ و بابەتەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە. دواتر بوونی ناوەڕۆک، کە ناوەڕۆکێک هەیە لەناوەڕۆکی ڤیدیۆیی پێشکەش دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە و لەلایەن بەکارهێنەرەکانی تر دەبینرێت، دواتر هاوبەشی پێکردن(Share) لایک(like) نوسینی کۆمێنت(Comment) هەربەکارهێنەرێک دەتوانێ کۆمێنت بۆ هەر ڤیدیۆیەک و بڵاوکراوەیەک بنوسێ کە دەیبینێ و دواتر هاوبەشی پێ بکا بۆ کەناڵەکەی خۆی یان هەر شوێنێک کە بیەوێت.هەروەها(Follow) و(Subscribe) کردنی کەناڵە جیاوازەکانی(YouTube).پسپۆڕان پێیان وایە ئەمانە سیفەتی میدیای کۆمەڵایەتیی بە(YouTube) دەبەخشن. (Staff 2017)

بەپێی تازەترین داتای سەیرکردن و بەکارهێنانی(YouTube) دا هاتووە، تا ئێستا نزیکەی یەک ملیار کەناڵ تۆمارکراون و مانگانە نزیکەی 1,9ملیار بەکارهێنەری هەیە بە80 زمانی جیاوازەوە. هەروەها هەر بەپێ ئەوداتایە نزیکەی70% بەکارهێنەران لە ڕێگەی مۆبایلەوە سەردانی(YouTube) دەکەن. (press ,2019)

(YouTube)بۆتە پێگەیەکی زۆر گرنگ بۆ زۆربەی بوارەکان لەکات بەسەربردن و سەیرکردنی فیلم و هەروەها لە بواری فێرکردنی ئەلیکترۆنی "E-learning" دەتوانرێ چەندین کۆرس و ڤیدیۆی پەروەردەیی و فێرکردنی لێ بڵاوبکرێتەوە لەسەرجەم وڵاتانی دونیادا فێرخوازان سوودمەندبن. (Alias 2013, 11)

لێرەوە دەتوانین بڵێین(YouTube) وەک ئامرازێکی میدیای نوێ و میدیای کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەژیانی ڕۆژانەمان دەتوانین زۆرترین سوودی لێوەربگرین.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندییە گشتییەکان

### یەکەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان چالاکیەکە کە لەلایەن کەسێک، گروپێک یان دامەزراوەیەک ئەنجام دەدرێ لە پێناو دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی دروست و کارا لەنێوان دوو لایەن وەک حکوومەت لەگەڵ جەماوەرەکەی، یان لەنێوان دامەزراوەیەک و دەستەیەک بەجیاوازی جۆرەکانییەوە، حکومی بێت یان تایبەتی. پەیوەندییە گشتییەکان وەک هەوڵێکی بەردەوام وپلان بۆ دانراو هەڵدەستی بە دروستکردنی تێگەیشتنێکی ئاڵوگۆڕ لەنێوانییان. (السردي ،2011، 254)

هەرچەند پەیوەندییە گشتییەکان وەک زانستێک بنەما و تیۆر و چەمکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام تێبینی دەکرێ لەگەڵ چەند زانستێکی تر تێکەڵاوی زۆری هەیە وەک کارگێری و ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و کۆمەڵناسی و هەروەها زانستی دەروونناسی. تەنانەت هەندێ لەپسپۆڕان وای دەبینن کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێرییە و یارمەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە دەدات، واتا ناتوانرێ وەک زانستێکی سەربەخۆ لێی بڕوانرێ و پشتی پێ ببەسترێ. (المزاهرة ،2019، 28)

هەر لەسەر ئەم بیروڕایە هەندێکی تر پێیانوایە پەیوەندییە گشتییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ دێتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ دەوروبەر و ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژی لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی بۆیە هەر لەم چوارچێوەیەوە جۆرێک لەپەیوەندییە گشتییەکان سەرهەڵدەدات بەمانا گشتییەکەی. بۆیە پەیوەندییە گشتییەکان تەنها پەیوەندی نێوان تاکەکانە و ناچێتە چوارچێوەی زانست و پیشەوە. (عثمان ، 2015، 15)

بەپێچەوانەوە هەندێک لەپسپۆڕان پێیان وایە کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی زیندوو و سەرەکیە لەهەر دامەزراوەیەک، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەباشتر کردنی بەڕێوەبردنی دامەزراوە

و بنیاتنانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری دەرەکی و ناوەخۆ و هەروەها هۆکاری یەکەمە لەدەروستکردنی وێنەیەکی هزری سەبارەت بە دامەزراوەکە* لەلایەن جەماوەرەوە. (ع. الجبوري ، 2016، 78)

تێڕوانینێکی تر هەیە پێی وایە کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست یان هونەر یا توانایە، هەروەها فەرهەنگی زانیاری ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرە، زانستە لەو روانگەیەی پشت بە زانستی کۆمەڵناسی و مرۆیی دەبەستێت، هەروەها زانستە لەرووەوەی کەپەیڕەوی لە شێوازی زانستی دەکات لەگەڕان و دەستنیشانکردنیدا. (عەلی 2011، 19)

هونەریشە ئەگەر لەلایەنی پراکتیکییەوە لێی بڕوانین، هەروەها لایەنی خودیش دێتە نێو پێکهاتەکەیەوە، بەجۆرێک شێوازەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی ئەم زانستە لەپسپۆرییەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. بەمیتۆدەکەی و ئامادەباشییەکانی و شێوازی ئامادەکردنەکەی کاریگەرە. (عەلی 2011، 19)

هاوکات کۆمەڵێک ناساندنی جیاواز کراون بۆ پەیوەندییە گشتییەکان بە پێی جیاوازی بوارو پسپۆڕییەکان لەوانە فەرهەنگی زمانەوانی ئۆکسفۆرد پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات بەوەی"دۆخێکە لەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان کۆمپانیاو دامەزراوەیەک یان کەسانی ناودار لەگەڵ جەماوەر" (Lexico ,2019)

هاڕلۆ لەساڵی(1976) نزیکەی (472 )پێناسەی جیاوازی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دۆزییەوە لە کۆی ساڵەکانی(1900) تاکو(1976) نووسرابوون لە نێوان ئەم پێناسانەدا، پێناسەیەکی خۆی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێشنیار کرد کە دەڵێت:"پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕی دیاریکراوە کەیارمەتی دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ دەدات بۆ فەراهەمکردنی تێگەیشتن و هاوکاری لەنێوان دامەزراوە و جەماوەر بەگشتی، ئەم پەیوەندییە

---

* وێنەی هزری:" بریتیە لە بیروبوچۆن و وێنەیەکی جێگیر و چەسپاو لە بیری هەر تاکێك سەبارەت بە بابەتێك یان کەسێکی دیاریکراو" بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە توێژینەوەی(مفهوم الصورة الذهنية فی العلاقات العامه) لەلایەن(ارداة زيدان الجبوری)لاپەڕە 163ی گۆڤاری(الباحث الاعلامی)

یارمەتیدەرە لەبەڕێوەبردنی کێشەوگرفتەکان هەروەها یارمەتی دامەزراوەکە دەدات لەزانین و وەڵامدانەوەی ڕای گشتی، هەروەها بەرپرسیارێتی هەریەک لەبەشە خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکات و جگە لەوەش توێژینەوە و پەیوەندی ئەخلاقی وەک تەکنیکێکی سەرەکی لەکارەکانی بەکاردەهێنێت" (Tench , 2006, 5)

جحنی بەوشێوەیە پێناسەی کردووە کە "ئەرکێکی گرنگە لەئەرکەکانی کارگێری، تایبەتە بەشیکردنەوەی ڕەفتاری جەماوەر بۆ زانینی ئاراستەکان و پێداویستییەکانیان و کارکردن لەسەر بەرنامە و پرۆگرامێک کە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی لەبەرانبەر ئەو پێداویستیانە". (الجحني ، 2006 ، 20)

هەروەها پێناسەی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی فەرەنسی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەڵێت "ڕێگایەکە بۆ ڕەفتار و شێوازی ڕاگەیاندن ئامانجی دانانی پەیوەندییەکی پشت ئەستورە بە بڕوا بەخۆبوون و پارێزگاریکردنی لەنێوان ڕێکخراو و چینە جیاوازەکان لەجەماوەری ناو دەزگاکە و دەوروبەری کە کاریگەرن بە چالاکییەکانی دەزگاکە" (الشامي ، 2001، 18)

بەڵام پەیمانگەی بەریتانی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان پێناسەی کردووە بەوەی "هەوڵێکی کارگێری مەبەستدارو نەخشە بۆکێشراو و بەردەوامە بۆ دروستکردن و بەردەوام بوونی تێگەیشتنی دوو لایەنە لەنێوان دەزگا و جەماوەرەکەی" (سلوم ،2000، 10)

لە پێناسەیەکی تردا کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەپێناسەکەیدا بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەڵێت "ئەرکێکی کارگێرییە خاوەن سروشتێکی پلاندار و بەردەوامە، لەڕێگەی ڕێکخراوەکان ودەستەی گشتی و تایبەتی، ئامانجی ڕاکیشانی سۆز و پشتگیری ئەو کەسانەیە گە گرنگی پێدەدەن و پارێزگاری لێ دەکەن، لە ڕێگەی راکێشانی ڕایگشتی پەیوەست پێیەوە لە پێناو بەدەستهێنانی هاوکارییەکی بەرهەمدار بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە ڕێگەی پلاندانانی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان". (د. الدليمي ، 2005، 21)

کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی عەرەبی پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات بەوەی "زانستێکە هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵەکان شیکار دەکات بەڕێگایەکی زانستی، پەیوەندییە

مرۆڤایەتییەکان ڕێکدەخات لەسەر بنەمای هاوکاری و خۆشەویستی و هۆشیاری.ئامانجی ئەم زانستە چاودێری وبەڕێوەبردنی مرۆڤایەتییە لەناو کۆمەڵگەدا وبەدەستهێنانی پشتگیری جەماوەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنەکانی تردا " (المزاهرة ،2019، 31)

کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکی پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە بەوەی کە "چالاکی هەر کارگە و دەستە یاخود حکومەت و هەر دەزگایەکە بۆ بنیاتنان و پاڵپشتی کردنی پەیوەندییەکی پاک و بەرهەمهێن لەنێوان چینێک لەجەماوەر وەکوو کرێکاران و بەشداربووان یاخود جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی تاوەکوو تێگەشتنێکی باش بەرهەمبهێنن لەگەڵ کۆمەڵگە بەگوێرەی سیاسەت و بارودۆخی دەوروبەری ". (جودة، 2008، 213)

سەرئەنجام لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی، کە پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە "ئەرکێکی پلان بۆ دارێژراو و بەردەوام، بەرنامە و چالاکییەکانی دامەزراوەکە جێبەجێ دەکات، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لەنێوان دامەزراوەکە و جەماوەر، بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییکردن".

**دووەم/ سیما و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان**

وێڕای زۆری ئەو پێناسانەی کە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان کراون لەلایەن توێژەران و پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان، چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی هاوبەشی نێوان پێناسەکان هەن کە بەوشێوەیەی خوارەوە دیاریکراون:

1. پەیوەندییە گشتییەکان، فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی کارگێرین، بەشێوەی سیاسیانە و کاروباری هاوبەشی ئامانجدار دەریاندەبڕێت، بۆ دابینکردنی متمانە و تێگەیشتنی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی.
2. پەیوەندییە گشتییەکان، ئەرکێکی کارگێرییە، چالاکیەکە کارگێری دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات، لەسەر ئەو کارگێرییەش پێویستە لەهەموو وتە و چالاکییەکانی تایبەت بەخۆی بەکاریانبهێنێت.

3. پەیوەندییە گشتییەکان چالاکیەکی مەبەستدار و لێتوێژراوو ستراتیژییە، بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دامەزراوەکە. (ب. ئەحمەد 2019، 132)
4. پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی سەرەکی دامەزراوەکەن، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئەوەی چالاکیەکی کارا بن، دەبێت پێگەیەکی ستراتیژی لەپەیکەری دامەزراوەکە داگیر بکەن، بەشێکیش بن لەکرداری وەرگرتنی بڕیار لای کارگێری باڵا. (إ. الجبوري 2010، 169)
5. پەیوەندییە گشتییەکان چالاکیەکی نەخشەکاری کراون(planned) ئەمەش واتای ئەوەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان ڕێکخراون و پشت بەگەڕان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان دەبەستن و شیکردنەوەیان بە ئامانجی دانانی چارەسەر و جێگرەوەی گونجاو، بەپێی دەرامەتی بەردەست و لە ڕێگەی ماوەو کاتی دیاریکراو و هەنگاوی یەک لەدوای یەک.
6. پەیوەندییە گشتییەکان جەخت لەسەر ئەنجامدانی کاری باش و باشترین بەکارهێنانی دەرامەت و ئامرازو دەزگا و تواناکان و کارامەییە مرۆیی و زانیارییەکان، بەئامانجی هێنانەدی ئامانجی دامەرزاوەکە بە پێی سیاسەتە دیاریکراوەکانی دەکاتەوە.
7. پەیوەندییە گشتییەکان جەخت لەسەر پەیوەندیکردنی کراوە بە دوو ئاڕاستە(OpenTwo way communication) دەکەن، ئەوەش بەئامانجی هێنانەدی تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕکراو و هاوبەشی نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی و هێنانەدیی ناوبانگی باش بۆ دامەزراوەکە لای جەماوەرەکەی و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان. (مجالي ،2010، 30-32)
8. پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵێکە بۆ ڕاوێژ و پێشنیار بۆ کارگێری باڵا بەئامانجی بەشداریکردن لەچارەسەری گرفتەکان و پاڵپشتی کردنی کارگێری بۆ وەرگرتنی بڕیارە ڕاست و دروستەکان و بەشداریکردن لەدانانی سیاسەت و بەرنامە ستراتیژییەکان لەدامەزراوەکەدا.

9. پەیوەندییە گشتییەکان جەخت لەسەر ڕێسا و بنەما ڕەوشتییەکان دەکەنەوە بۆ پاڵپشتی کردنی متمانە و بونیاتنانی لەنێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی و دوورکەوتنەوە لەسەرجەم شێوازو شێوەکانی گزیکردن و فێڵ و تەڵەکەبازی و گومڕاکردن وبانگەشەی ساختە و پێشکەشکردنی ڕاستی ڕووداوەکان بۆ جەماوەر بە مەبەستی ڕاکێشانی متمانە و لایەنگیرییان. (الحجاب ،2007، 39-40)

دووەم/ **گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەزراوەکان**

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و زۆربوونی داواکاری و پێداویستی تاکەکان لەکۆمەڵگەی نوێدا، وایکرد کە دامەزراوە و کۆمپانیاکان لەهەوڵی زیاتر دابن بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری ڕایگشتی بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵیان، لێرەدا گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان دەرکەوت کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەدروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆر لەگەڵ جەماوەر بۆ گەیشتن بەئامانج و بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە. (حسین، 2003، 73)

زۆربەی دەستە و دامەزراوەکان کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان پەیڕەو دەکەن، جا ئەگەر ئەو دامەزراوەیە بەشێکی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکانی هەبێت یان نا، یاخود بەرنامەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ئامادەکرابێت یان نەکرابێت، تەنانەت لەژیانی تایبەتیماندا تاک بەردەوام کار بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە دەکات. (ایمان، 2017، 25)

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دامەرزاوەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە بەشدارە لەدیاریکردنی ئامانجی دامەزراوەکە لە بواری ماددی و مرۆیدا، ڕێکخستنی ئامانجی ماوە درێژ و ماوەکوورت و دیاریکردنی کاتەکانیان هەروەها دانانی پلانی ساڵانە و مانگانە و دواتر لە جێبەجێکردنیان بەشدار دەبێت.لەگەڵ ئەوەش یارمەتیدەرە لەهاوتاکردنی ئامانج و بەرژەوەندی دامەزراوەکە لەگەڵ ئامانج وبەرژەوەندی کۆمەڵگە بەجۆرێک بەدەست هێنانی ئامانجی دامەرزاوەکە بەرژەوەندی جەماوەر بێت و خزمەت بە ڕای گشتی بکات. (childers 1999, 8)

گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ زۆرێک لەدامەزراوە و کۆمپانیاکان بە تایبەت کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە کالآیەکی زۆر بەرهەم دەهێنن و دەیانەوێت بیگەیەنن بەدەستی کڕیارو بریکارەکان، لێرەدا کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەستی بە دروستکردنی لینکی پەیوەندی لەگەڵ کڕیار و ساغکردنەوەی کالآکان لەبازاڕدا.لێرەدا ئەگەر کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لەئاستێکی شارەزایی و ژیری باشدا نەبێت و رەنگە کۆمپانیا توشی گرفت و کێشە ببێت رووبەڕووی هەڵوێست گەلی خراپ ببێەوە، سەرباری ئەمەش رایەکی دژ لەسەر کالآکان دروست ببێت ڕێگە بۆ رکابەرەکان خۆش بکا کە پروپاگەندە و ژاوەژاو دروست بکەن.لێرەدا گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەرووبەڕووبوونەوەی ئەو سەختیانە دەردەکەوێت. (عەلی 2011، 27)

بەشێک لەپسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان درکیان بەوە کردوە کە پەیوەندییە گشتییەکان وەک ئەرکێکی کارگێری جیاوازە لەئەرکە کارگێرییەکانی تری دامەزراوەکە، زیاتر گرنگییەکەی لەڕاوێژپێکردن و ئاڕاستەکردندا دەبینێتەوە، چ لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی یاخود دەرەکی.هەروەها پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەدروستکردنی کارگێری‌یەکی کاریگەر و دروست.واتا ئەگەر پەیوەندییە گشتییەکان بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێ ناتوانرێ سیستەمێکی کارگێری پتەو دروست بکرێ و بەجۆرێک کاریگەر بێت بەسەر تەواوی بەشەکانی دامەزراوەکە. (Alan 2009, 7)

هاوکات گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری کارگێری گشتی و دامەزراوەکانی حکوومەتدا، لەوەدا روون دەبێتەوە کە ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێ لەباشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەت یان وەزارەت و جەماوەردا، لە ڕێگەیەوە هەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن جەماوەر گەشە دەکات و دەیانگۆڕێت بۆ جەماوەرێکی ئەرێنی و هاوکار لەگەڵ حکوومەتدا. (عەلی 2011، 28)

**سێیەم/ ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان**

زۆر جار جیاوازی کردن لەنێوان ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان کە دەبێ جێبەجێیان بکات و لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە دەبێ بەدیانبهێنێت زەحمەتە، چونکە پەیوەندییەکی بەیەکەوە لکاو لەنێوانیان هەیە و لەزۆر خاڵدا هاوبەشن.

پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی بنەڕەتی کارگێرییە لەپەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەکاندا، هاوشێوەی تەواوی ئەرکە کارگێرییەکانی تر، بەڵام لە چوارچێوەی ستراتیژو پلانێکی دیاریکراوو بوونی پرۆسەیەکی بەردەوام لەکارکردنیدا کە زیاتر جەخت دەکاتە سەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە و پێوانەکردنی ڕای گشتی و بەدەستهێنانی پاڵپشتییان. (Y.Alhadid 2016, 311)

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی پەیوەندییکردن و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر تاک و کۆمەڵگەکاندا هاتووە لەتێکڕای دەوڵەتاندا، وایکردووە جۆرێک لەکێبەرکێ و رکابەری زیاتر بێت لەنێوان کۆمپانیا و دامەزراوەکاندا، ئەمەش ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی زیاتر کردووە.لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەرکانە بە پێی قەبارەی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت بە واتای ئەوەی لەکۆمەڵگەی بچووک ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان کەمترو ئاسانترە، چونکە دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆر و بەردەوامی پێدانی لەگەڵ جەماوەرێکی ژمارەکەم ئاسانترە و کاتی کەمتری پێویستە تاوەکوو کۆمەڵگەیەکی گەورە و جەماوەرێکی فراوان، چونکە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ جەماوەرێکی فڕاوان پێویستی بە هەوڵی زیاتر و باشتر هەیە تاوەکوو لە پەیوەندی بەردەوام دابێت لەگەڵ جەماوەردا. (عاتي، 2011، 43)

لەڕاستیدا سەرکەوتنی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لەکارو ئەرکەکانیدا بەندە بە شارەزایی و لێهاتووی لەو بوارەی کە کاری بۆ دەکات و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو ئەرکە، کە ئەمە بەپێی سروشت و ژینگە و جۆر و کاری دامەزراوەکە دەگۆڕێت. (عصفور، 2014، 65)

بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان پسپۆڕان رای جیاوازیان هەیە، بەڵام بەپێی رای زۆرێک لەپسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان وای بۆ دەچن کە پەیوەندییە گشتییەکان پێنج ئەرکی سەرەکی هەیە بریتین لەتوێژینەوە، پلاندانان، پەیوەندیکردن، هەماهەنگی، هەڵسەنگاندن.

**یەکەم/ توێژینەوەی زانستی (Scientific Research)**

توێژینەوە پرۆسەیەکی رێکخراو و فەرمی چڕە بۆ درێژەدان بە شیکار بەپەیڕەوکردنی رێگای زانستی لەچارەسەرکردنی کێشەیەکدا.یاخود پراکتیزەیەکی نافەرمیە بۆ ناسین و زانینی کێشەکە و دارشتنی گریمانە و تێبینیکردن و شیکار و دەرئەنجام.کەواتە دەکرێت لەپێناسەی توێژینەوەدا بڵێین "چالاکیەکی رێکخراوو ئاراستەکراوە بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی دەستەگەلێک لەداتای رێکخراو". (بۆکانی، 2016، 32)

توێژینەوە یەکێکە لەو ئەرکانەی کەپەیوەندییە گشتییەکانی لەسەربنیات دەنرێت، کە هەڵدەستێ بەلێکۆڵینەوە لە رای گشتی و جەماوەری دامەزراوەکە و هەروەها بەدواداچوون بۆ ئەدا و کاری جەماوەری نێوخۆیی و چەندین دراسەی تر.ئەنجامدانی توێژینەوە لەپەیوەندییە گشتییەکان وا دەکات چالاکییەکانی بناغەیەکی زانستی و تۆکمەی هەبێت کە پشت ببەستێت بە داتا و زانیاری بەردەست.بە تایبەت لەکاتی بوونی گرفت و ئالۆزیدا پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەستێ بەوەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو گرفتە جا چ لەناوەخۆی دامەزراوەکە بێت یاخود لەدەرەوەی، پاشان شیکارکردنی داتا و زانیاریەکان و خستنەڕووی پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی. (البنا، 2009، 40)

**دووەم/ پلاندانان (Planning)**

زانای بواری کارگێڕی گشتی(هنری فایۆل) بەم شێوەیە پێناسەی پلاندانان دەکات "پێشبینیکردنی داهاتوو و خۆئامادەکردن بۆی" ئەمە ناساندنێکی کورت و پوختە بۆ پلاندانان کە بەواتای بوونی ئامانجێک بۆ داهاتوو لەڕێی پێشبینیکردنەوە، دواتر دانانی میکانیزیمی تایبەت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە. (الضويحي، 2004، 13)

لێرەدا پەیوەندییە گشتییەکان نەخشەی سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە و بەرنامەی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دامەزراوەکە و پلانەکانیدا دەکێشێت، لەروانگەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی ئەنجامی دەدات، هەروەها ئامانجەکان و جەماوەری مەبەستتدار دەستنیشان دەکات و پرۆگرامە ڕاگەیاندنییەکان دادەڕێژیت، لە رووی کات و دابەشکردنی پسپۆریەکان بەسەر شارەزایان و دیاریکردنی بودجەیەکی ورد بۆی.کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە هەموار بکرێت. زێدەباری ئەمەش، سیاسەتەکانی دامەزراوەکە بۆ جەماوەر ڕووندەکاتەوە. (کامل، 2006، 19)

**سێیەم/ پەیوەندیکردن (Communication)**

پەیوەندیکردن، واتا جێبەجێکردنی پلانەکان و پەیوەندیکردن بەجەماوەری ئامانجدارەوە، دیاریکردنی ئامرازە گونجاوەکان بۆ هەر جەماوەرێک.ئامراز و ڕێگاکانی پەیوەندییکردن چەندین جۆرو شێوازی هەیە بۆیە بەپێی سروشت و جۆری جەماوەر وگونجانی لەگەڵ پەیامەکە دیاری دەکرێت. (علی ،2017، 24)

ئامانجی پەیوەندییکردن بریتییە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان تاکەکان بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتار، یان جێبەجێکردنی کارێک، هەروەها شیکردنەوەی ئامانج و پلانی دامەزراوەکە بۆ کارمەندان بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتن لەنێوان کارمەندان و ئەندامانی کارگێری باڵا و بەدەستهێنانی تێگەیشتن لەنێوان دامەزراوەکە و کۆمەڵگە، هەروەها سەرکردایەتی و ئاڕاستەکردنی تاکەکان و گونجاندن لەنێوانیاندا و هاندانیان بۆ کارکردن، پاشان ڕێکخستنی لایەنەکان، بە مەبەستی ڕازیبوون لەکارەکانیان و بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاری. (حافظ ،2009، 142)

**چوارەم/ هەماهەنگی (Coordination)**

هەماهەنگی بریتییە لەدروستکردنی پەیوەندییەکی هاوکار و ئاڵوگۆر لەگەڵ ئەو تاک و کۆمەڵگەیەی کە کاری لەگەڵدا دەکرێت و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیان دا هەیە.هنری فایۆل ئەم هەماهەنگییە بەپردەکان(Bridges) ناو دەبات واتا کارگێریی پەیوەندییە گشتییەکان لە

ڕێگەی بەڕێوەبەر و کارمەند و ستافی دامەزراوەکە هەر یەکیان بە پێی ئەرک و ئاستی خۆی پردێکی پەیوەندی و هەماهەنگی دروست بکات لەگەڵ جەماوەری مەبەستدار. (عجوة، 2005، 20)

هاوکات گرنگی بوونی هەماهەنگی لەپەیوەندییە گشتییەکان لەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندییە گشتییەکان لەیەک کاتدا چەندین ئەرک و بەرپرسیارێتی هەیە پێویستە جێبەجێیان بکات لە پێناو یەک مەبەست و ئامانجدا، بۆیە دەبێت هەماهەنگی بکرێت لەنێوان ئەو ئەرکە جیاوازانە و بەجۆرێک کە بەیەکداچوون و تێکەڵبوون روونەدات لەنێوان کارەکاندا. زێدەباری ئەمەش بوونی هەماهەنگی پێویستە زامنی بەجێ هێنانی کار و ئەرکەکان بکات لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا و بەپێی جیاوازی بەش و پسپۆڕیەکان. (الدليمي، 2003، 43)

**پێنجەم/ هەڵسەنگاندن (Evaluation)**

پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی ئەو دەرئەنجامانەی کە لەتوێژینەوەکانەوە بەدەست گەیشتوون. ئەمەش لە ڕێگەی پلان و خشتەی دیاریکراو، زۆرجار دەرئەنجامەکان بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە لێکدەدرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دیاریدەکرێت. (سعيد، 2005، 27)

هەڵسەنگاندن لەسێ کاتی جیاواز ئەنجام دەدرێت: (العقابي، 2003، 66)

- هەڵسەنگاندنی پێشوەختە: بەواتای بەر لە دامەزراوەکانی پلانەکە پێشبینی ڕێژەی بەدەست هێنانی ئامانجەکە دەکرێت، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت بە بوونی کەمترین هەڵە.
- هەڵسەنگاندنی قۆناغبەندی: بەواتای بوونی یەکانگیری و پەیوەندی هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی کارەکە و هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامی هەر قۆناغێک، ئەم جۆرەیان زیاتر کاتێک بەکاردێت کە کارەکە کاتێکی زۆر بخایەنێت.
- هەڵسەنگاندنی کۆتایی: بەواتای هەڵسەنگاندن دێت بۆ دەرئەنجامی کۆتایی کارەکە، ڕێژەی ئامانجی بەدەست هاتوو و دەستنیشان دەکرێت و هەروەها خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کاتی ئەنجامدانی کارەکە دیاری دەکرێت بۆ بەرەو پێشبردنی پرۆسەکە لەکاتەکانی داهاتوودا.

لەگەڵ ئەو پێنج ئەرکەی باس کران هەندێ لەپسپۆران پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێک ئەرکی تریشی هەیە کە ئەوانەن:

1- کارگێری: بەواتای هاوکاریکردنی کارگێری دامەزراوەکە لەبەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکە.

2- بنیاتنان و ڕاستکردنەوە: واتای ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانە کە وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە دروست بکات و برەو بە کارو پرۆژە و بەرهەمەکانی دامەزراوەکە بدات و هەوڵی بەبازارکردنیان بدات.لەگەڵ ئەوەش لەکاتی بوونی هەر وێنەیەکی هزری نەرێنی یاخود بڵاوبوونەوەی دەنگۆ و پروپاگەندە کە زیانبەخش بێت بۆ ناوبانگی دامەزراوەکە، پێویستە لەسەر کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان ئەو وێنەیە ڕاست بکەنەوە و روونکردنەوەی پێویست بخەنە پێش باس.بۆ ئەوەی ڕێ لەبڵاوبوونەوەی دەنگۆکان بگرێت. (العبيدي، 2006، 31)

3- راهێنان: کرداری بەدەستهێنانی زانیاری و لێهاتوویی و ئەزموونی پێویستە لەبوارێکی دیاریکراودا.راهێنان ئەرکێکی گرنگی پەیوەندییە گشتییەکانە، کە یارمەتیدەرە لەکاراکردن و بەرەوپێشبردنی توانای کارمەندەکان و باشترکردنی ڕۆڵ وبەرپرسیارێتیان لەکاتی ئەنجامدانی کاردا.زێدەباری ئەمەش بەراهێنان کردن بەستافی دیاریکراو دەتوانرێ ئاستی کار و بەرهەم بەرەوپێش ببرێت.هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە دەتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی باشتر بکات.ڕاهێنانەکانیش دەتوانرێ لە ڕێگەی خولی بەردەوام و وۆرکشۆپ وکۆنفرانسەکان پێشکەش بکرێت. (العقابي، 2003، 60)

**چوارەم/ ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان**

پەیوەندییە گشتییەکان لەم دواییانەدا بۆتە بەشێکی گرنگی کارگێری کەبەشدار دەبێت لەکاری زۆربەی بەشە کارگێرییەکانی تر.ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەهەر دامەزراوەیەک پەیوەستە بە تێگەیشتن لەئەرک و بەرپرسیارێتی پەیوەندییە گشتییەکان لەو

دامەزراوەیە کە تاچەند بواری بۆ فەراهەمە ئەرکەکانی بەباشی جێبەجێبکات تاوەکوو بتوانێت ئامانجێکی روون و گونجاوی هەبێت بتوانێت بەدەست بهێنرێت. (جوهر، 2000، 44)

ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی جیاوازی جۆر و سروشتی کار و قەبارە و ژمارەی کارمەندانی دامەزراوەکە دەگۆریت، واتە ئامانجەکان لەدامەزراوەیەک بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی چەند ئامانجێکی بنەرەتی پەیوەندییە گشتییەکان دەخەینەڕوو کە ئەوانەن:

1- بەدەستهێنانی ناوبانگێکی باش بۆ دامەزراوەکە و دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی پەیوەندییە گشتییەکان لەهەر دامەرزاوەیەک بێت تایبەت یان حکومی، نێوخۆیی یان دەرەکی، پێویستە وێنەیەکی ئەرێنی و ناوبانگێکی باش بۆ دامەزراوەکە دروست بکات.پێوستە لەسەر دامەزراوەکان ئەو وێنەیە دیاریبکەن کە دەیانەوێ پێیبگەن و دواتر پلان و میکانیزمی تایبەتی بۆ دابڕێژن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ناوبانگە بەدەست بهێنن. (المزاهرة ،2019، 38)

2- برەودان بەکارو بەرهەم: پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چالاکی بەبازارکردن بۆ بەرهەمی دامەزراوەکە چ لەئاستی نێوخۆیی یان دەرەکیدا.بۆیە پەرەدان بەپرۆسەی بەبازارکردن و جوانتر کردنی وێنەی هزری ئامانجێکی هەنووکەیی پەیوەندییە گشتییەکانە.هەروەها پێشکەشکردن و ناساندنی بەرهەمە نوێیەکان و ئەنجامدانی زنجیرەیەک لەرێکلام و بانگەشە لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییکردن بۆ ڕاکێشانی کڕیاری تازە و دروستکردنی ڕای گشتی بۆ بەرهەمەکە. (المزاهرة ،2019، 39)

3- دەستەبەرکردنی پشگیری جەماوەری نێوخۆیی: قوناغێکی گرنگی سەرکەوتنی کرداری پەیوەندییە گشتییەکان پشتگیری کردنی جەماوەری نێوخۆییە لەناو دامەزراوەکە، لەبەر ئەوە پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات لە ڕێگەی پرۆسەی پەیوەندیکردنی بەردەوام و گەیاندنی زانیاریەکان، پەیوەندییەکی تۆکمە لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی دروست بکات و پشتگیریان بەدەست بهێنێت.لێرەدا گرنگە پەیوەندییە گشتییەکان هەستی بەرپرسیارێتی

لای ستافی نێوخۆی دامەزراوەکە پەرەپێبدات و لەگەڵ ئەوەش دامەزراوەکە هەستی جێگیری کار و دەرامەتی گونجاو و هاوکاری بەردەوام پێشکەش بەو ستافە بکات تاوەکوو هاوکاری ئاڵوگۆڕ بەردەوام لەنێوانیان دروست ببێت.

4- بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەری دەرەکی: ئامانجێکی گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان دروستکردنی پەیوەندییەکی باش و بەردەوام لەگەڵ جەماوەری مەبەستداری دامەزراوەکە.دامەرزاوەکە ئەو جەماوەرە دەرەکیە دیاری دەکات کە دەیەوێ پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکات، لێرەدا پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدات لەگەڵ جەماوەری مەبەستتدار و هەوڵدان بۆ رازیکردنیان، تاوەکوو متمانە و پشتگیریان بەدەستبهێنێت بۆ گەیشتن بەبەرژەوەندی دامەزراوەکە.زێدەباری ئەمەش ئامانج و بەرژەوەندی دامەزراوەکە نابێت دژیەک بێت لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندی چینە جیاوازەکانی جەماوەر. (العوضي، 2000، 44)

5- کارکردن بۆ بەستنەوەی دامەزراوەکە بە کۆمەڵگەوە: لەرێگەی بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان دامەزراوەکە و کۆمەڵگە، ئەمەش بەدروستکردنی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، کەدەزگاکە بتوانێت لە رێگەی ئەو بارودۆخەوە گەشەبکات و دەربکەوێت. (العاصي، 2006، 336)

6- گرنگیدان و دڵنیابوون لەپەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە و دامەزراوەکانی تر جا چ ئەو دامەزراوانە هاوشێوەی یەکتر بن لە رووی بەرهەم و خزمەتگوزارییەوە یاخود جیاواز بن لەیەکتری، ئەوەش لە رێگەی بڵاوکراوەکان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان وئامرازەکانی تری پەیوەندییکردن، چونکە دەبێتەهۆی پتەوبوونی پەیوەندی نێوان دامەزراوەکان و ستافەکانیان. (الطوباسي، 2005، 244)

**پێنجەم/ تایبەتمەندی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان**

ئەداو کاری پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەستە بەتوانستی رەگەزی مرۆیی، جگە لەوەی پەیوەندییە گشتییەکان زانست و هونەرە لەهەمانکاتدا کار و بەڕێوەبردنیشە، بۆیە پێویستی بەکەسانی شارەزاو لێهاتوو هەیە لەوبوارەدا تاوەکوو ئەرک و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکان جێبەجێبکەن و بەدیبێنن. (المزاهرة ،2019، 94)

لێرەدا بەپێی رای پسپۆڕان پێویستە چەند مەرج و تایبەتمەندییەک هەبێت لەو کەسانەی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەسووڕێنن، تایبەتمەندییەکانیش دابەش دەبن بۆ:

1- تایبەتمەندییە بۆماوەییەکان.

2- تایبەتمەندییە فێرکارییەکان.

3- تایبەتمەندییە وەرگیراوەکان

**1- تایبەتمەندیە بۆماوەییەکان:**

پەیوەستە بەپاڵنەرە خۆڕسکییەکان(فطري)، کە بەبنەمای یەکەم دادەنرێت بۆ ڕەفتاری مرۆیی، ئەم پاڵنەرانە لەگەڵ لەدایکبوون دەردەکەون، لەئەنجامی شارەزایی یان فێربوون یان ئەزموونەوە نابێت، بۆیە پێویستە کەسایەتییەکەی تەواو بێت، لەڕووی سۆزدابییەوە پێگەیشتوو بێت یادەوەری بەهێز بێت مێشکێکی ڕێکخراوی هەبێت، باشتروایە ئەو کەسەی لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بەڕەوشت و زمان پاراو گورجبێژ، دڵسۆز، دووربین، زیرەک، جەربەزە، گەشبین بێت، هێزی غەریزەی هەواڵپرسین و گەڕانی تێدا بێت، حەز بەتێکەڵکردن، هەموو ئەمانە خەسڵەتگەلێکن دەبێت لەهەڵسوڕاوی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەبێت. (مطاوع، 2018، 301)

**2- تایبەتمەندییە فێرکارییەکان:**

مەبەست لێی ئەو تایبەتمەندییانەن کە لەگەڵ لەدایکبوونی کەسەکە لەدایک نابن بەڵکو لەڕێگەی خوێندن و فێربوونەوە بەدەست دێن.بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکاری، فێرکردن مەشقی زانکۆیی کە پسپۆر لەپەیوەندی گشتییەکان شیاو دەکات بۆ کارکردن لەم بوارەدا.

بێگومان فێربوونی ئەکادیمی یارمەتی سەرکەوتنی کەسی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات و باش وایە کەسەکە پلەیەکی زانکۆیی لەڕاگەیاندن یان بازرگانی یاخود ئاداب یان یاسادا بەدەستهێنابێت، ئەم بابەتانەی وەرگرتبێ زمانەکان، ڕۆژنامەگەری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، رەگەزناسی، فەلسەفە، لۆژیک، کارگێڕی گشتی، یاسا، ئابووری، کارگێری، ڕێکخستنی پرۆژەکان، بازاڕگەری، ڕیکلام، ئاماری تیۆری جێبەجێکاری، پەیوەندییە گشتییەکان و چەندین ماددەی تری دیراسی. (مطاوع، 2018، 302)

**3- تایبەتمەندییە وەرگیراوەکان:**

ئەمە لەپاڵنەرە خۆڕسکەکان جیاوازە، لەوەی مرۆڤ کەلەدایک دەبێت نییەتی، بەڵام لەئەنجامی ژیانی تاکەکە لەژینگەیەکی دیاریکراو کاریگەربوون پێی وەری دەگرێت و تێیدا دروست دەبێت.

هەموو ئەم مەرجە فێرکاری و وەرگیراوانە خەسڵەتگەلێک بەدی دەهێنن کەهەڵسووڕاوی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستی پێی دەبێت، کە بریتین لە توانای دەرککردنی روون لەسەر ڕێکخستن و بڕیاردانی دادپەروەرانەی بابەتی، توانای هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی فشارەکان، نەرمونیانی، توانای مامەڵەکردن لەکێشە جیاوازەکاندا.هەروەها توانای گفتوگۆکردن و دروستکردنی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان و شارەزایی لەبەکارهێنانی زمانی جەستە بەشێوەیەکی گونجاو لەکات و ساتی خۆیدا وەک چۆنییەتی جوڵاندنی دەست و جوڵەی دەم و چاو و شێوازی ڕاوەستان و دانیشتن...هتد. (Salinas 2016, 112)

بەدیهێنانی ئەم سێ مەرجەی پێشتر باسکران، دەبێت کارمەندەکە لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان بەسروشتی خۆی کۆمەڵایەتی بێت، توانای رازیکردن و حەزبزواندنی هەبێت، هەروەها نووسین وگوتاربێژیش بێت، دان بەهەڵەدا بنێت ئەگەر تێی کەوت و لێی پەشیمان بێتەوە.

لەم روانگەیەوە دەکرێ بڵێین کارکردن لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان جۆرێکە لەکارکردنی میدیایی، کە پشت دەبەستێ بەتوانای نووسین و گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەرو رازیکردنیان. (عثمان، 2015، 278)

بەڵام تواناکانیتر بەپێی گرنگییان بەمشێوەیە دەبێت: (مطاوع، 2018، 304)

1- توانای ڕێکخستن.

2- توانای وتووێژ.

3- توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا.

4- زانینی کاروبارە ئابووری و داراییەکان.

5- جیاکردنەوەی هەواڵ و توانای لێدوان لەسەری.

6- توانای بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر

**شەشەم/ پرۆسەی پەیوەندییکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان**

پەیوەندییکردن لەگرینگترین ئەرک و چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانە، واتە بناغەی پەیوەندییە گشتییەکان پێکدەهێنێت.هەروەها بریتییە لە کرداری گواستنەوەی بیرۆکە و ڕاوبۆچوون و زانیاری و ڕاستیەکان، کە تاکێک، گروپێک، کۆمەڵێک، یان دامەزراوەیەک پێی هەڵدەستن، لە ڕێگەی ئامرازە جۆربەجۆرەکانی پەیوەندییکردن کە ئەو دامەزراوەیە بەکاریان دەهێنێت لە پێناو خزمەت کردن بە بەرژەوەندی دامەزراوەکە. (سعود، 2005، 14)

**یەکەم / رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان**

پرۆسەی پەیوەندییکردن پشت دەبەستێ بە پێنج رەگەزی سەرەکی کە بریتین لە:

1- نێرەر(Source): ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێ بەگەیاندنی پەیامەکە جا چ نوسەر، وتاربێژ، کەسی پەیوەندییە گشتییەکان یان لەهەر توێژو لایەنێک بێت.پەیام ئامادە دەکات بۆ لایەنی بەرامبەری دەگوازێتەوە.

2- پەیام (Massage): بەرەگەزی دووەم دادەنرێت لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا مەبەستیش لێی ئەو ناوەڕۆکی ئەو پەیامەیە کەکارگێری پەیوەندییە گشتییەکان بەبەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازەکانی پەیوەندییکردن بۆ لایەنی بەرامبەر دەنێرێت، بەجۆرێک ناوەڕۆک و شێوازی پەیامەکە گونجاو بێت بۆ گواستنەوە لە ڕێگەی ئامرازە پەیوەندییکردنەکە. (مكي، 2005، 24)

3- ئامراز (Channel): ئەوکەرەستە یان ئەو هۆکارەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیام لەنێرەرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت.هەڵبژاردنی ئامرازێکی گونجاو بەپێی ناوەڕۆکی پەیامەکە لەپەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی ئاسان نییە بەهۆی جۆراو جۆری لەئامرازەکانی پەیوەندییکردن جیاوازی شێوەکانی. (عبدالرزاق، 2010، 76)

4- وەرگر(Receiver): لایەنی بەئامانج گیراوە لە پرۆسەی پەیوەندییکردن کە پەیامەکەی بۆ دەگوازرێتەوە، جا دەکرێ ئەو وەرگرە تاک، دەستە، یان کۆمەڵگە بێت.

5- وەڵامدانەوە یان کاردانەوە (Feedback): بریتییە لە کاردانەوەی وەرگر بۆ پەیامەکە و گەڕانەوەی بۆ نێرەر، تاوەکوو بتوانێت بریار لەسەر پەیامەکە بدات کە ئایا ئامانجەکانی بەدیهاتوون یان نا. (الطوباسي، 2005، 34)

**دووەم / ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان**

مەبەست لەئامرازەکانی پەیوەندییکردن: " کەرەستەیەکە پەیامی ڕاگەیاندنی کەناڵەکان و ئەو ڕێنماییانە لەخۆدەگرێ کە لەپەیامەکەدا بوونیان هەیە لەنێرەرەوە بۆ وەرگر". (دليو، 2003، 57)

ئامرازەکانی پەیوەندییکردن بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەبێ ئەم ئامرازانە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان دروست نابێت، چونکە ئەم چالاکیانە لەبنەڕەتتدا گوزارشتە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو زانیارییەکان لەگەڵیان، بەئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و دروستکردنی

ناوبانگێکی باش بۆ دامەزراوەکە لەهزری جەماوەرەکە و لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە. (العبيدي، 2006، 75)

دابەشکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان جیاوازە، دیون((dunn ئامرازەکان دابەش دەکات بۆ دوو جۆر ئامرازی نێوخۆیی، کە مەبەست لێی ئەو ئامرازانەیە لە ڕێگەیەوە پەیام ئاڕاستەی جەماوەری نێوخۆیی دەکرێت وەک نامیلکە و نامەی هەواڵی و ئاگەدارکردنەوە و کۆبونەوە و سیمینار.دووەمیان ئامرازی دەرەکی، مەبەست لێی ئەو ئامرازانەیە پەیامەکە ئاڕاستەی جەماوەری دەرەکی دەکرێت وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆن و ڕادیۆو بڵاوکراوەکان و پێشانگاکان. (جوهر، 2000، 31)

لەروانگەی نیسوم(Nee Som) ئامرازەکان دەکرێت بەچەند جۆرێک وەک چاپکراو ئەلیکترۆنی، نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی سروشت و بەکارهێنانی جەماوەر بۆ ئەوئامرازە واتە پێی وایە جەماوەر بە پێی پێداویستی و ئارەزووی خۆی جۆری ئامرازی گونجاو دیاری دەکات.هەروەها(Center)و(Cutlip)و(Broom) بەهەمان شێوە پێیان وایە ئامرازەکانی پەیوەندییکردن بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەکرێن بە دووبەش نێوخۆیی و دەرەکی بەڵام ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوخۆییان ناونا(Controlled) بەواتای ئەوەی ئەو پەیامەی ئاڕاستەی جەماوەری نێوخۆیی دەکرێت دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و دەستکاری بکرێت، بەڵام بۆ جەماوەری دەرەکی پێیان دەگوت(Uncontrolled )بەواتای ئەوە دێت کاتێک پەیام گەیشت بەجەماوەر ناتوانرێ دەستکاری بکرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە بەر لەناردنی بۆ جەماوەری دەرەکی پێویستی بە وردبینی و پێداچوونەوەی ورد هەیە تاوەکوو بەمەستەکە بپێکێت. (السطان، 2015، 156)

لێرەدا دەکرێت ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لەپەیوەندییە گشتییەکان بکرێت بە چەند جۆرێک:

**یەکەم/ ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کەسی ڕاستەخۆ**

بریتین لەو ڕێگایانەی یاخود ئەو ئامرازانەی کەپەیوەندییکردنی تیادا ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێ لەنێوان نێرەر و وەرگر. ئەو ئامرازانەش چالاکییەکانی هاوشێوەن و جیاوازی

نێوانیشیان تەنها جیاوازی زارەکیە، پرۆسەکانی ئامادەکردن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن بۆ هەموو چالاکیەکان هەمان شتە جیاواز نییە لەگەڵ چالاکییەکانی تر، تەنها مەبەست و جۆرو ژمارەی ئەو تاکانەی تیایدا بەشدارن جیاوازن لەیەکتری. (السطان، 2015، 160)

لەپەیوەندیکردنی ڕاستەخۆ چەند ئامرازێک هەن کە ئەمانەن:

- **بۆنەکان و ئیڤێنتەکان:** بۆنەکان یارمەتی دروستکردنی پەیوەندی دەدات لەگەڵ بانگهێشتکراوەکان جا چ تاکەکانی دامەزراوەکە بن یاخود جەماوەری دەرەکی بن.
- **کۆبوونەوەکان**: بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوەکان هەڵدەستێ بەڕێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوەکان کەتیادا کێشەو گرفتەکان روون دەکرێنەوە و بیروبۆچوونەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن هەروەها تێگەیشتنی زیاتر فەراهەم دەکات لەبابەتە ئاڵۆزەکان کە یارمەتی پتەوبوونی پەیوەندییەکان دەدات.کۆبوونەوەکانیش چ لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە خۆی یاخود لەگەڵ دامەزراوەکانی تر ئەنجام دەدرێت. (السردي، 2011، 299)
- **چاوپێکەوتنەکان**: ئامرازێکی گرنگی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆیە کە ئەوکەسەی هەڵدەستێ بەئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو، بابەتەکە ڕووندەکاتەوە کە زۆر یارمەتیدەرە لەچارەسەرکردنی هەر هەڵە تێگەیشتنێک ئەگەر هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت.هەروەها دەبێتەهۆی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسەکەدا و زۆرجار پەیوەندییە گشتییەکان ئەو پەیوەندییە بۆ بەرژەوەندی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. (حسين، 2003، 75)
- **سەردانەکان**: ئامرازێکی زیندووی پەیوەندییکردنە لەکاری پەیوەندییە گشتییەکان، کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەستێ بە سەردانی کەسانی ناودار و ناسراو یاخود دامەزراوە دەرەکی و ڕێکخراوەکان، بە مەبەستی دروستکردن و پتەوکردنی

پەیوەندییەکان.ئەم ئامرازە یاخود ڕێگایە کاتی زۆر و ئامادەکاری و تێچووی زیاتری پێویستە بە بەراورد بە ئامرازە ڕاستەخۆکانی تر. (الشحماني، 2006، 42)

سەرەڕای ئەمانە لەئامرازە ڕاستەخۆکان ئاماژە کەسییەکان و زمانی جەستە و هەڵسوکەوت و ئەتەکێت زۆر گرینگە کە کەسی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە زۆر کارامە و شارەزا بێت لەو بوارەدا، زۆرجار گوزارشت و ئاماژەکانی روخسار، چاو، جولانی دەست، جەستەو هەڵسوکەوت کاریگەری دەخاتە سەر سەرکەوتنی پەیوەندییەکە. (شرف، 2003، 186)

**دووەم/ ئامرازی پەیوەندیکردنی ناڕاستەخۆ:**

مەبەست لەئامرازی پەیوەندیکردنی ناڕاستەخۆ لەپەیوەندییە گشتییەکان ئەو ئامرازانەن کە پشت دەبەستن بە گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکە بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان کە پێی دەگوترێت پەیوەندییکردنی جەماوەری دەکرێ دابەشی بکەین بۆ: (ع. الجبوري ، 2016، 218)

1- **ئامرازە چاپکراوەکان:** بریتین لەو ئامرازانەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان بۆ گەیاندنی بەرنامە و پرۆگرامەکانی لە ڕێگەی نووسین و چامەنییەکانەوە بەو شێوەیەی خوارەوە:

أ- **ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:** هەندێک لەدامەزراوەکان ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەیە، هەندێکی تر لەدامەزراوەکان پشت بەڕۆژنامەو گۆڤاری لۆکاڵی دەبەستن بۆبڵاوکردنەوەی بەرنامە و بیرۆکەکانیان یان ڕێکلام کردن بۆ کاڵایەک بێ ئەوەی پێویست بکات ڕۆژنامەیەکی تایبەتی بۆ دەربکەن.لێرەدا هونەری نوسین و دانانی قالبی بابەتەکە لەگەڵ دیزایین و ئەو وێنە و کاریکاتێرانەی بەکاردێن زۆر گرنگە لەلاپەڕەی گونجاوی خۆی دابنرێت، بۆ ئەوەی مەبەستی ناوەڕۆکی پەیامەکە بگەیەنێت. (شرف، 2003، 19) هەروەها دەتوانرێ ڕۆژنامە وگۆڤارەکان بۆ مەبەستی پەیوەندییە گشتییەکان بەکاربهێنرێت لە ڕێگەی نووسینی راپۆرت دەربارەی دامەزراوەکە و لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان کە پەیامنێری ڕۆژنامەکە پێی هەڵدەستێ، وە ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ بەڕێوەبەری دامەزراوەکە دەکرێ ئەو وتار و بڵاوکراوەو ئامارانەی تایبەت بەدامەزراوەکە

بڵاودەکرێنەوە، بەمەش داوا لەپسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان دەکرێت کەپەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕۆژنامەکان هەبێت بە مەبەستی هاوکاریکردنی هەمووان لە پێناو گەیاندنی زانیاری ڕاست و ورد بۆ جەماوەر. (عمر، 2013، 71)

ب- **بڵاوکراوەکان:** لە کۆی ئامرازە چاپکراوەکان زۆرتر بەکاردێت بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان، بەهۆی کەمی تێچوونی و ئاسانی ئامادەکردنی و خێرایی لەگەیشتنی زانیاریەکان و بڵاوبوونەوەی.هەروەها بەئاسانی ئاڕاستەی چینە جیاوازەکانی جەماوەر دەکرێت بەپێی جەماوەری مەبەستتدار ئامادە دەکرێت.ئەم بڵاوکراوانە زیاتر بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراو بڵاودەکرێنەوە. (السطان، 2015، 191)

ج- **کتێبەکان**: کتێب بەئامرازێکی گرینگ دادەنرێت لەپەیوەندییە گشتییەکان کەجیا دەکرێنەوە بەتوانای درێژەپێدان و پیشاندان و روونکردنەوە وە هەروەها هەلی خوێندنەوەی دووبارە دەدات بەخوێنەر.ئەو کتێبەی کەلەلایەن کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان دەردەچێت دەربارەی هەواڵ و چالاکی و بیرۆکەکانی دەزگاکە و گەشەسەندنە زانستی و تەکنەلۆژی پیشەسازی و رۆشنبیری و ئابوری و ڕاگەیاندن لەدەورووبەر و لەجیهاندا. (ع. الجبوري ، 2016، 43)

د- **پۆستەر و پرۆشەر:** پۆستەر کۆمەڵێک دەستەواژە و شێوە و هێما وئاماژەیە کە مانایەکی دیاریکراوی هەیە، زۆرجار لەشێوەی لافیتەی گەورە یان بچوک لەپەڕۆ یان کاغەز یان دار یانیش لەفلێکس و فایبەر دروست دەکرێت، لەشوێنە گشتییەکان یان پێشانگا و شەقامەکان دادەنرێت تاوەکوو جەماوەر بیبینێت. هەندێکجاریش لە ئوتۆمبێلەکانی گواستنەوەی گشتی هەڵدەواسرێت.پۆستەرەکان وێنەی فۆتۆگرافی، سروشتی، هێڵکاری وەیان کاریکاتێر دەگرێتەوە، بەوە جیادەکرێتەوە کە گوزارشتێکی کورت، پێویستی بە هەوڵ یان کاتی زۆرنییە بۆ خوێندنەوە.زۆر دووبارە بوونەوەی هەلێکە بۆ کاریگەری خستنە سەر جەماوەر. (سليمان، 2009، 19)

**2-ئامرازە بیستراوەکان:** مەبەست لەو ئامرازانەیە کە پەیوەندییە گشتییەکان بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی پرۆگرامەکانی لە ڕێگەی دەنگ کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- **ڕادیۆ:** یەکێکە لەئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری، بەکەمترین تێچوون دەگات بە ملیۆنان کەس لەناوچە جوگرافیە جیاوازەکان.ڕادیۆ بۆتە بەشێک لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی، کە لەهەر شوێنێک و هەر کارێک بەدەستەوە بێت دەتوانرێت بیسەر گوێ لەبەرنامە و پرۆگرامەکان بگرێت.بۆیە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەکاریگەری خستنە سەر جەماوەرێکی فراوان و دروستکردنی ڕای‌گشتی. (السطان، 2015، 226)

لێرەدا پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت ڕادیۆ بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ نموونە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەیەک و دروستکردنی ڕای‌گشتی لەسەری، پێویستی بە زنجیرە بەرنامەیەک هەیە کە لەشێوە و کات و جۆردا جیاواز بن.بەڵام زۆر گرنگە ناوەڕۆکی بەرنامە و پەیامە بە زمانێکی ئاسایی و ئاسان بنوسرێت تاوەکوو خەڵکی ئاسایی بتوانێت لێی تێبگات و ئامانجەکە بپێکێت. (علي، 2010، 47)

ب-تەلەفۆن: ئامرازێکی پەیوەندیکردنی کەسیە، بۆ پەیوەندییکردن بە جەماوەری نێوخۆیی زیاتر بەکاردێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان.

ج- تۆمارەکان: ئامێری تۆمارکردنی دەنگە کە هەلی دووبارە بیستنەوە دروست دەکات بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن لەکاتی پێویستدا.ئەم تۆمارانە لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا پێشکەوتوون و قەبارەیان زۆر بچوک بۆتەوە و ئاسان هەڵدەگیرێت و بەکار دەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تۆماری دەنگ لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنێک کە لەمۆبایلەزیرەکەکان هەیە دەنگ تۆماردەکات، کە پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت بۆ کاری خۆی سوودیان لێوەربگرێت.. (السطان، 2015، 169)

**3-ئامرازە بینراوەکان**

أ- تەلەفزیۆن: بەربڵاوترین ئامرازی پەیوەندیکردنی جەماوەرییە، ڕۆڵیکی سەرەکی هەیە لەدروستکردنی ڕای‌گشتی.هەروەها ئامرازێکی خوشگوزەرانی ڕۆشنبیری و کات

بەسەربردنە، هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەیە لەپەروەردە و فێرکردن و گەیاندنی ڕاستیەکان بەجەماوەر، لەبەر ئەوە بەشێکی گرنگ لەژیانی ڕۆژانەی تاک و خێزان داگیردەکات لەگەڵ هەموو چینەکانی کۆمەلگە دەدوێت هەرچەند جیاواز و دوور بن لەیەکەوە. (ع. الجبوري ، 2016، 229) تەلەفزیۆن دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە بەبازاڕکردنی بەرنامەی پەیوەندییە گشتییەکان، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تۆکمە و بەهێز، هەروەها روون و ئاشکرا کە بتوانێت ئامانجی دیاریکراو بەدیبهێنێت.زیدەباری ئەمەش دەبێت ئەو بەرنامە بەهای گرنگی هەواڵی هەبێت کە سەرنجی زۆرترین بینەر و جەماوەر رابکشێت و کاریگەریان لەسەر دروست بکات. (الشحماني، 2006، 73)

ب-سینەما: ئامرازێکی پەیوەندیکردنە لەسەر ئاستی دامەزراوەکە و دەورەبەرەکەی بەگوێرەی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بەکاری پەیوەندییە گشتییەکان، چونکە دەتوانێت فلیمە سینەماییەکان پیشانی جەماوەری ناو دامەزراوەکە بکات بۆ پێشکەشکردنی بیرۆکەیەک یاخود بۆ پیشاندانی فیلمی دۆکیومێنتاری و پیشاندانی تەکنەلۆژی بۆ زیاتر بوونی شارەزاییان هەندێ جاریش دەکرێت بۆ جەماوەری دەرەکیش بەکاربێت بۆ مەبەستی دیاریکراو.سینەما لەمێژوودا کاریگەری زۆری هەبوە لە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان کە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لەجەنگی جیهانی دووەمدا چەکێکی بەهێزی پەیوەندییە گشتییەکان بەکارهاتووە.بەڵام ئێستا کەمتر بەکاردێت بەهۆی پەیدابوونی مۆبایلە زیرەکەکان و ئینتەرنێت. (ع. الجبوري ، 2016، 78)

## تەوەری سێیەم

## میدیای نوێ و پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا

یەکەم/ **چەمک و پێناسەی کارگێڕی گشتی**

چەمکی کارگێڕی گشتی لەکاتێکدا سەری هەڵدا کە کێشە و ململانێکان رووبەڕووی ئیمپراتۆری رۆمانییەکان بووە لەکاتی بەڕێوەبردنی حکوومەتتدا.بەڵام چەمکی کارگێڕی گشتی وەک زانستێکی سەربەخۆ لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەری هەڵدا، لەکاتێکدا"Woodraw Wilson " کە بە باوکی کارگێڕی گشتی دادەنرێت لەساڵی(1887 )یەکەمین کتێبی لەبارەی کارگێڕی گشتی نووسی و هەوڵیدا چەمکی کارگێری گشتی شیبکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی خستەڕوو.(عبوي، 2006، 15)

مەبەست لەکارگێڕی گشتی چالاکی و کارەکانی حکوومەت دەگرێتەوە کە ئەنجامیان دەدات بۆ بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی سیاسیەتی گشتی دەوڵەت لەناو دەستە و دامەزراوەکانی حکوومەتدا.هەروەها بە واتای بەڕێوەبردنی کۆی پرۆژە گشتییەکانی حکوومەت دێت لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستی جەماوەر بێ لەبەرچاوگرتنی بەدەستهێنانی داهاتی تایبەت لەجەماوەرەوە. (Version ,2015, 17)

بۆ ناساندنی کارگێری گشتی چەندین پێناسەی جیاواز هەن دەتوانین بڵێن پێناسەیەکی گشتگیری بۆ دیاری نەکراوە بەڵکو هەر پسپۆڕو شارەزایەک بە پێی تێڕوانینی خۆی پێناسەی بۆ کردوە بەڵام بەگشتی ماناکانیان لەیەکەوە نزیکە.بۆ نموونە لەپێناسەیەکدا هاتووە " کارگێڕی گشتی بریتییە لە کۆمەڵێک ئامراز و ڕێکخستن کە دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت پەیڕەوی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە و جەماوەر بەگشتی، کە هەموو بڕیار و کارو پڕۆژەکانی کاریگەری هەیە لەسەر تاک بەتاکی کۆمەڵگە لەهەموو بوارەکاندا". (الحريري، 2016، 12)

هەروەها کارگێڕی گشتی بریتییە لە "تێکەڵەیەک لەیاسا و ڕێنمایی و پەیوەندییەکان کە سیاسەتی گشتی دەوڵەت پەیڕەوی دەکات بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لە پێناو خزمەتکردنی گشتیدا" (smith ,2012, 22)

کارگێڕی گشتی بەوە پێناسەکراوە "چالاکیەکە بە مانای ئاڕاستەکردنی توانا مرۆییەکان دێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی بۆ بەرژەوەندی گشتی کە بەکارگێریی دامەزراوە حکوومییەکان دەناسرێت" (نصر ، 2006، 31)

هەروەها "علی سلمی" پێناسەی کارگێڕی گشتی دەکات بەوەی "کۆمەڵە جیاوازەکان و دەستە و لایەنەکانی ڕێکخستن هەڵدەستن بەدانانی پلان و ئاڕاستەکردن و کارگێری سەرچاوە نەتەوەییەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجە گشتییەکان" (عبدالقادر ،2000، 44)

لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەتوانین بڵێین کارگێڕی گشتی بریتییە لە "کرداری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی حکوومەت بۆ بەرژوەندیی گشتی".

**دووەم/ تایبەتمەندییەکانی کارگێڕی گشتی**

کارگێڕی گشتی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە کە جیای دەکاتەوە لەجۆرەکانی تری کارگێری وەک کارگێری کار و کارگێری دارایی و سەرچاوە مرۆییەکان و.....تاد، دیارترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەوانەن: (الموسوي 2004، 30)

1- کارگێڕی گشتی لەبەڕێوەبەرایەتی و وەزارەت و دامەزراوە حکوومییەکان جێبەجێدەکرێت و تایبەتە بە کەرتی گشتی.

2- کارگێڕی گشتی کار دەکات لە چوارچێوەی یاسایی و سیاسەتی گشتی دەوڵەت واتا دەسەڵاتی لەدەسەڵاتی یاسانان و دادوەری وەردەگرێت و جێبەجێیان دەکات.

3- قەبارەی کارکردن لەکارگێڕی گشتیدا فراوان و گەورەیە واتا لە چوارچێوەی پرۆژەکانی حکوومەتن، ئەوانیش پرۆژەی فراوان و قەبارە گەورەن و تێچوویان زۆرە بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت زیاتر خۆیان لەپرۆژەی بچوکتر دەبیننەوە.

4- کارگێڕی گشتی تەرکیز دەخاتە سەر دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی و دابین کردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ بۆ جەماوەر بەگشتی بەهەموو دەستە و لایەنە جیاوازەکانەوە و یەکسانی لەنێوان هەموو تاکەکان دەکات لەو خزمەتانەی کە پێشکەشیان دەکات.

5- کارمەند و فەرمانبەر لەکارگێڕی گشتیدا زیاتر هەست بە جێگیری کار دەکەن وەک لەکارگێری کار و کەرتی تایبەت.

6- لەکارگێڕی گشتیدا یەکە ئیدارییەکان بەشێوەی هەرەمی دابەش دەبن بەجۆرێک لەپلەی باڵاو یەکە بنەڕەتیەکان و سەرۆکایەتیەکان لێپرسراوی و ئەرکیان زیاترە وەک لەیەکەکانی خوارەوە و پلەنزمەکان.

7- پێوەری سەرکەوتن لەکارگێڕی گشتیدا بەندە بەرێژەیی ئەو خزمەتەی پێشکەشی جەماوەر و تاکەکانی دەکات کە بەپێچەوانەی ئەوە لەکەرتی تایبەت و لەکارگێری کار پێوەری سەرکەوتن بەندە بە ڕێژەی داهاتی بەدەست هاتوو.

**سێیەم/ پێگە و گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتی**

حکومەت لەسەردەمانی پێشوو پابەندبوون بەشێوازیکی کلاسیکی لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و کاروباری دەوڵەت و پاراستنی سنوورەکان هەروەها بارودۆخی ناوەوەی وڵات، بەڵام لەم سەردەمەدا لەگەڵ بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی دەوڵەتەکان و فراوان بوونی بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەرجەم بوارەکانی دیکە ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفت لەبەڕێوەچوونی کارەکانیان بۆیە ناچاربوون بیر لەبەشێکی تایبەت بکەنەوە کەبەڕێوەبردنی پەیوەندیی و هەماهەنگی کارەکانیان بۆ ئاسان بکات، لەژێر رۆشنایی ئەمە بەشێکی تایبەت بەپەیوەندییە گشتییەکان دروست بوو بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کار و پرۆژەکان.

گرنگیدانی زیاتری حکوومەت بە پەیوەندییە گشتییەکان بۆ فراوان بوونی سیستەمی دیموکراسی دەگەڕێتەوە، دەرکەوتنی رایگشتی وەک هێزێکی کاریگەر لەبەڕێوەبردنی رووداوەکان و دەرکردنی بڕیارەکان، هەروەها سەرهەڵدانی گروپەکانی فشار لەناو گۆمەڵگەدا بۆیە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان جەماوەر و حکوومەت بۆتە پێویستیەکی حەتمی. (Rhodes 2000, 42)

پەیوەندییە گشتییەکان لەناو دام و دامەزراوە حکوومیەکان رۆڵی هاوکارییەکی تەواو دەگێڕێت لەنێوان دامەزراوەکەو ژینگەی دەوروبەری لەنێوان تاک وکۆمەڵەکانەوە، بۆیە ناوی پەیوەندییە گشتییەکان رۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت.

هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر جەماوەرو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یەکێکە لەئەرکە سەرەکیەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامەزراوە حکوومیەکان کەئەمە پەیوەندی بەقەبارەی دامەزراوەکە نییە لەناو حکوومەتتدا بەڵکو پەیوەندیدارە بە ستراتیژیەت و ئەرک و شێوازی کاری ئەو دامەزراوەیە. (ستیل ،2007، 197)

هاوکات دەتوانین گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا لەچەند خاڵێک چڕ بکەینەوە: (الذهبي 2005، 20)

1- پلاندانان بۆ دامەزراوەکە ئەرکێکی زۆر گرنگی پەیوەندییە گشتییەکانە چونکە لەو ڕێگەیەوە تەواوی کارو پڕۆژە و ئامرازەکانی بەردەست و گرفت و ئامانج و سەرجەم وردەکارییەکان دیاری دەکرێت.

2- لێکۆڵینەوە لەهەڵوێست و رای جەماوەر و گواستنەوەی داواکاری و گلەییەکانیان سەبارەت بەکاری ئەم دامەزراوەیە.

3- گرنگی دان بەکاروباری فەرمانبەرەکانی ناوەوەی دامەزراوەکە.

4- بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دام و دامەزراوە هاوشێوەکان، تاوەکوو لە ڕێگەی هاوکاری نێوانیان بتوانن خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەن.

5- دەرکردنی هەندێ بڵاوکراوەی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییکردنەوە وەک بەرنامەی تەلەفزیۆنی یاخود ڕادیۆی، چاپکراوی کاتی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

6- ڕێکخستنی سەردان و مەراسیمە رەسمی و تایبەتەکان.

لێرەوە دەتوانین ئەوەش زیاد بکەین کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی هەیە لەدروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی زانیارییەکان، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان چەند هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە بۆ دروستکردنی هەندێ پەیوەندی کەپشکی هەیە لەپشتگیری کردنی لایەنی تێگەیشتن و ڕێز لەنێوان دامەزراوەکە و جەماوەر.بۆئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان بتوانێ پەیوەندییەکی ئەرێنی دروست بکات دەبێ هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن بەجۆر و شێوازی جیاواز بکات وەک(هەڵمەتێک بۆ فێرکردن یان بۆ پاڵپشتی جەماوەر و پشتگیری لەهەندێ ڕەفتار و هەڵسوکەت یاخود باوەڕپێهێنانی جەماوەر بەبابەتێک یان دوورکەوتنەوە لەبابەتێک و یانیش قەناعەت پێهێنانیان بۆ پشتگێری پرۆژەیەکی حکوومەت....تاد).لەم گۆشە نیگایەوە وا پێویستە پەیوەندییە گشتییەکان ئامانج و پلانی دیاریکراو بێت، هەروەها تێچو و کات و خشتەی کار و چالاکییەکانی روون بکاتەوە.دروستبوونی وێنەی هزری ئەرێنی سەبارەت بەدامەزراوەکە زیاتر پشت دەبەستێ بە هەبوونی زانیاری و ئەزموون لەبوارە جیاوازەکان، سەرەڕای ئەوەی گرتنەبەری هۆکارە جیاوازەکان بۆ ئەم مەبەستە، تاکو پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دامەزراوەکە و جەماوەر دروست بێت بۆ سوودی بەرژوەندییە هاوبەشەکانی نێوانیان. (انور ،2011، 359)

**چوارەم/ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا**

ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا واتە لەدامەزراوە حکوومیەکان، جیاوازە بە پێی ئەو بوارەی بۆی بەکاردێت و بەپێی جۆری دامەزراوەکە بۆ نموونە پەیوەندییە گشتییەکان لەکەرتی حکومی لەگەڵ کەرتی تایبەت لەزۆر رووەوە جیاوازن جگە لەوەش لەشێواز و کار و ستراتیژیەتی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر یان لەدەستەیەکەوە بۆ

یەکی تر جیاوازە، لەگەڵ هەبوونی ئەو جیاوازیانەش سەرئەنجام پەیوەندییە گشتییەکان لە رووی ئەدا و جەوهەری کارکردنەوە هەوڵێکە بۆ هاوکاری و متمانە لەنێوان وەزارەت و دەستە حکوومیەکان لەلایەک و لەنێوان جەماوەریش لەلایەکی تر، چونکە سەرکەوتنی هەر دامەزراوە و دامەزراوە خزمەتگوزاری و وەبەرهێنەکان لەخزمەتکردنیان بە هاوڵاتیان دەوەستێتە سەر ئەو هاوکاری و متمانەیەی لەنێوان هاوڵاتیان و حکوومەت هەیە. (درة ،2010، 86)

لێرەوە دەتوانین ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێری گشتیدا لەچەند خاڵێک پوخت بکەینەوە:

1- بەدەست هێنانی پشتگیری رای‌گشتی لەسیاسەت و بەرنامە و یاسا نوێیەکان یاخود گۆڕانکاری لەیاسا کۆنەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی کۆمەڵگەی سەردەم.

2- گەیاندنی زانیاری سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی دەوڵەت پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات هەروەها ئامادەکردنی کەسانی زیرەک و شارەزا لە بوارەکە تاوەکوو بتوانن بەباشی لەئاست متمانەی جەماوەر بن. (مطاوع ،2018، 21)

3- گواستنەوەی ڕاو سەرنجی جەماوەر بۆ دامەزراوە و دەستە جیاوازەکانی حکوومەت، تاوەکوو لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکرێن و بە دەنگ داواکارییەکانیان بچن.

4- قەناعەت پێهێنانی جەماوەر بۆ هاوکاری کردنی حکوومەت لەکاتی بوونی کێشە و ئاریشەکان یاخود لەکاتی بوونی قەیران و گرفتە داراییەکان.

5- فەراهەمکردنی ئامرازی پێویست بۆ جەماوەر تاکو لە ڕێگەیەوە بەشێوەیەکی ئازادانە گوزارشت لەگرفت و داواکارییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی دامەزراوەی تایبەت بە داواکارییەکانیان بەباشترین شێوە هاوکاریان بێت.

6- وەڵامدانەوەی ئەو پڕوپاگەندەو واتەواتانەی هەندێ ئامرازی ڕاگەیاندنی دەرەکی پێی هەڵدەستن یاخود ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنەی لەناوەخۆ دا هەن، ئەوەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕاست و دروست پەیوەندیدار بەبابەتەکە بەڵام هەندێ جاریش پێویست دەکا بێدەنگی بنوێنرێت لە پێناو پاراستنی ئاسایشی و نەتەوەیی. (احمد ،2015، 81)

7- دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی سەبارەت بە دامەزراوەکە.

8- بەدەستهێنانی متمانەی ڕێکخراو و دەستە بیانییەکان، تاکو هاوکاری حکوومەت بکەن لەبەڕێوەبردنی کار و پڕۆژەکان.

**9**-چاککردن و بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ناوەوەی دامەزراوەکە و پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرەکان لە ڕێگەی کردنەوە خول و وێرکشۆپ و کۆبونەوە تایبەتەکان هاوکات بەشی پەوەندییە گشتییەکان لەدام و دامەزراوە حکومیەکان زۆر جار بە هاوکاری بەشی پلان و ڕاگەیاندن کارەکانیان بە هاوبەشی ئەنجام دەدەن. (زین 2017، 298)

**پێنجەم/ گرنگی وبەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتیدا**

ئینتەرنێت و میدیای نوێ بۆتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لەچۆنییەتی بەگەڕخستن و سوود وەرگرتن لێی، بەجۆرێک کەپێی دەگوترێت " پەیوەندی گشتی ئەلیکترۆنی" واتا زۆرینەی کارەکانی لەڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە ئەنجام دەدات.میدیای نوێ و ئینتەرنێت شۆڕشێکی لەجیهانی پەیوەندییە گشتییەکان هێنایە ئاراوە، کاریگەرییەکەشی تەنها لەگۆڕینی ئەو ڕێگایانەی کە تایبەتمەندن لەو بوارە گرتبویانەبەر نەبوو، بەڵکو یارمەتی گۆڕینی تەواوی روخساری کاری پەیوەندییە گشتییەکانی دا. (دیفید فلیپس 2003، 167)

بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان بووە پێداویستییەک هەر دەبوو هەبێت، لەخۆگرتنی ئەو تەکنیکە نوێیەش، دەرەنجامی گەشەسەندنی بێ پێشینەی ژمارەی دەروازەکانی راگەیاندن و خێرایی گواستنەوەی زانیارییە بەردەستەکان و قەبارەی ئەودامەزراوانە بوو، کەپەیوەندییە گشتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەها قەبارەی خودی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و جۆراوجۆربوونی ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە شایەنی پیادەکردن و بەکارهێنان بوون لە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان. (د. یوسف 2008، 148)

لەئێستادا دابنیکردنی توانا ئەلیکترۆنیەکان و ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێوەبردنی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتی و دامەزراوە حکوومیەکان بۆتە کارێکی پێویست و رەنگە بێ بەردەست بوونی توانا ئەلیکترۆنییەکان، پەیوەندییە گشتییەکان نەتوانێ وەک پێویست بە ئامانجەکانی بگات. (شفیق ،2006، 25)

ئامرازەکانی میدیای نوێ یارمەتی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پەیوەندییە گەشتییەکان و کردارەکانی دووبارە دارشتنەوەی پەیکەر و دەسەڵاتی هاوبەش و نوێ و رەواجدان بەدامەزراوەکە و بەڕێوەبردنی گرفت و قەیرانەکان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەدات.

هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەیە لەدەستەبەرکردنی پشتگیری جەماوەر و ئاڕاستەکردنیان بۆ بەرژەوەندی دامەزراوەکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵی ڕاست و دروست بۆ جەماوەر، زیاد لەمەش دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی بازاڕسازی بگێڕێت بە بازاڕکردن و ناساندنی کارو چالاکییەکانی دامەزراوەکە بە هۆی بڵاوکردنەوەی کاروچالاکیەکان لەکاتی خۆیدا و بەشێوازێکی گونجاو و سەرنجڕاکێش. (Petrovici ,2014, 82)

لێرەدا کارمەندی سەرکەوتووی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ وە ئارەزووی خوڵقاندنی سۆزداری ودەستەبەرکردنی پەیوەندی ئالۆگۆرکراوی نێوان دامەزراوە و جەماوەرە چالاک و هۆشیارەکەی دەکات، ئامانجیش پارێزگاریکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ جەماوەری چالاک و راکێشانی ئەو خەڵکانەی کە دەزگاکە دەناسن و بایەخەکانی ئەو کەسانەش دەدوێنن، کە تا ئێستا دەزگاکە ناناسن، لەبەر ئەوە پیادەکردنی کارگێریی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگاکان لەسەر ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ بایەخێکی زۆری بۆ دامەرزاوە گشتییەکان هەیە. (Achor & Others ,2014, 1698)

سەرباری ئەوەی میدیای نوێ دەرفەتی مەزن بۆ بەگەرخستنی کارامەیی و داهێنانەکانی کادرەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی لەم بوارەدا رەخساندووە، هەروەها ئامرازەکان و تەکینکەکانی پەیوەندیکردنی بۆیان دابین کردوە، تەکنەلۆژیای نوێ یارمەتیدەربووە

لەبەکارهێنانی زۆرێک لەڕێگە و ئامرازەکانی ئەنجامدانی پەیوەندییکردن بە شێوەیەکی قوڵ و کاریگەر.

پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین تایبەتمەندی و شارەزایی کادری پەیوەندییە گشتییەکان زۆر گرنگە لەهەمبەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان، بۆنموونە شارەزایی هەبێت لەچۆنییەتی بەکارهێنانی زۆربەری ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ وچۆنییەتی پاراستی سکیوریتی ئەو پەیج و وێب و لاپەڕانەی تایبەتن بە دامەزراوەکە لەهەرجۆرێکی مەترسی هاک و لەدەستدانیان.لەگەڵ ئەوەش شارەزابێت لەچۆنییەتی زیادکردنی فۆلۆوەر و ژمارەی بینین و سەردانکەران، تاوەکوو بڵاوکراوەکان زۆرترین ڕێژەی بینەریان هەبێت.لێزانین لەچۆنییەتی نووسین و ووردی و لێهاتوویی لەداڕشتنی ئەو بابەت و ناوەڕۆکەی بڵاوی دەکەنەوە و گونجاندنی لەگەڵ وێنە و ڤیدیۆکان بە پێی سروشت و جۆری جەماوەر.هەروەها بوونی ئەتەکێتی گونجاو و جوان لەوەڵامدانەوەی کۆمێنت و نامەی تایبەت لەبەخشینی زانیاری وردتر بە بەکارهێنەر. (کردي ،2010، 65)

زیاد لەوانەش کادری پەیوەندییە گشتییەکان دەبێ لەفێربوون و بەدواداچوونی بەردەوام دابێ لەبارەی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە ڕێگەی بەدواداچوون و بینینی خول و ۆرکشۆپ و سیمیناری تایبەت بەو بوارە، چونکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی میدیای نوێ بەردەوام لەگۆڕانکاری و پەرەسەندن دان، بۆیە پێویستە کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان هاوتەریبی پێشکەوتنەکان بڕۆن و دوانەکەون. (P.Oneya 2008, 40)

**شەشەم/ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ**

دەکرێ ئامرازەکانی میدیای نوێ چەند بەکارهێنانێکی گرنگیان هەبێت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان بۆ نموونە دروستکردنی وێبسایتێکی تایبەت بەدامەزراوەکە جا وێبسایت یاخود پەیج و ئەکاونت بێت لەهەر جۆرێک لەجۆرەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، لەوێوە هەواڵ و زانیاری و چالاکییەکانی تایبەت بە دامەزراوەکە و وێنە و بابەتی ڤیدیۆیی بڵاوبکرێتەوە تاوەکوو ئاسانکاری بکات بۆ بەکارهێنەر و جەماوەر زۆرترین زانیاری و ڕێنمایی و هەواڵ

بەدەستبهێنن.بەمەش سەردانکردنی هاوڵاتیان بۆ دامەزراوەکان بەمەستی بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەندیدار کەم دەبێەوەو گرفتی قەرەباڵغی لەدامەزراوەکان دروست نابێت.هەروەها ئەمە یارمەتیدەریش دەبێت لەئەرشیفکردنی زانیاریەکانی تایبەت بەدامەزاروەکە لەتۆڕی ئیتەرنێت و مانەوەی بۆ کاتێکی درێژ تاوەکوو بۆ هەر مەبەستێک بێت بەکارهێنەر یاخود جەماوەر لە ڕێگەی سایتەکانی بەدواگەڕانەوە بتوانن بیاندۆزنەوە و بەکاریانبهێنن. (A.kisiolek 2003, 118)

لایەنێکی تری گرنگی کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان جەماوەری نێوخۆییە، کەدەبێ پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ کارمەندانی نێوخۆیی دامەزراوەکە هەبێت ولەپەیوەندی بەردەوامدا بێت لەگەڵیان، هاوکاری و پشتیوانی بەردەوام لەنێوانیاندا هەبێ، بۆ ئەم مەبەستە کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و پەیوەندیکردنەکانی لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە تایبەت ئەپڵیکەیشن چات زیاتر بۆ پەیوەندیکردن بەکارمەندانی نێوخۆیی دامەزراوەکە بەکاردێنێت، بە تایبەت تر ئەو ئەپانەی کە سکیوریتیان بەهێزترە و کەمتر هاک و کۆنترۆڵ دەکرێن.پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە تێچووی کەمتری لەسەر دەکەوێت و کواڵێتی پەیوەندییەکەش باشتر دەبێت، دەتوانێت وێنە و ڤیدیۆ و فایل و زانیارییەکان بەشێوازێکی ئاسان بنێرێت یان دەستی بکەوێت. (Basha ,2011, 40)

لەگەڵ ئەوانەشدا لەکاتی ڕوودانی تەنگژە و ڕووداوەکان و بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لەناو جەماوەردا، یاخود کاتێک دامەزراوەکە ڕووبەڕووی ئاریشەی لەناکاو دەبێتەوە، بە تایبەت لەزەمەنێکی وەک ئێستا بەشێکی زۆری پەیامنێرو دامەزراوە ڕاگەیاندنەکان بەدوای هەواڵی چەواشەکاری دەگەڕین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و ناوزڕاندنی دامەزراوەکانی حکوومەت، بەڵام پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و تۆڕەکۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکان دەتوانێ ڕوونکردەوە و شیکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ جەماوەر

بڵاوبکاتەوە و ڕاستیەکان روون بکاتەوە.تاوەکوو پێش بە دروست بوونی وێنەی هزری نەرێنی بگرێت بۆ دامەزراوەکە و ڕێگە لەپەرەسەندنی چەواشەکاری بگرێت. (Berman ,2012, 19)

فلیپس " Phlilips" پێی وایە کادری پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ وەک دەرگەوانی دامەزراوەکە لەسەر ئینتەرنێت و ئامرازەکانی میدیای نوێ کاربکات و ناوبانگی دامەزراوەکەی لە ڕێگەی چاودێری مشتومڕو بەرزەفتکردنی واتەواتەکان لەقۆناغەکانی بەراییدا بپارێزێت و ڕێگە لەگەشەسەندنیان بگرێت. (د. ئەحمەد 2019، 287)

بۆ زیاتر خستنەڕووی بەکارهێنانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان، توێژینەوەیەک کە لەزانکۆی نیرۆبی ئەنجام دراوە بە ناونیشانی "تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەکاری پەیوەندییە گشتییەکان لەحکوومەتی کینیا" ئەوە دەردەخات، سۆشیاڵ میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکار دەهێنرێت بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان بە تایبەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی. لەو ئامرازانەی سوشیاڵ میدیا زیاتر فەیسبووک و واتس ئاپ بەکاردێت بە بەراورد بەئامرازەکانی تر.هەروەها توێژینەوەکە ئەوەشی خستۆتە کە ئامرازەکانی میدیای نوێ بەگشتی کارئاسانییەکی زۆردەکات بۆ کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی حکوومەتدا. (Sakali 2015, 54)

هەر لەم بوارەدا زانکۆی ئۆکلاند بۆ تەکنەلۆژیا توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بەناونیشانی " کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان" ئەوە دەخاتەڕوو کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەکاروباری پەیوەندییە گشتییەکان ئاسانکاری زۆری کردوە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارو ئەرکەکانی، ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر و دورست بوونی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵیاندا.لەهەمان کاتدا توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستوە کە زۆرجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە پەیوەندییە گشتییەکان کۆنترۆڵی پاراستنی زانیارییەکان لەدەست دەدات و گرفت بۆ کارەکانی دروست دەبێت. (Bhargava 2010, 111)

لێرەوە دەردەکەوێت ئامرازەکانی میدیای نوێ پێگە و گرنگی تایبەتی هەیە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان و ئاسانکاریەکی زۆر بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکانی دەکات، پێویستە ئەوەش بزانین بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەکاری پەیوەندییە گشتییەکاندا پسپۆڕی و شارەزایی پێویستە و زۆرجار بوونی هەڵەیەکی بچوک لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەک دامەزراوەکە تووشی گرفت دەکات.لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ڕێگە خۆشکەر دەبێ بۆ دروستبوونی حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی.

**حەوتەم/ پەیوەندییە گشتییەکان و حکوومەتی ئەلیکترۆنی**

حکوومەتی ئەلیکترۆنی(e-government) یاخود حکوومەتی دیجیتاڵی بەواتای کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان حکوومەت و هاوڵاتی دێت یاخود کارکردنی حکوومەت دێت لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کەڕێگایەکی سەردەمی و پێشکەوتووە لەبەردەم کارگێڕی گشتیدا تاوەکوو گۆڕانکاریەکی گەورە لە سیستەمی کارکدرنی خۆیدا بکات. (Al-rawahna ,2018, 166)

بۆ ناساندنی حکوومەتی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک پێناسە هەن، بەنزیکەیی هەمان مانا دەبەخشن بەڵام بەچەند گوزارشتێکی جیاواز لەوانە "حکوومەتی ئەلیکترۆنی کەرتی گشتییە کە زانیاری و پەیوەندیکردنی تەکنەلۆژی بەکاردێنێت بەئامانجی گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، کە هاوڵاتیش دەتوانێ بەشدار بێت لەدروستکردنی حکوومەتێکی کارا و کاریگەر". (singh ,2009, 316)

حکوومەتی ئەلیکترۆنی بەوە پێناسەکراوە کە " ئەو حکوومەتەیە کە خاوەنی سیستەمی تایبەتی خۆیەتی لەزانیاری و پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی کە کۆڕانکاریەکی ریشەییە لەلەپەیوەندییەکانی لەگەڵ هاونیشتیمانیاندا بۆ کوالێتییەکی باشتر " (Alshehri ,2010, 36)

یاخود حکوومەتی ئەلیکترۆنی بریتییە لە "گەیاندنی خزمەتگوزاری و زانیارییەکانە بەشێوەیەکی ئۆنلاین، کە دەبێتە هۆی پێشخستنی کارگێڕی گشتی و کەمکردنەوەی رۆتینات لەحکوومەتدا و زیادکردنی کارلێک لەگەڵ جەماوەردا" (Dardha ,2004, 7)

لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ حکوومەتی ئەلیکترۆنی بکەین بەوەی "ئەو جۆرە حکوومەتەیە کە بەڕێگایەکی ئۆنلاین زانیاری و خزمەتگوزارییەکان پێشکەشی جەماوەر دەکات، گۆڕانکارییەکی ریشەییە لەشێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کارەکان لە سیستەمی کارگێڕی گشتیدا ".

جکوومەتی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەیە کە لەحکوومەتی کلاسیکی جیاوازە، دەتوانین تایبەتمەندییەکان بەچەند خاڵێک پوخت بکەینەوە:

1- حکوومەتی ئەلیکترۆنی رێژەی تێچوو لەکات و وزە کەم دەکاتەوە، چونکە رێکاری نوسراوەکان لەنێوان دامەزراوە جیاوازەکان لە رێگەی داتابەیسێکەوە کە بەیەکەوە لکێندراون دەگوازرێتەوە، بەمەش کاتێکی کەمتری دەوێت بۆ هاولاتی و قەرەباڵغی لەدامەزراوەکان کەم دەبێتەوە. (Joseph 2015, 20)

2- لەحکوومەتی ئەلیکترۆنیدا خەرجی و تێچووە داراییەکان کەم دەبێتەوە، چونکە ئەنجامدانی مامەڵەکان لە رێگەی ئۆنلاینەوە، کاریگەری زۆرباشی هەیە لەسەر لایەنی ئابووری هاولاتیان.بۆنموونە لەحکوومەتی کلاسیکدا یاخود ئاساییدا پرکردنەوەی فۆرم و بەڵێننامە لە رێگەی دادنووس ئەنجام دەدرێ کە لەسەر هاولاتی پێویستە پارەی دادنووس بدات، ئەمە جگە لەتێچووی هاتوچۆو بۆ راییکردنی مامەڵەکان.بەلام لەحکوومەتی ئەلیکترۆنیدا هاوولاتی لەماڵەکەی خۆی لە رێگەی ئۆنلاینەوە مامەڵەکانی رایی دەکرێت.

3- لەحکوومەتی ئەلیکترۆنیدا هەڵەی کارگێری لەنووسراوەکاندا کەمترە، چونکە کلێشەی نووسراوەکان پێشتر ئامادەکراوە و جێگیرکراوە، واتە هاولاتی تەنها زانیارییە تایبەتەکانی تۆمار دەکات و ناتوانێت دەستکاری زانیارییە بنەڕەتییەکان بکات، بەمەش بواری هەڵەی کارگێری زۆر کەم دەبێتەوە. (Zavattaro 2013, 246)

4- لەحکوومەتی ئەلیکترۆنی کارلێکی ئاڵوگۆڕ و شێوازی پەیوەندییکردن لەنێوان جەماوەر وحکوومەت زۆر خێراترو ئاسانترە وەک لەحکوومەتی کلاسیکی، چونکە هاوڵاتی بە ڕێگایەکی ئاسان و لەماڵەکەی خۆیدا و لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە دەتوانێ داواکارییەکانی بگەیەنێت بەلایەنی پەیوەندیدارو بەرپرس.هەروەها هەلی ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەنێوان هاوڵاتی و لایەنی بەرپرس دەخولقێنێت بەمەش کار لەسەر لایەنی دەروونی هاوڵاتی دەکات و بەدەستهێنانی پشتگیریان ئاسانتر دەبێت. (Khalil 2002, 3)

5- گەیاندنی زانیارییەکان و هەواڵە پەیوەندیدارەکان خێراترە و دەگات بە جەماوەرێکی فراوانتر، زیاد لەوەش لەهەمووکاتێکدا ئەو زانیارییانە لەتۆڕی ئینتەرنێت بەردەستن و هاوڵاتی هەرکات بیەوێت دەتوانێ بەدەستیانبهێنێت، واتە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیارییەکان وابەستە نییە بە چەند سعاتێکی دیاریکراوی دەوامی فەرمی. (Bertot 2008, 139)

6- دەستکەوتنی داتا و ئامارەکان ئاسانە بە تایبەت بۆ توێژەر و قوتابی و یان هەر کەسێک پێویستی بێت، بەجۆرێک لە ڕێگەی ئامرازی بەکارهاتووی ئەو دامەزراوەیە لەهەر جۆرێکی ئامرازەکانی میدیای نوێ بێت دەتوانێ زانیاری و ئاماری پێویستی دەست بکەوێت بەکەمترین کات. (Al-Hakim 2007, 26)

لەکاتی بوونی حکوومەتی ئەلیکترۆنی پەیوەندییە گشتییەکان زانیارییەکانی ئاسانتر دەست دەکەوێت، بۆ نموونە گەر هەر ئامار و داتایەکی پێویست بێت ئەوا لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان دەیدۆزێتەوە، چونکە سەرجەم و ئامارو داتا و زانیارییەکان پۆلێن کراون.هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ بەدواداچوون بۆ سەرجەم ئەو سکاڵاو داواکارییانە بکات کە ئاڕاستەی ئەو دامەزراوەیە دەکرێت بە پێچەوانەوە لەحکوومەتی کلاسیکیدا زۆربەری سکاڵاکان ون دەبن و ناگەنە شوێنی خۆیان، بەڵام لەحکوومەتی ئەلیکترۆنی سکاڵا و داواکارییەکان ون نابن گەر کاتیشیان بەسەردا تێپەڕێت، کارگێری پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ لێیان بکۆڵێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکات.نموونەی ئەمە

دەبینین لەوەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەپڵیکەیشنێک دروستکراوە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتی دەتوانێ بەدواداچوون بۆ نوسراوەکەی بکات.

هەرچەند حکوومەتی هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی ئەلیکترۆنی نییە بەڵام لەبەشێک لەدەستە و دامەزراوەکانی کار بۆ بە ئەلیکترۆنی بوونیان کراوە و بەشێکی جێبەجیکراوە وکاری پێ دەکرێت.

لێرەوە دەردەکەوێت لەحکوومەتی ئەلیکترۆنیدا کاروچالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان باشتر بەڕێوەدەچن ئەرکەکانی خێراتر جێبەجێدەکات و زیاتر ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەبەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دامەزراوەکە و دروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ جەماوەری نێوخۆیی و دەرەکی و دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە.

# بەشی سێیەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوە

## تەوەری یەکەم/ ڕێکارییە مەیدانییەکانی توێژینەوە

1/ میتۆدی توێژینەوەکە

2/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

3/ نموونەی توێژینەوەکە

4/ بوارەکانی توێژینەوەکە

5/ کەرەستەکانی توێژینەوەکە

6/ پێوەری راستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە

7/ رادەی جێگیری توێژینەوەکە

8/ ئامرازە ئاماکارییە بەکارهێنراوەکان

## تەوەری دووەم / شیکردنەوەی خشتەکان و خستنەڕووی زانیارییەکان

دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

پێشنیازەکانی توێژینەوە

سەرچاوەکان

## بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم

## ڕێکارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### 1/ میتۆدی توێژینەوەکە:

مەبەست لەمیتۆدی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو ڕێبازەیە کە توێژەر پەیڕەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی توێژینەوەکەی. (د. الدليمي ،2004، 64) لەبەر ئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕێژەو چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ یە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە لەکارگێڕی گشتیدا، کە توێژینەوەی بابەتەکەش توێژینەوەیەکی وسفییە.بۆیە میتۆدی گونجاو بۆ سروشتی ئەم توێژینەوە کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتییە لە میتۆدی ڕووپێوی بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بگونجێت لەگەڵ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواو دەربارەیان.

### 2/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەسەرجەم کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی بەشی پەیوەندییەکان لەخۆ دەگرن.واتە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (10) وەزارەت لە کۆی (19) وەزارەتی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، توێژەر بۆیە ئەو وەزارەتانەی وەرگرتووە چونکە تەنها ئەو(10) وەزارەتە بەشی پەیوەندییەکان لەپەیکەری وەزارەتەکانیان هەیە.

### 3/ نموونەی توێژینەوەکە:

توێژەر بەشێوەی ڕووپێوی گشتی نموونەی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، دوای بەدەستهێنانی زانیاری تایبەت، گشت کارمەندانی بەشی پەیوەندییەکانی وەرگرتوە لە کۆی (10) وەزارەت کە ژمارەیان (57) کارمەند بوو بەهەردوو ڕەگەزەوە.

**4/ بوارەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سێ بوار دەگرێتەوە کە بریتین لە:

أ. **بورای شوێن**: سنووری توێژینەوەکە بریتییە لەو وەزارەتانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان هەیە لەکابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ب. **بواری کات**: مەبەست لە بواری کات، کاتی دابەشکردنی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکەیە واتە لایەنی مەیدانی لەڕێکەوتی(2019/11/1) تاکو(2019/12/1) لەو ماوەیەدا فۆرمەکان دابەشکراون و زانیارییەکان کۆکراونەوە.

**ت. بوراری مرۆیی:** بریتیە لەسەرجەم کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو وەزارەتانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیان تێدایە بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ.

**5/ کەرەستەکانی توێژینەوەکە:**

گرینگترین ئەو کەرەستانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیە بەکاریهێناون بریتین لە:

**أ. راپرسی:** راپرسی بە مانای کۆکردنەوەی داتا دێت کە پشت بە کۆمەڵێک پرسیار دەبەستێت، توێژەر لە ڕێگەی وەڵامی پرسیارەکان زانیارییەکانی دەست دەکەوێت. (العزاوي ،2008، 131) توێژەر لەم توێژینەوەیە فۆرمی راپرسی بەکار هێناوە بۆ پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەکارگێڕی گشتی.فۆرمەکە لە(4) پرسیاری گشتی و(15) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە پێک هاتووە.

**ب.تێبینیکردن:** بەیەکێک لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت لەتوێژینەوە مەیدانییەکاندا، لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە دەتوانرێ تێبینی دیاردە یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وورد بۆ دیاریکردنی هەڵسوکەوت یان دیاردەکە. توێژەر لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە ئەو زانیارییەی کە نەیتوانیوە لەفۆرمی راپرسی بەدەستی بهێنێت، هەوڵیداوە لە ڕێگەی تێبینییەوە بەدەستیانبهێنێت بە تایبەت لەکاتی

دیاریکردنی ئەو بابەت و هەواڵ و چالاکییانەی کە لەتۆڕە کۆمەلایەتی و پەیجە فەرمییەکانی وەزارەتەکان بڵاودەکرێتەوە.

### 6/ پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە

پێوەری ڕاستی لەگرنگترین ئەو کارانەیە کە توێژەر لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی توێژینەوەکە بایەخی پێدەدات بۆ زانینی رادەی ئاستی راستی فۆڕمەکە، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە زانیاری و داتای گونجاو بەدەست بهێنن، کە یارمەتی توێژینەوەکە بدات، ئەمە نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوە بەراستی بەکارنەهێنرێت. (عوض 2008، 249)

دەکرێت ژمارەی راستی هەڵسەنگاندنەکە بدرێتە دەست ژمارەیەک (شارەزاو پسپۆران)ی ئەو بوارانەی پێوانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، ئەگەر شارەزایان بڕیارییان دا کە بڕگەکانی راپرسییەکە گونجاوە، ئەوا توێژەر دەتوانی پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت. (عطوي 2000، 139)

توێژەر بۆ دەسکەوتنی پێوەر راستی پشتی بە (5) پسپۆری ئەکادیمی لە بوارەکانی (ڕاگەیاندن، ئامار) بەستووە، دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆران و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆرمەکان دەرکەوت، ڕێژەی سەدی راستی رواڵەتی بریتییە لە (96.86 %)مانای وایە راستیی فۆرمەکە ژمارەی ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە، ئەمەش نیشانی راستەقینەی راستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە.

---

**[*]ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندانی ناوەڕۆکی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە**

1. پ.ی.د.هێرش رەسوڵ، پەیوەندییەگشتییەکان و بازاڕگەری/کۆلیژی پۆلۆتەکنینکی/زانکۆی سلێمانی
2. پ.ی،د.سامان جلال مولود، ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن / کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
3. پ.ی.د.حەبیب کەرکوکی، راگەیاندن/ رادیۆ،تەلەفزیۆن/ پەیمانگای ئەڵمانی
4. پ.ی.د رزگار مەغدید ئەحمەد، ئامار/ کۆلێژی کارگێڕی ئابوری/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
5. پ.ی.م.هەردەوان مەحمود کاکە شێخ ، ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

**7/ ڕادەی جێگری توێژینەوەکە**

ڕادەی جێگیری توێژینەوە بریتییە لە جێگری ئەنجامەکان، کە بەچەند ڕێگایەک دەکرێت جێگیری توێژینەوە دیاریبکەین یەکەمیان لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (test-retest). (زغیب 2009، 78) ڕێگایەکی تر بەکارهێنانی هاوکێشەی (الفا کرونباخ) کە بەهاکەی پێویستە گەورەتر یان یەکسان بێت بە (0،6).

بۆ زانین و دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیری بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی (الفا کرونباخ)ی بەکارهێناوە ، لەم توێژینەوەیەش بەهاکەی بریتیە لە (0.888) کە ئەمە بەهایەکی بەرزی ڕادەی جێگیری بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی پیشان دەدات. بۆ بینینی بەهای کۆی خشتەکان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (2).

**8/ ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان**

بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان، توێژەر بەشێک لە کەرستە ئامارییەکانی )بەکارهێناوە، گرنگترینیان(SPSS) (Statistical Package for Social Science)، واتە شیکردنەوەی داتای ئاماری لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیە کە بە سیستەمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت، بۆ شیکردنەوەی داتاکان، چەند یاسایەک بەکارهاتوون، کە ئەمانەن:

1. ڕێژەی سەدی $= \dfrac{\text{بەش} \times 100}{\text{کۆی گشتی}}$

2. ناوەندی ژمێرەیی س $= \dfrac{\text{مج س}}{\text{ن}}$

3. لادانی پێوەریي ع$= \sqrt{\dfrac{\text{مج}(\text{س} - \bar{\text{س}})^2}{\text{ن} - 1}}$ (البلداوی 2004، 156)

٤. هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن: ڕ=

$$r=\frac{n\left(\sum xy\right)-\left(\sum x\right)\left(\sum y\right)}{\sqrt{n\sum x^{2}-\left(\sum x\right)^{2}}\sqrt{n\sum y^{2}-\left(\sum y\right)^{2}}}$$

(عودة 1992، 238)

ك     مج ص (1−ص)     pq مج     ك

5. هاوکێشەی (کرونباخ الفا) – ك− ر (20) = ——— (———————) (——— −1) ——— = (20) ك ر

ك−1     $س_ع^2$     $s^2x$     ك     −1

(المنزيل 2010، 140)

## تەوەری دووەم

## خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی لێتوێژراوی توێژینەوە

لەم باسەدا بەوردی شرۆڤەی داتاکان و ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دەکەین، دوای دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر لێتوێژراوی توێژینەوە و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان و ئەنجامدانی کرداری بەتاڵکردن(تفریغ) بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆڕمەکە، لەخوارەوە زانیارییەکان لەشێوەی خشتە پۆلێن و ڕێکخراوە و روونکراونەتەوە، کە لە(17)خشتە پێک هاتوون، دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە وەک دەرهاویشتەی ئەو داتا و زانیاریانە خراوەتە ڕوو.

### یەکەم/ زانیارییەکەسییەکان

توێژەر لەم بڕگەیەی ڕاپرسییەکەدا مەبەستییەتی بگاتە بەدەستهێنانی زانیارییەکەسییەکانی وەک(ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، ساڵانی ئەزموونی کارکردن لە پەیوەندییە گشتییەکان).

### 1.ڕەگەز

خشتەی 1 ڕەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 33 | 57.9 |
| مێ | 24 | 42.1 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە ڕەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە روون دەکاتەوە، ڕەگەزی نێر لە لێتوێژراوی توێژینەوە بەڕێژەی(57.9%) بەپلەی یەکەم هاتووە بە (33)دووبارەبوونەوە و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی(42.1%) بەپلەی دووەم هاتووە، بە (24)دووبارەبوونەوە. لێرەوە روون دەبێتەوە کە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەزارەتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕەگەزی نێرن.

**2. تەمەن**

خشتەی2 تەمەنی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| 18 -30ساڵ | 20 | 35.1 |
| 31-40ساڵ | 28 | 47.7 |
| 40ساڵ و زیاتر | 9 | 15.8 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەخشتەی(2) دەردەکەوێت زۆرینەی تەمەنی لێتوێژراوی توێژینەوە لە نێوان 30- 40ساڵ دایە ڕێژەکەی(47.7%) بەپلەی یەکەم دێت، بە (28) دووبارەبوونەوە هەروەها تەمەنی 18-30بەڕێژەی(35.1%) بەپلەی دووەم دێت بە (20)دووبارەبوونەوە و تەمەنی زیاتر لە 40 ساڵ بەڕێژەی(15.8%) بەپلەی سێیەم دێت، بە (9)دووبارەبوونەوە، لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی لێتوێژراوی توێژینەوە لە تەمەنێکی پێشگەیشتوو دان.

**3. ئاستی خوێندن:**

خشتەی3 ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە دیاردەکات

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بنەڕەتی | 2 | 3.5 |
| ئامادەیی | 1 | 1.8 |
| دبلۆم | 7 | 12.3 |
| بەکالۆریۆس | 42 | 73.7 |
| ماستەر | 4 | 7.0 |
| دکتۆرا | 1 | 1.8 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە دەبینین ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە بەپلەی یەکەم(بەکالۆریۆس)ە بەڕێژەی(73.7%) دێت بە(42)دووبارەبوونەوە و هەروەها دبلۆم بەپلەی دووەم دێت بە دووبارەبوونەوەی(7)و بەڕێژەی(12.3%) دێت، ئاستی خوێندنی ماستەر بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(7.0%) و دووبارەبوونەوەی (4) هەرچی ئاستی بنەڕەتییە بە (2)دووبارەبوونەوەو ڕێژەی(3.5%) بە پلەی چوارەم دێت، هەرچی ئاستی خوێندنی ئامادەیی و دکتۆرایە بەکەمترین

ڕێژە بەپلەی پێنجەم دێن کە ڕێژەی(1.8%)یە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئاستی خوێندنی لێتوێژراوی توێژینەوە ئاستێکی گونجاوە بۆ کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان و زۆرینەیان خاوەنی بڕوانامەن

## 4. ساڵانی ئەزموونی کارکردن بە پەیوەندییەکشتییەکان

خشتەی4 ساڵانی ئەزموونی کارکردن لە پەیوەندییە گشتییەکان

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1 -5 ساڵ | 27 | %47.3 |
| 6- 10ساڵ | 16 | %28.0 |
| زیاتر 10 ساڵ | 14 | %24.5 |
| کۆی گشتی | 57 | %100 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت زۆرترین ساڵانی ئەزموونی کارکردنی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لەو بوارەدا لە نێوان 1 بۆ 5 ساڵ دایە کە بەڕێژەی(47.3%)بەپلەی یەکەم دێت بە دووبارەبوونەوەی(27)، هەروەها ئەزموونی کارکردنی 6 بۆ10 ساڵ بەپلەی دووەم دێت کە ڕێژەکەی(28.0%)ە، و بە دووبارەبوونەوەی (16). بەپلەی سێیەم ئەو کارمەندانە دێت کە زیاتر لە 10ساڵ ئەزموونیان هەیە لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان کە (14)جار دووبارەبوتەوە بەڕێژەی(24.5%) هاتووە. لێرەدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەوانەی کە لەبەشی پەیوەندییە گشتییەکان کاردەکەن ئەزمونێکی زۆریان نییە لەو بوارەدا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر چۆنییەتی و ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتەکاندا.

## 5. بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ

خشتەی5 بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە لایەن لێتوێژراوان دیاردەکات

| دەستەواژە | ژمارە` | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 75 | 100 |
| نەخێر | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کۆی لێتوێژراوی توێژینەوەکە ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن کە ڕێژەکەی( 100%)ە بەدووبارەبوونەوەی(57).

## 6. ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ

خشتەی6 ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیاردەکات

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە 1 کاتژمێر | 12 | 21.0 |
| 1 – 3 کاتژمێر | 22 | 38.5 |
| 3 – 5 کاتژمێر | 10 | 17.5 |
| 5 کاتژمێر و زیاتر | 13 | 22.8 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە دەبینین زۆرترین کات کەکارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاربهێنێت لە1 بۆ 3 کاتژمێرە کە بەڕێژەی(38.5%) بەپلەی یەکەم هاتووە بە (22)دووبارەبوونەوە، هەروەها 3بۆ5 کاتژمێر بەپلەی دووەم دێت بەڕێژەی(22.8%) و (13) دووبارەبوونەوە. هەروەها بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ کەمتر لە یەک کاتژمێر لە لایەن کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(21.0%) و دووبارەبوونەوەی(12) بەپلەی چوارەمیش 3 بۆ 5 کاتژمێر دێت کە ڕێژەکەی(17.5%)ە (10)جار دووبارەبووتەوە. لەم خشتەیە ئەوە روون دەبێتەوە کە زۆرینەی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان 1 بۆ 3 کاتژمێر ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن ئەمەش کاتێکی کەمترە لەوەی بتوانرێ لەو ڕێگەیەوە پەیوەندییە گشتییەکان کارا بکرێت و چالاکییەکانی بەڕێوە ببات.

### 7. شارەزایی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

خشتەی7 شارەزایی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 42 | 73.6 |
| تاڕاددەیەک | 14 | 24.5 |
| شارەزاییم نییە | 1 | 1.7 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کەوا زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان شارەزاییان هەیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان بەڕێژەی(73.6%) بەپلەی یەکەم دێت بە(42) دووبارەبوونەوە، هەروەها ڕێژەی(24.5%)ی کارمەندان تا راددەیەک پەیوەندییە گشتییەکان شارەزاییان هەیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە بەپلەی دووەم دێت بە (14)دووبارەبوونەوە. بە(1) دووبارەبوونەوە و ریژەی(1.7% )ی لێتوێژراوی توێژینەوەکە هیچ شارەزاییەکیان نییە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە روون دەبێتەوە کە لەبەر ئەوەی زۆرینەی کارمەندان شارەزان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ بەرەوپێش بردنی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ریگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە.

### 8. گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

خشتەی8 گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 54 | 94.7 |
| نەخێر | 3 | 5.3 |
| نازانم | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت(94.7%)ی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوەکە پێیان وایە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ گرنگە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان بە(54) دووبارەبوونەوە وبەرێژەی(5.3%) و (3)دووبارەبوونەوە پێیان وایە گرنگ نییە. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان درکیان بە ڕۆڵ و پێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ کردوە بۆ کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

**9. گرنگی ڕێژەی سەردانکەران و لایک و کۆمێنت بۆ پەیجی فەرمی دامەزراوەکە**

خشتەی9 **گرنگی ڕێژەی سەردانکەران و لایک و کۆمێنت بۆ پەیجی فەرمی دامەزراوەکە دیاردەکات**

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | 13 | 22.8 |
| کەم | 18 | 31.5 |
| تارادەیەک | 26 | 45.6 |
| کۆی گشتی | 57 | 100 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان تاڕادەیەک گرنگی دەدەن بەڕێژەی سەردانکەران و ژمارەی لایک و کۆمێنت و بۆچوونەکانی کە بۆ پەیجی فەرمی دامەزراوەکە دێت کە ڕێژەکەی(45.6%)ە بە دووبارەبوونەوەی(26) بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها(32.1%)ی لێتوێژراوان بەکەمی گرنگی بەم بابەتە دەدەن کە بەپلەی دووەم دێت بە (18)دووبارەبوونەوە (23.2%)یش بەرادەیەکی زۆر گرنگی دەدەن بەڕێژەی سەردانکەران و ژمارەی لایک و کۆمێنت و بۆچوونەکانی کە بۆ پەیجی فەرمی دامەزراوەکە دێت بەپلەی سێیەم دێت بە (13)دووبارەبوونەوە. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە ئەوە روون دەبێتەوە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان گرنگی بە لاپەڕەی فەرمی دامەزراوەکە نادەن لە رووی ئەو کۆمێنت و بۆچوونانەی کە بۆی دێت، ئەمەش کاریگەری لاوەکی دەبێت لەسەر ئەدای کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ جەماوەری دەرەکی.

**10. گرنگی کردنەوەی خول و سیمینار بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ شارەزابوون لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ:**

خشتەی10 گرنگی کردنەوەی خول و سیمینار بۆ کارمەندان دیاردەکات

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | دەستەواژە |
|---|---|---|
| 89.5 | 51 | بەڵێ |
| 5.3 | 3 | نەخێر |
| 5.3 | 3 | نازانم |
| 100 | 57 | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە ئەوە دەردەکەوێت کە بەپلەی یەکەم لێتوێژراوی توێژینەوەکە پێیان گرنگە خول و سیمینار بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بکرێتەوە بۆ شارەزابوون لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ کە بەڕێژەی(89.5%) هاتووە بە (51) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(5.3%)ی لێتوێژراوی توێژینەوەکە پێیان گرنگ نییە خول و سیمینار بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بکرێتەوە بۆ شارەزابوون لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ، هەر هەمان ڕێژە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە کە (3) جاردووبارەبوونەوە. لێرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان پێویستییان بەوە هەیە لە تەکنیک و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ شارەزابن بۆ ئەوەی کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان باشتر بەڕێوەببەن.

**11.بەشداریکردنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود وێبسایتی وەزارەتەکان**

خشتەی11 **بەشداریکردنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود وێبسایتی وەزارەت دیاردەکات**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | دەستەواژە |
|---|---|---|
| 52.6 | 30 | بەڵێ |
| 22.8 | 13 | نەخێر |
| 24.5 | 14 | نازانم |
| 100 | 57 | کۆی گشتی |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاخود وێبسایتی وەزارەتەکەیان کە بەڕێژەی(49.1%) بەپلەی یەکەم دێت بە (30)دووبارەبوونەوە، بەشێکی کارمەندەکان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە کە بەڕێژەی(26.4%) بەپلەی دووەم دێت بە (14)دووبارەبوونەوە، هەروەها ڕێژەی(24.5%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بەشدارنین لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی وەزارەتەکەیان کە (13)جار دووبارەبۆتەوە. ئەوەی لە دەرئەنجامی ئەم خشتەیە تێبینی دەکرێت بەشی پەیوەندییە گشتییەکان تا رادەیەکی باش بەشداری دەکات لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەی فەرمی وەزارەتەکەیان، کە ئەمە یارمەتی پەیوەندییە گشتییەکان دەدات ئاگەداری ئەو چالاکی و زانیارییانە بێت کە لە لاپەڕەی فەرمی وەزارەتەکەیان بڵاو دەکرێتەوە و بەشدار بێت لە پێدان و راستکردنەوەی زانیاریی و بڵاوکراوەکان.

## 12. دەسنیشانکردنی ڕێژەیی بەکارهێنانی هەریەک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان

خشتەی12 دەسنیشانکردنی ڕێژەیی بەکارهێنانی هەریەک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ کاری پەیوەندییەگشتییەکان

| برگەکان | بەکارناهێنم | | کەم کات | | نازانم | | زۆرکات | | هەموو کاتێک | | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی% بەرکارهێنان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| Blog | 27 | %57.4 | 13 | %27.7 | 2 | %4.3 | 2 | %4.3 | 3 | %6.4 | 1.74 | 1.151 | %34.89 |
| Podcast | 33 | %75.0 | 6 | %13.6 | 3 | %6.8 | 2 | %4.5 | 0 | %0.0 | 1.41 | 0.816 | %28.18 |
| Wiki | 25 | %56.8 | 8 | %18.2 | 5 | %11.4 | 4 | %9.1 | 2 | %4.5 | 1.86 | 1.212 | %37.27 |
| Forum | 19 | %46.3 | 11 | %26.8 | 4 | %9.8 | 5 | %12.2 | 2 | %4.9 | 2.02 | 1.235 | %40.49 |
| chat | 5 | %10.2 | 13 | %26.5 | 2 | %4.1 | 14 | %28.6 | 15 | %30.6 | 3.43 | 1.429 | %68.57 |
| Facebook | 5 | %9.4 | 8 | %15.1 | 0 | %0.0 | 22 | %41.5 | 18 | %34.0 | 3.75 | 1.329 | %75.09 |
| Twitter | 21 | %42.0 | 14 | %28.0 | 2 | %4.0 | 6 | %12.0 | 7 | %14.0 | 2.28 | 1.471 | %45.60 |
| Instagram | 11 | %22.0 | 13 | %26.0 | 0 | %0.0 | 14 | %28.0 | 12 | %24.0 | 3.06 | 1.557 | %61.20 |
| YouTube | 5 | %9.8 | 17 | %33.3 | 1 | %2.0 | 17 | %33.3 | 11 | %21.6 | 3.24 | 1.380 | %64.71 |
| کۆیگشتی | | | | | | | | | | | 2.53 | 1.29 | 50.67% |

لەم خشتەیەدا ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ بە پێی پلەبەندی لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوە جیاکراوەتەوە بەو شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

1- **Facebook**: بەپێی ئەم خشتەیە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی تۆمارکردووە بۆ کە(75.09%)ە. ڕێژەی(41.5%)ی لێتویژراوان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن(34.0%) هەموو کاتێک بەکاری دەهێنن. هەروەها(15.1%)ی لێویژراوان کەم کات فەیسبووک بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان بەکاردەهێنن،(9.4%)ی لێتوێژراوان هیچ کاتێک بە کاری ناهێنن. ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە(3.75)

2- **Chat application**: بەپێی خشتەی(12) ئەپەکانی چات بەپلەی دووەم دێن لە ڕێژەی بەکارهێنانیان بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە بەڕێژەی(68.57%) هاتووە لەکۆی لێتوێژراوی تویژینەوە. لێرەدا ڕێژەی(30.6%)ی لێتوێژراوان وەڵامیان داوەتەوە کەهەمووکات بەکاریدەهێنن (28.6%)یان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن، ڕێژەی(4.1%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها(26.5%) یان کەم کات بەکاریدەهێنن و(10.2%) هیچ کاتێک بەکاریناهێنن. ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.43)

**Youtube-3** : بەپلەی سێیەم دێت لەبەکارهێناندا بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە ڕێژەی بەکارهێنانەکەی(64.71%)یە، لەم ڕێژەیەشدا،(21.6%) لێتوێژراوی توێژینەوە هەموو کاتێک بەکاری دەهێنن و ڕێژەی(33.3%) یان زۆربەی کات بەکاری دەهێنن، هەروەها(2.0%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە. هەرچی ئەوانەشی کە کەم کات ئەپەکانی چات بەکاردەهێنن ڕێژەکەیان(33.3%)یە و ئەوانەشی بەکاریناهێنن ڕێژەکەیان (9.8%). ناوەندە ژمێرەییەکەشی(3.24)

**inestagram**-4: لە بەکارهێنانیدا بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەریزبەندی چوارەمدایە کە ڕێژەی بەکارهێنانەکەی(61.20%)یە، لەم ڕێژەیەشدا،(24.0%) لێتوێژراوی توێژینەوە هەموو کاتێک بەکاری دەهێنن و ڕێژەی(28.0%)یان زۆربەی کات بەکاری دەهێنن،هەرچی

ئەوانەشی کە کەم کات ئینیستاگرام بەکاردەهێنن ڕێژەکەیان(26.0%)یە و ئەوانەشی بەکاریناهێنن ڕێژەکەیان(22.0%)یە وەڵامی نازانم بەهیچ ڕێژەیەک نەهاتووە. ناوەندە ژمێرەییەکەشی(3.06).

**5- Twitter**: بە پێی خشتەی(12) تویتەر بەپلەی پێنجەم دێت لەڕێژەی بەکارهێنانی بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە بەڕێژەی(45.60%) هاتووە لە کۆی لێتوێژراوی تویژینەوە. لێرەدا ڕێژەی(14.0%)ی لێتوێژراوان وەڵامیان داوەتەوە کە هەمووکات بەکاریدەهێنن(12.0%)یان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن، ڕێژەی(4.0%)ی لێتوێژراوان بەنازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها(28.0%) یان کەم کات بەکاریدەهێنن و ڕێژەی(42.0%)یش هیچ کاتێک بەکاریناهێنن. ناوەندی ژمێرەییەکەی(2.28).

**6- Forum** : بەپلەی شەشەم دێت لە بەکارهێناندا بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کەڕێژەی بەکارهێنانەکەی(40.49%)یە، لەم ڕێژەیەشدا،(4.9%) لێتوێژراوی توێژینەوە هەموو کاتێک بەکاریدەهێنن ڕێژەی(12.2%) یان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن، هەروەها(9.8%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە. هەرچی ئەوانەشی کە کەم کات کۆربەند یاخود یانە بەکاردەهێنن ڕێژەکەیان(26.8%)یە و ئەوانەشی بەکاریناهێنن ڕێژەکەیان(46.3%). ناوەندە ژمێرەییەکەشی(2.02)یە.

**7-Wiki**: بەپێی خشتەی(12) تویتەر لەریزبەندی حەوتەم دێت پێنجەم دێت لەڕێژەی بەکارهێنانی بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە بەڕێژەی(37.27%) هاتووە لە کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە. لێرەدا ڕێژەی(4.5%)ی لێتوێژراوان وەڵامیان داوەتەوە کە هەمووکات بەکاریدەهێنن و(9.1%)یان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن، ڕێژەی(11.4%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها(18.2%) یان کەم کات ویکی بەکاریدەهێنن و ڕێژەی(56.8%) یش هیچ کاتێک بەکاریناهێنن. ناوەندی ژمێرەییەکەی(1.86).

**8-Blog**: بەگوێرەی خشتەی (12) بلۆگ لە ریزبەندی هەشتەم دایە لە کە لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوەکە بەکاربێ بۆ کاری پەیوەندییەکشتییەکان و ڕێژەی

بەکارهێنانەکەشی(34.89%)یە، لێرەدا ڕێژەی(6.4%)ی لێتوێژراوان وەڵامیان داوەتەوە کە هەمووکات بەکاریدەهێنن و(4.3%)یان زۆربەی کات بەکاریدەهێنن، ڕێژەی(4.3%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها(27.7%) یان کەم کات ویکی بەکاریدەهێنن و ڕێژەی(57.4%)یش هیچ کاتێک بەکاریناهێنن. ناوەندی ژمێرەییەکەی(1.74).

**Podcast-9**: لەخشتەی(12) ئەوە دەردەخات کە پۆدکاست کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی تۆمار کردووە لەلایەن لێتوێژراوانەوە و بەڕێژەی(28.18%) هاتووە، لەم ڕێژەیەشدا، هیچ یەکێک لە لێتوێژراوی توێژینەوە هەموو کاتێک بەکاریناهێنن و ڕێژەی(4.5%) یان زۆربەی کات بەکاری دەهێنن، هەروەها (6.8%)ی لێتوێژراوان بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە. هەرچی ئەوانەشی کە کەم کات پۆدکاست بەکاردەهێنن ڕێژەکەیان(13.6%)یە و ئەوانەشی بەکاریناهێنن ڕێژەکەیان(75.0% ). ناوەندە ژمێرەییەکەشی(1.41)یە.

بە سەرنجدان لە ئەنجامی ئەم خشتەیە روون دەبێتەوە، فەیسبووک بەربڵاوترین ئامرازی بەکارهاتووی میدیای نوێیە بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان کە ئەمەش بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی و بەکارهێنانی لەلایەن وزۆرینەی کۆمەڵگەوە، تەنانەت فەیسبووک وەک ناوەندێکی گرنگی رای گشتی سەیر دەکرێت. هەر لەهەمان خشتە دەردەکەوێت پۆدکاست کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی تۆمارکردووە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەگشتی بەکارنایەت و ناسراو نییە، تەنانەت زۆرێک لە لێتوێژراوان کەمترین زانیاریان نەبوو لەسەر پۆدکاست و چۆنییەتی بەکارهێنانی.

## 13. ڕێژەیی کەڵک وەرگرتنی پەیوەندییەگشتییەکان لەئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکیەکانی

خشتەی13 .دیاریکردنی رادەی کەڵک وەرگرتنی پەیوەندییەگشتییەکان لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پلاندانان بۆ دامەزراوەکە

| برگەکان | تەواو هاورا نیم | | هاورا نیم | | نازانم | | هاوڕام | | تەواو هاوڕام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| 10.پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پلاندانان بۆ دامەزراوەکە وەردەگرێت. | 2 | %3.6 | 1 | %1.8 | 10 | %17.9 | 32 | %57.1 | 11 | %19.6 | 3.88 | 0.875 | %77.50 |
| 11. پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە وەردەگرێت. | 1 | %1.8 | 3 | %5.4 | 10 | %17.9 | 23 | %41.1 | 19 | %33.9 | 4.00 | 0.953 | %80.00 |
| 12. پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەت و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکان وەردەگرێت. | 1 | %1.8 | 3 | %5.4 | 12 | %21.4 | 23 | %41.1 | 17 | %30.4 | 3.93 | 0.951 | %78.57 |
| 13. پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەدواداچوونی بابەت و زانیارییەکان وەردەگرێت. | 2 | %3.6 | 6 | %10.7 | 7 | %12.5 | 26 | %46.4 | 15 | %26.8 | 3.82 | 1.064 | %76.43 |
| 14. پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی رای جەماوەر لەسەر دامەزراوەکە وەردەگرێت، | 3 | %5.6 | 5 | %9.3 | 12 | %22.2 | 25 | %46.3 | 9 | %16.7 | 3.59 | 1.055 | %71.85 |
| 15. پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان وەردەگرێت. | 0 | 0.0% | 7 | %12.7 | 6 | %10.9 | 21 | %38.2 | 21 | %38.2 | 4.02 | 1.009 | %80.36 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.88 | 0.98 | %77.55 |

**10.پەیوەندییەگشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پلاندانان بۆ دامەزراوەکە وەردەگرێت.**

لەبڕگەی ژمارە(10) ی خشتەی(13) دەردەکەوێت، کەوا ریژەی(57.1%)ی لێتوێژراوان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پلاندانان بۆ دامەزراوەکە وەردەگرێت کە بەرزترین ڕێژەیە و بەپلەی یەکەم هاتووە، و ئەوانەشی کە بە تەواوی هاوڕان لەگەڵی ڕێژەکەیان(19.6%)یە، کەچی دەبینین(17.9%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها ئەوانەشی هاوڕانین لەگەڵ ئەم بڕگەیە ڕێژەیان(1.8%)یە، ڕێژەی(3.6%) لە لێتوێژراوان بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ بڕگەی سەرەوە. لێرەدا ڕێژەی سەدی هاوڕابوون(77.50%)یە و بە ناوەندی ژمێرەیی(3.88) و لادانی پێوانەیی(0.875)یە.لە ئەنجامی ئەم داتایانەی سەرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بەڕێژەی ەکی بەرچاو سوود لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەردەگرێت بۆ پلاندانان بۆ دامەزراوەکە.

**11. پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە وەردەگرێت**

به گوێرەی بڕگەی(11)ی خشتەی(13) ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بەپلەی یەکەم لە لێتوێژراوی توێژینەوە هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە وەردەگرێت کە ڕێژەکەی(41.1%)یە، هەروەها ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕان بەڕێژەی(33.9%) هاتووە، ئەوانەشی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان(17.9%)یە، هاوکات ڕێژەی(5.4%)ی لێتوێژراوان هاوڕا نین لەگەڵ ئەم بڕگەیە و ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕا نین ریژەی(1.8%) پێکدەهێنن. لێرەدا ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بریتیە لە(80.00%) بەناوەندی ژمێرەیی(4.00) و لادانی پێوانەیی(0.953).

## 12. پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکوومەت و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکان وەردەگرێت

بەسەرنجدان لە بڕگەی ژمارە(12)ی خشتەی(13) دەبینین، کەوا ریژەی(41.1%)ی لێتوێژراوان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکوومەت و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکان وەردەگرێت کە بەرزترین ڕێژەیە و بەپلەی یەکەم هاتووە، و ئەوانەشی کە بە تەواوی هاوڕان لەگەڵی ڕێژەکەیان(30.4%)یە، کەچی دەبینین(21.4%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها ئەوانەشی هاوڕانین لەگەڵ ئەم بڕگەیە ڕێژەیان(5.4%)یە، ڕێژەی(1.8%) لە لێتوێژراوان بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ بڕگەی سەرەوە. لێرەدا ڕێژەی سەدی هاوڕابوون(78.57%)یە و بەناوەندی ژمێرەیی(3.93) و لادانی پێوانەیی(0.951)یە. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بە کاردێنێت بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکوومەت و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکان. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان بتوانێت لەو ڕێگەیەوە کارەکانی بەرەو پێش ببات.

## 13. پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەدواداچوونی بابەت و زانیارییەکان وەردەگرێت

لە بڕگەی(13)ی خشـــتەی(13) دەردەکەوێت زۆرینەی ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە ڕێژەکەیان(46.4%)یە و ئەوانەشـــی بەتەواوی هاوڕان لەگەڵی ڕێژەی(26.8%) پێکدەهێنن، هەروەهـا ئەو لێتوێژراوانەی هـاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەوەینـدییەگشـــتییەکـان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ بەدواداچوون ڕێژەکەیان(10.7%)یە و ئەوانەی کە بەتەواوی هـاوڕا نین بریتین لە(3.6%)ی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە. ڕێژەی ســـەدی هــاوڕابــوونەکەی(76.43%)یە و نــاوەنــدی ژمــێــرەیــی(3.82)یە، هەروەهــا لادانە

پێوانەییەکەی(1.064)یە. لە دەرئەنجــامی ئەم خشـــــتەیە بۆمــان دەردەکەوێــت زۆرینەی کارمەندانی پەیوەندییە گشـــتییەکان ســـــوود لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەردەگرن بۆ بەدواداچوون بۆ پرس و بابەت و زانیارییەکان.

**14. پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی رای جەماوەر لەسەر دامەزراوەکە وەردەگرێت**

بە گوێرەی بڕگەی(14)ی خشتەی(13) بێت دەبینین،، کەوا ڕێژەی(46.3%)ی لێتوێژراوان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ هەڵسەنگاندنی رای جەماوەر لەسەر دامەزراوەکە وەردەگرێت کە بەرزترین ڕێژەیە و بەپلەی یەکەم هاتووە، و ئەوانەشی کە بە تەواوی هاوڕان لەگەڵی ڕێژەکەیان(16.7%)یە، کەچی دەبینین(22.2%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە، هەروەها ئەوانەشی هاوڕانین لەگەڵ ئەم برگەیە ڕێژەیان(9.3%)یە، ڕێژەی(5.6%) لە لێتوێژراوان بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ بڕگەی سەرەوە. لێرەدا ڕێژەی سەدی هاوڕابوون(71.85%)یە و بە ناوەندی ژمێرەیی(3.59) و لادانی پێوانەیی(1.055)یە. لە ئەنجامی ئەم خشتەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بە کاردێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی رای جەماوەر و لەو ریگەیەوە گرنگی بە بۆچوونەکانیان دەدات.

**15. پەیوەندییە گشتییەکان کەڵک لە ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان وەردەگرێت**

لە بڕگەی(15)ی خشتەی(13) دەردەکەوێت ئەو لێتوێژراوانەی کە هاوڕان و بە تەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە کە(38.2%) و بە دووبارەبوونەوەی(21)، کە زۆرینەن و بەپلەی یەکەم دێت. هەروەها ڕێژەی(10.9%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە بە دووبارە بوونەوەی(6)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ دروست کردنی

پەیوەندییەکان سوود لە ئامرازەکانی میدیای نویَ وەردەگریَت، ڕیَژەکەیان(12.7%) و بەدووبارەبوونەوەی(7)، هەروەها دەبینین وەلاَمی بە تەواوی هاوڕانیم هیچ ڕیَژەیەکی تۆمار نەکردووە. ڕیَژەی هاوڕابونی کۆی لیَتویَژراوی تویَژینەوە لەگەلَ ئەم بڕگەیە(80.36%)یە و ناوەندی ژمیَرەییەکەی(4.02) و بە لادانی پیَوانەیی(1.009). لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەویَت زۆرینەی لیَتویَژراوان رایان وایە کە میدیای نویَ بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان زۆر سوودی لیَ وەرگیراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئامرازەکانی میدیای نویَ سنووری بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییەکان نەهیَشتۆتەوە و پەیوەندییە گشتییەکان لەو ریَگەیەوە دەتوانیَ پەیوەندی لەگەلَ هەر دامەزراوە و دەستە و کەسایەتییەک دروست بکات و درێژەیان پیَ بدات بە کات و تیَچوویەکی زۆر کەمتر.

بە تیَبینیکردن لە دەرئەنجامی ئەم خشتەیە دەبینین بە شیَوەیەکی گشتی پەیوەندییە گشتییەکان کەلَک لە ئامرازەکانی میدیای نویَ بۆ جیَبەجیَکردنی ئەرکەکانی وەردەگریَت کە کۆی گشتی هاوڕابوون بریتیە لە(77.55%) و ناوەندیە ژمیَرەییەکەی بریتییە لە(3.88) و بەلادانی پیَوانەیی(0.98). بە سەرنجدان لەخشتەی(13) دەبینین بەپلەی یەکەم پەیوەندییە گشتییەکان لە کەلَک لە ئامرازەکانی میدیای نویَ وەردەگریَت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان، کە زۆرترین ڕیَژەی هاوڕابوونی تۆمار کردووە و بەپلەی دووەم ئەنجامدانی تویَژینەوە دیَت، هەروەها بەکارهیَنانی میدیای نویَ بۆ هەلسەنگاندنی رای جەماوەر بە کەمترین ڕیَژە هاتووە و لە پلەی شەشەمە. لەمەوە بۆمان دەردەکەویَت پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر گرنگی دەدات بە دروستکردنی پەیوەندییەکان و ئەنجامدانی تویَژینەوە چونکە لە ریَگەی ئامرازەکانی میدیای نویَ بە تایبەت تۆڕەکۆمەلاَیەتییەکان و ئەپەکانی چات، ئەم دوو ئەرکە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ئاسانتر بوون. لەگەلَ ئەوەشدا کە هەلسەنگاندنی رای جەماوەر بۆ کرای پەیوەندییەگشتییەکان زۆرگرنکە بەلاَم ریَژەیەکی زۆرکەمی تۆمارکردوە کە کاریگەری لاوەکی هەیە لەسەر پرۆسەی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.

## 14- دەسنیشانکردنی شێواز و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییەگشتییەکان    خشتەی 14

| بڕگەکان | تەواو هاورا نیم | | هاورا نیم | | نازانم | | هاوڕام | | تەواو هاوڕام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| 16پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی تایبەت بە دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 0 | %0.0 | 7 | %13.0 | 5 | %9.3 | 28 | %51.9 | 14 | %25.9 | 3.91 | 0.937 | %78.15 |
| 17- پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیارییەکان بەکاردەهێنێت. | 3 | %5.7 | 9 | %17.0 | 8 | %15.1 | 25 | %47.2 | 8 | %15.1 | 3.49 | 1.120 | %69.81 |
| 18. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر بەکاردەهێنێت. | 4 | %7.5 | 9 | %17.0 | 9 | %17.0 | 20 | %37.7 | 11 | %20.8 | 3.47 | 1.219 | %69.43 |
| 19. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت | 1 | %1.9 | 10 | %18.5 | 10 | %18.5 | 22 | %40.7 | 11 | %20.4 | 3.59 | 1.073 | %71.85 |
| 20. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی بانگەشە بەکاردەهێنێت. | 2 | %3.8 | 5 | %9.6 | 9 | %17.3 | 18 | %34.6 | 18 | %34.6 | 3.87 | 1.121 | %77.31 |
| 21. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەرشیفکردنی زانیارییەکان بەکاردەهێنێت. | 2 | %3.8 | 9 | %17.3 | 9 | %17.3 | 24 | %46.2 | 8 | %15.4 | 3.52 | 1.075 | %70.38 |
| 22. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەڵامدانەوی داواکاری و فیدباکی جەماوەر بەکاردەهێنێت. | 3 | 5.7% | 9 | %17.0 | 6 | %11.3 | 25 | %47.2 | 10 | %18.9 | 3.57 | 1.152 | %71.32 |
| 23. لەکاتی بوونی گرفت و کێشەکان پەیوەندییەگشتییەکان لە ڕێگەی ئامرزاەکانی میدیای نوێ هەوڵی قەناعەت پێهێنان و هێورکردنەوەی جەماوەر دەدات. | 5 | %9.3 | 6 | %11.1 | 11 | %20.4 | 22 | %40.7 | 10 | %18.5 | 3.48 | 1.193 | %69.63 |
| 24.پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر لە پێناو بەدیهێنان و بەرژەوەندی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 3 | %5.7 | 7 | %13.2 | 12 | %22.6 | 22 | %41.5 | 9 | %17.0 | 3.51 | 1.103 | %70.19 |
| 25. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆوەڵامدانەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات بەکاردەهێنێت. | 2 | %4.0 | 5 | %10.0 | 15 | %30.0 | 17 | %34.0 | 11 | %22.0 | 3.60 | 1.069 | %72 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.57 | 1.13 | 71.33% |

**16. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی تایبەت به دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت**

له برگەی(16) ی خشتەی(14) دەردەکەوێت، که(28) یەکەی توێژینەوە هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی تایبەت به دامەزراوەکە بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(51.9%)، ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕای ئەو برگەیەن(14)یەکەن و بەرێژەی(25.9 %) بەپلەی دووەم دێت. هەرچی ئەوانەشی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاربهێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی تایبەت به دامەزراوەکە(7) یەکەن ڕێژەکەیان(13.0%) بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی به نازانم وەڵامیان داوەتەوە(5)یەکەن به ڕێژەی(9.3%)دێت، وەڵامی بەتەواوی هاوڕانیم هیچ ڕێژەیەکی تۆمار نەکردووە له لایەن لێتوێژراوی توێژینەوەکە. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم برگەیە بریتیە له(78.15%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.91) به لادانی پێوانەیی(0.937). له ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی یەکەی توێژینەوە پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان سوود له ئامرازەکانی میدیای نوێ وەردەگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی دامەزراوەکە و ناساندنی ڕۆڵ و کارەکانی. که ئەمەش زیاتر له ڕێگەی لاپەڕەی فەرمی دامەزراوەکە له تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێت.

**17. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیارییەکان بەکاردەهێنێت**

لەخشتەی(14) و برگەی(17) دەبینین ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕان لەگەل ئەم برگەیە بریتین له(25) یەکە و به ریژەی(47.2%) دێت، که پلەی یەکەمە، بەپلەی دووەم ئەو یەکانە دێت که هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیارییەکان بەکاردەهێنێت، که(9) یەکەیە و ڕێژەکەی(17.0%)یە، هەرچی وەڵامی

نازانم و بەتەواوی هاوڕام بە هەمان دووبارەبوونەوە کە(8) یەکەن و بەڕێژەی(15.1%) بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(3) یەکە و بەڕێژەی(5.7%) بەپلەی چوارەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابونەکەی(69.81%)یە ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.49) یە و بەلادانی پێوانەیی(1.120). بە سەرنجدان لە ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت کە بەپلەی یەکەم لە لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیارییەکان بەکاردەهێنێت. کە ئەمەش مانای وایە میدیای نوێ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینیت لە گەیاندنی ڕێنمایی و زانیارییەکانی تایبەت بە دامەزراوەکان بۆ جەماوەر.

**18. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر بەکاردەهێنێت**

لە بڕگەی(18) ی خشتەی(14) دەردەکەوێت، کە(**20**) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(37.7%)، ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیەن(11) لێتوێژراون و بەڕێژەی(20.8%) بەپلەی دووەم دێت. هەرچی وەڵامی هاوڕانیم و نازانم بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە کە(17.0%)یە و بە(9) دووبارەبوونەوە بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە تەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ جەماوەر لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە بریتین لە(5)یەکە و بەڕێژەی(9.3 %)دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(69.43%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.47) بە لادانی پێوانەیی(1.219). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی یەکەی توێژینەوە پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ

جەماوەر بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش سوودێکی گرنگی هەیە بۆ جەماوەر تا لەو ڕێگەیەوە داواکارییەکانی خۆیان بخەنەڕوو.

### 19. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت

لە بڕگەی(19)ی خشتەی(14) دەردەکەوێت ئەو لێتوێژراوانەی کە هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە بە ڕیژەی(40.7%) و بە دووبارەبوونەوەی(22)، کە زۆرینەن و بەپلەی یەکەم دێت. هەروەها ڕێژەی(20.4%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە تەواوی هاوڕان لەگەل ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت بە(6) دووبارە بوونەوە بەپلەی دووەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامی هاوڕانیم و نازانم بە یەکسانی هاتووە کە(10)لێتوێژراون و ڕێژەکەیان(18.5%)یە و بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژاوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت، ڕێژەکەیان(1.9%) و بە(1) دووبارەبوونەوە کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە و لە پلەی چوارەمە. ڕێژەی هاوڕابونی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە لەگەڵ ئەم بڕگەیە(71.85%)یە و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.59) و بە لادانی پێوانەیی(1.073). لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان ڕایان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە دەتوانێت وێنەیەکی هزری ئەرێنی بۆ دامەزراوەکەی دروست بکات.

## 20. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی بانگەشە بەکاردەهێنێت

لەخشتەی(15) و بڕگەی(20) دەردەکەوێت ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕان و بەتەواوی هاوڕان لەگەل ئەم بڕگەیە بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە بریتیە لە(34.6%)و بە دووبارەبوونەوەی(18) یەکە، کە پلەی یەکەمن، بەپلەی دووەم ئەو لێتوێژراوانە دێن کە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە کە(9) لێتوێژراون و ڕێژەکەی(17.3%)یە هەرچی ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی بانگەشە بەکاردەهێنێت(5) لێتوێژراون و بەڕێژەی(9.6%) بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(2) لێتوێژراون و بەڕێژەی(3.8%) بەپلەی چوارەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابونەکەی(77.31%)یە ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.87) یە و بەلادانی پێوانەیی(1.121). بە سەرنجدان لە ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت کە بەپلەی یەکەم لە لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی بانگەشە بەکاردێنێت بەهۆی ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ پەیامەکەی بگەیەنێتە زۆرترین جەماوەر و بە کات و تێچووی کەمتر.

## 21. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەرشیفکردنی زانیارییەکان بەکاردەهێنێت

لە بڕگەی(18) ی خشتەی(14) ئەوە روون دەبێتەوە، کە(24) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئەرشیفکردنی زانیارییەکان، بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(46.2%)، ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم یاخود هاوڕانیم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان یەکسانە بریتییە لە(17.3%) و بە دووبارەبوونەوەی(9) بەپلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیەن(8) لێتوێژراون و بەڕێژەی(15.4%) بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە تەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بۆ ئەرشیفکردنی زانیارییەکان لەلایەن

پەیوەندییە گشتییەکانەوە بریتین لە(2)لێتوێژراوو بەڕێژەی(3.8%)دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(70.38%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.52) بە لادانی پێوانەیی(1.075). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەرشیفکردنی زانیارییەکان بەکاردەهێنێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی وەرگرتن و هەڵگرتنی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ ئاسانە و بۆماوەیەکی درێژ دەمینێتەوە و شوێن ناگرێت وەک سەرچاوە کاغەزی و بەردەستەکان.

**22. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و فیدباکی جەماوەر بەکاردەهێنێت**

به سەرنجدان لە بڕگەی(22)ی خشتەی(14) دەردەکەوێت ئەو لێتوێژراوانەی کە هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە بە ریژەی(47.2%) و بە دووبارەبوونەوەی(25)، کە زۆرینەن و بەپلەی یەکەم دێت. هەروەها ڕێژەی(18.9%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بەتەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و فیدباکی جەماوەر بەکاردەهێنێت، بە(10) دووبارە بوونەوە بەپلەی دووەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵ ئەم بڕگەیە(9)یەکەن و ڕێژەکەیان(17.0%)یە و بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژاوانەی بە نازانم وەڵامیان داوتەوە(6) یەکەن ڕێژەکەیان(11.3%) بەپلەی چوارەم دێت، هەرچی ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و فیدباکی جەماوەر بەکاردەهێنێت، ڕێژەکەیان(5.7%) و بە(3) دووبارەبوونەوە کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە و لە پلەی پێنجەمە. ڕێژەی هاوڕابونی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە لەگەڵ ئەم بڕگەیە(71.32%)یە و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.57) و بە لادانی پێوانەیی(1.152). لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان رایان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی

ئامرازەکانی میدیای نوێوە وەڵامی داواکارییەکانی جەماوەر دەداتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تاک یاخود جەماوەر لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ دەتوانێ داواکارییەکانی خۆی بگەیەنێتە هەر دامەزراوەیەک کە دەیەوێت، بۆیە پەیوەندییە گشتییەکان لە سوود میدیای نوێ وەردەگرێت تاوەکوو بەدواداچون بۆ داواکارییەکانیان بکات و ئەرکی هاتووچۆ و ڕۆتینات لە دامەزراوەکان کەم بکاتەوە.

**23. لەکاتی بوونی گرفت و کێشەکان پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرزاەکانی میدیای نوێ هەوڵی قەناعەت پێهێنان و هێورکردنەوەی جەماوەر دەدات**

لە بڕگەی(23) ی خشتەی(14) دەردەکەوێت، کە(22) لێتوێژراوهاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ قەناعەت هێنان و هێورکردنەوەی جەماوەر لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکان، کە بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(40.7%)، ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیەن(14)یەکەن و بەڕێژەی(25.9 %) بەپلەی دووەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە(11)یەکەن بەڕێژەی(20.4%) بەپلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەشی بەتەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ قەناعەتهێنان و هێورکردنەوەی جەماوەر لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکان، بەکاربهێنێت(10) یەکەن ڕێژەکەیان(18.5%) بەپلەی سێیەم دێت. وەڵامی هاوڕانیم بەڕێژەی(11.1%) دێت لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوەکە بە دووبارەبوونەوەی(6) بەپلەی چوارەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەشی بەتەواوی هاوتای ئەو بڕگەیە نین(5) لێتوێژراون ڕێژەکەیان(9.3%)یە. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(69.63%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.48) بە لادانی پێوانەیی(1.193). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان سوود لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەردەگرێت بۆ هێورکردنەوە و قەناعەت بە جەماوەر لە کاتی ڕوودانی کێشە و گرفتەکان، ئەوەش بەواتای ئەوە دێت پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی

ئامرازەکانی میدیای نوێ شرۆڤەی زیاتر بۆ بارودۆخەکە دەکات و لە نزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەرو لایەنی پەیوەندیدار دەکات بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە.

**24..پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر لە پێناو بەدیهێنان و بەرژەوەندی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت**

لە بڕگەی(24) ی خشتەی(14) دەردەکەوێت، کە(22) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر لە پێناو بەدیهێنان و بەرژەوەندی دامەزراوەکە بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(41.5%)، ئەوانەشی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە(12)یەکەن و بەڕێژەی(22.6%) بەپلەی دووەم دێت. هەرچی ئەو لێتوێژراوانەی کە بەتەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە بەڕێژەی(17.0%)یە و بە(9) دووبارەبوونەوە بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بۆ ئاڕاستەکردنی جەماوەر لە پێناو بەدیهێنان و بەرژەوەندی دامەزراوەکە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە بریتین لە(7) یەکە و بەڕێژەی(13.2%) بەپلەی چوارەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە تەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(3)یەکە و ڕێژەیان(5.7%) بەپلەی پێنجەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(70.19%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.51) بە لادانی پێوانەیی(1.103). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوپێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە جەماوەر ئاراستە دەکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی دامەزراوەکە بۆ نموونە بەرپاکردنی هەڵمەتێک لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری مەبەستدار بۆ پشتگیری کردن لە کارەکانی دامەزراوەکە.

**25. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆوەڵامدانەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات بەکاردەهێنێت**

لەخشتەی(14) و برگەی(25) دەبینین ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕان لەگەل ئەم برگەیە بریتین لە(17) یەکە و بە ریژەی(34.0%) دێت، کە پلەی یەکەمە، بەپلەی دووەم ئەو لێتویژراوانە دێت کە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە بریتین لە(15) یەکە و بەڕێژەی(30.0%) دێت، هەرچی ئەوانەشی بە تەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بۆوەڵامدانەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات بەکاردەهێنێت، کە(11) لێتوێژراون و ڕێژەکەی(22.0%)یە بەپلەی سێیەم دێت، ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕانین لەگەڵ ئەم برگەیە(5) یەکەن و بەڕێژەی(10.0%) بەپلەی چوارەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕای ئەو برگەیە نین بریتین لە(2) یەکە و بەڕێژەی(4.0%) بەپلەی پێنجەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوونەکەی(72.00%)یە ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.60) یە و بەلادانی پێوانەیی(1.069). بە سەرنجدان لە ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت کە بەپلەی یەکەم لە لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی پروپاگەندەی نادروست سەبارەت بە دامەزراوەکە بڵاونەکرێتەوە و پەرە نەستێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئامرازەکانی میدیای نوێ ئاسانکارییەکی زۆر دەکەن بۆ بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەو رووەوە کە دەتوانن بەکاتێکی کەم پەیامەکەیان بگەیەنن بە زۆرترین جەماوەر.

بە تێبینی کردن لە کۆی برگەکانی خشتەی(14) دەبینین برگەی یەکەمی خشتەکە کە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی تایبەت بە دامەزراوەکە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە زۆرترین ڕێژەی هاوڕابوونی تۆمارکردووە کە(**78.15%**)یە زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە زیاتر ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی دامەزراوەکە بەکاردێت لە چاو برگەکانی تری هەمان خشتە، هەر چەند برگەکانی تریش زۆر لەو ڕێژەیە دوور نین. کۆی گشتی ڕێژەی هاوڕابوون بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بە شێوازی جیاوازو بۆ بوارەجیاوزەکان لە لایەن

پەیوەندییە گشتییەکان بریتیە لە(71.33%)و ناوەندە ژمێرییارییەکەشی(3.57)یە لادانەپێوانەییەکەی(1.13). ئەمەش ڕێژەیە دەرئەنجامێکی گرینگە کە دەری دەخات میدیای نوێ بەڕێژەیەکی زۆر باش و سوودی جۆراوجۆری لێ وەردەگیرێت لە لایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە.

**15. دەستنیشانکردنی ڕێژە و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە لایەن پەیوەندییەگشتییەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە**

| برگەکان | تەواو هاوڕا نیم | | هاوڕا نیم | | نازانم | | هاوڕام | | تەواو هاوڕام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەی ی | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| 26.پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 1 | %1.9 | 8 | %15.4 | 5 | %9.6 | 28 | %53.8 | 10 | %19.2 | 3.73 | 1.012 | %74.62 |
| 27. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی ڕاستەخۆ لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 4 | %7.5 | 9 | %17.0 | 7 | %13.2 | 23 | %43.4 | 10 | %18.9 | 3.49 | 1.203 | %69.81 |
| 28. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 0 | %0.0 | 8 | %15.1 | 8 | %15.1 | 28 | %52.8 | 9 | %17.0 | 3.72 | 0.928 | %74.34 |
| 29. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەهێزکردنی توانستی کارکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی تایبەت بەکاردەهێنێت. | 4 | %7.5 | 11 | %20.8 | 11 | %20.8 | 15 | %28.3 | 12 | %22.6 | 3.38 | 1.259 | %67.55 |
| 30. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاراستەکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژوەندییەکانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت. | 2 | %3.8 | 10 | %19.2 | 12 | %23.1 | 21 | %40.4 | 7 | %13.5 | 3.40 | 1.071 | %68.08 |
| 31. پەیوەندییەگشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی داواکاری و پێویستیەکانی کارمەندەکان بۆ لایەنی بەرپرس بەکاردەهێنێت. | 8 | %15.1 | 10 | %18.9 | 10 | %18.9 | 18 | %34.0 | 7 | %13.2 | 3.11 | 1.296 | %62.26 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.47 | 1.13 | %69.44 |

خشتەی15 چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیار دەکات

**26. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نویٚ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت**

بەسەرنجدان لە برِگەی(26)ی خشتەی(15) دەردەکەوێت، ئەو لێتوێژراوانەی کە هاوڕان لەگەڵ ئەم برِگەیە بە ریژەی(53.8%) و بە دووبارەبوونەوەی(28)، کە زۆرینەن و بەپلەی یەکەم دێت. هەروەها ڕێژەی(19.2%)ی لێتوێژراوی توێژینەوە بە تەواوی هاوڕان لەگەل ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نویٚ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت، بە(10) دووبارە بوونەوە بەپلەی دووەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵ ئەم برِگەیە(8) یەکەن و ڕێژەکەیان(15.4%)یە و بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوتەوە(5) یەکەن ڕێژەکەیان(9.6%) بەپلەی چوارەم دێت، هەرچی ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نویٚ بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و فیدباکی جەماوەر بەکاردەهێنێت، ڕێژەکەیان(1.9%) و بە(1) دووبارەبوونەوە کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە و لە پلەی پێنجەمە. ڕێژەی هاوڕابونی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە لەگەڵ ئەم برِگەیە(74.62%)یە و ناوەندی ژمێریاریەکەی(3.73) و بە لادانی پێوانەیی(1.012). لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان رایان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ریٚگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە توانیویەتی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بکات لەگەڵ کارمەندانی ناوەخۆی دامەزراوەکە کە ئەمەش زیاتر لە ریٚگەی ئەپەکانی چات کردنەوە دەبێت.

**27. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نویٚ بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی راستەخۆ لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت**

بەسەیرکردنی برِگەی(27) ی خشتەی(15) دەردەکەوێت، کە(23) لێتوێژراوهاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نویٚ بەکاردەهێنێت بۆ بۆ ئەنجامدانی

پەیوەندی راستەخۆ لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(43.4%)، ئەوانەشی تەواو هاوڕای ئەو بڕگەیەن(10)یەکەن و بەڕێژەی(18.9%) بەپلەی دووەم دێت. هەرچی ئەو یەکانەی توێژینەوە کە بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەم بڕگەیە ڕێژەیان(17.0%)یە و بە(9) دووبارەبوونەوە بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە بریتین لە(7) یەکە و بەڕێژەی(13.2%) بەپلەی چوارەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە تەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(4)یەکە و ڕێژەیان(7.5%) بەپلەی پێنجەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(69.81%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.49) بە لادانی پێوانەیی(1.203). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە توانیویەتی پەیوەندی راستەخۆ لەگەڵ کارمەندانی نێوخۆیی دامەزراوەکەی دروست بکات، بۆنموونە پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێ لە گروپێک چاتێک لە هەر ئەپێکی چاتکردن بێت دروست بکات بەمەش گفتوگۆ لە نێوان سەرجەم کارمەندان دروست دەکات، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی پیشانی بدات پەیوەندییە گشتییەکان توانیویەتی پەیوەندی لە نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە دروست بکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ.

## 28. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت

لە بڕگەی(28) ی خشتەی(15) روون دەبێتەوە، کە(28) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە، بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(52.8%)، هەرچی ئەو یەکانەی توێژینەوە کە بەتەواوی هاوڕان لەگەل ئەم بڕگەیە بەڕێژەی(17.0%)دێت بە(9) دووبارەبوونەوە بەپلەی دووەم دێت، هەروەها ئەوانەی

نازانم وەڵامیان داوەتەوە لەگەڵ بۆچوونی هاوڕانیم بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە کە(7)یەکەن و بەڕێژەی(15.1%) بەپلەی سێیەم دێن. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بۆ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە هیچ ڕێژەیەکی تۆمار نەکردووە. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم برگەیە بریتیە لە(74.34%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.72) بە لادانی پێوانەیی(0.928). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکان ودروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان کارمەندانی دامەزراوەکە، کە ئەمەش ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو دامەزراوەکان کارا دەکات.

### 29. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەهێزکردنی توانستی کارکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی تایبەت بەکاردەهێنێت

بە وردبوونەوە لە برگەی(29) ی خشتەی(15) روون دەبێتەوە، کە(15) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بەهێزکردنی توانستی کارکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی تایبەت بەکاردەهێنێت، بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(28.3%)، هەرچی ئەو یەکانەی توێژینەوە کە بەتەواوی هاوڕان لەگەل ئەم برگەیە بەڕێژەی(22.6%)دێت بە(12) دووبارەبوونەوە بەپلەی دووەم دێت، هەروەها ئەو یەکانەی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە لەگەڵ بۆچوونی هاوڕانیم بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە کە(11)یەکەن و بەڕێژەی(20.8%) بەپلەی سێیەم دێن. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بەهێزکردنی توانستی کارکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی تایبەت لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە(4)یەکەیە و ڕێژەکەی(7.5%) بەپلەی چوارەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم برگەیە بریتیە لە(67.55%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.38) بە

لادانی پێوانەیی(1.259). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێوە ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی توانستی کارکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و ڕێنمایی تایبەت بە ستافی دامەزراوەکە، کە ئەمەش زۆرجار دەکرێت لە ڕێگەی کۆرس و وانە ئۆنلاینەکانەوە بکرێت بۆ ستافەکە، کە بەم هەنگاوە دەتوانرێ ستافێکی کاراتر بەرهەم بهێنرێت.

**30. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاراستەکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژوەندییەکانی دامەزراوەکە بەکاردەهێنێت**

بەسەیرکردنی بڕگەی(30) ی خشتەی(15) دەردەکەوێت، کە(21) لێتوێژراوهاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنێت بۆ ئاراستەکردنی کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژوەندییەکانی دامەزراوەکە بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(40.4%)، ئەو لێتوێژراوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە بریتین لە(12) یەکە و بەڕێژەی(23.1%) بەپلەی دووەم دێت، ئەوانەشی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین(10)یەکەن و بەڕێژەی(19.2%) بەپلەی سێیەم دێت. هەرچی ئەو یەکانەی توێژینەوە کە بەتەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە ڕێژەیان(13.5%)یە و بە(7) دووبارەبوونەوە، بەپلەی چوارەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی بە تەواوی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(2) یەکە و ڕێژەیان(3.8%)یە بەپلەی پێنجەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتییە لە(68.08%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.40) بە لادانی پێوانەیی(1.071). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوهاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ دەتوانێت کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەرژوەندییەکانی دامەزراوەکە ئاڕاستەبکات.

**31. پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی داواکاری و پێویستییەکانی کارمەندەکان بۆ لایەنی بەرپرس بەکاردەهێنێت**

بە وردبوونەوە لە برگەی(31)ی خشتەی(15) روون دەبێتەوە، کە(18) لێتوێژراوهاوڕان لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی داواکاری و پێویستییەکانی کارمەندەکان بۆ لایەنی بەرپرس بەکاردەهێنێت، بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(34.0%)، هەرچی ئەو یەکانەی لێتوێژراوی توێژینەوە بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە لەگەڵ بۆچوونی هاوڕانیم بەڕێژەیەکی یەکسان هاتووە کە(10)یەکەن و بەڕێژەی(18.9%) بەپلەی دووەم دێن ئەو یەکانەی توێژینەوە کە بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەم برگەیە بەڕێژەی(15.1%)دێت بە(8) دووبارەبوونەوە بەپلەی سێیەم دێت، هەروەها. ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕان لەگەڵ ئەوەی میدیای نوێ بەکاربێت بۆ گەیاندنی داواکاری و پێویستیەکانی کارمەندەکان بۆ لایەنی بەرپرس لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە(7)یەکەیە و ڕێژەکەی(13.2%) بەپلەی چوارەم دێت. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم برگەیە بریتیە لە(62.26%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.11) بە لادانی پێوانەیی(1.296). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوپێیان وایە پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ داواکاری و پێویستی و گلەییەکانی کارمەندانی دامەزراوەکە بۆ لایەنی بەرپرس بەمەش پەیوەندییە گشتییەکان دەبێتە نێوانێک لە نێوان کارمەندان و دامەزراوە باڵاکان لە چارەسەرکردنی کێشەی ستافی دامەزراوەکە.

بە تێبینی کردن لە کۆی دەرئەنجامی برگەکانی خشتەی(15) دەبینین بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکە زۆرترین ڕێژەی هاوڕابوونی تۆمارکردووە کە(74.62%) لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی برگەکان لەیەکەوە نزیکە و ڕێژەی هاوڕابوون بەرزە تیایاندا، بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ پەیوەندییەکی پتەو و هەماهەنگی لەگەڵ کارمەندانی دامەزراوەکەی دروست بکات و بتوانێت ستافێکی کارا و چالاک بەرهەمبهێنێت.

16. دەسنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم پەیوەندییەگشتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ

| برگەکان | تەواو هاورا نیم | | هاورا نیم | | نازانم | | هاورام | | تەواو هاورام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوانەیی | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| 32.نەزانینی زمان بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییەگشتییەکان | 3 | %5.6 | 13 | %24.1 | 2 | %3.7 | 23 | %42.6 | 13 | %24.1 | 3.56 | 1.254 | %71.11 |
| 33.نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییەگشتییەکان | 7 | 13.0% | 8 | %14.8 | 3 | %5.6 | 26 | %48.1 | 10 | %18.5 | 3.44 | 1.313 | %68.89 |
| 34 نەبوونی بودجەی پێویست بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کاری پەیوەندییەگشتییەکان | 1 | %1.9 | 4 | %7.4 | 7 | %13.0 | 28 | %51.9 | 14 | %25.9 | 3.93 | 0.929 | %78.52 |
| 35. بایەخ پێنەدانی دامەزراوەکە بە ڕۆڵی پەیوەندییەگشتییەکان بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییەگشتییەکان | 2 | %3.8 | 8 | %15.4 | 7 | %13.5 | 19 | %36.5 | 16 | %30.8 | 3.75 | 1.169 | %75.00 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.67 | 1.17 | %73.38 |

خشتەی16 ئاستەنگانەی بەردەم پەیوەندییەگشتییەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ دیار دەکات

### 32. نەزانینی زمان بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان

لە بڕگەی(32) ی خشتەی(16) روون دەبێتەوە، کە(23) لێتوێژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی نەزانینی زمان بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان، بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(42.6%)، هەرچی ئەو لێتوێژراوانەی کە بەتەواوی هاوڕان و هاوڕانین لەگەڵ ئەم بڕگەیە بەهەمان ڕێژە هاتووە بریتییە لە(24.1%) بە(13) دووبارەبوونەوە بەپلەی دووەم دێن، ئەو لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی نەزانینی زمان گرفت بۆ کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان دروست بکات(3) لێتوێژراون و بە ڕێژەی(5.6%) لە پلەی سێیەم دێت. هەروەها ئەوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە(2)لێتوێژراون و بەڕێژەی(3.7%) بەپلەی چوارەم دێن. ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بۆ ئەم بڕگەیە بریتیە لە(71.11%) و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.56) بە لادانی پێوانەیی(1.254). لە ئەنجامی ئەو ژمارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان پێیان وایە نەزانینی زمانی زیاتر لە زمانی دایک گرفت بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکان کۆنتاکت و کار لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان دەکات بەمەش گەر کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان زمانی پێویست نەزانێت دەبێتە گرفت لەبەر دەم کارەکەی.

### 33. نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان

بەسەرنجدان لە بڕگەی(33)ی خشتەی(16) دەردەکەوێت، ئەو لێتوێژراوانەی کە هاوڕان لەگەڵ ئەم بڕگەیە بە ریژەی(48.1%) و بە دووبارەبوونەوەی(26)، کە زۆرینەن و بەپلەی یەکەم دێت. هەروەها ڕێژەی(19.2%)ی لێتوێژراوان بە تەواوی هاوڕان لەگەل ئەوەی نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان، بە(10) دووبارە بوونەوە بەپلەی دووەم دێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی هاوڕانین لەگەڵ ئەم بڕگەیە(8) یەکەن و ڕێژەکەیان(14.8%)یە و بەپلەی سێیەم دێت.، هەرچی ئەو

لێتوێژراوانەی بەتەواوی هاوڕا نین لەگەڵ ئەوەی نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان، ڕێژەکەیان(13.0%) و بە(7) دووبارەبوونەوە لە پلەی چوارەم دێت. وەڵامی نازانم کەمترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە(5.6%) و دووبارەبوونەوەی(3) لە پلەی پێنجەمە. ڕێژەی هاوڕابونی کۆی لێتوێژراوی توێژینەوە لەگەڵ ئەم بڕگەیە(74.62%)یە و ناوەندی ژمێرەییەکەی(3.73) و بە لادانی پێوانەیی(1.012). لە ئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی لێتوێژراوان رایان وایە نەشارەزایی لە تەکنیکەکانی میدیای ئامرازەکانی میدیای نوێ لایەن کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی گرفت لەبەردەم کاری پەیوەندییە گشتییەکان، چونکە ڕەنگە لە ئەنجامی نەشارەزایی کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئامرازەکانی میدیای نوێ توشی مەترسی ببێت وەک دروست بوونی کێشە بۆ سکیوریتی و پاراستنی لاپەڕەکە، یاخود بڵاوبوونەوەی خۆنەویستی هەر زانیارییەک لە ئەنجامی نەزانینی بەکارهێنانەوە.

## 34. نەبوونی بودجەی پێویست بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کاری پەیوەندییە گشتییەکان

بەسەیرکردنی بڕگەی(34) ی خشتەی(16) دەردەکەوێت، کە(28) لێتویژراو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی نەبوونی بودجەی پێویست بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە کاری پەیوەندییە گشتییەکان بەپلەی یەکەم هاتووە ڕێژەکەی دەکاتە(51.9%)، ئەوانەشی تەواو هاوڕای ئەو بڕگەیەن(14) لێتوێژراون و بەڕێژەی(25.9%) بەپلەی دووەم دێت. هەرچی ئەوانەشی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە بریتین لە(7) یەکە و بەڕێژەی(13.0%) بەپلەی سێیەم دێت. ئەو لێتوێژراوانەی هاوڕای ئەو بڕگەیە نین بریتین لە(4)یەکە و ڕێژەیان(7.5%) بەپلەی چوارەم دێت. لەگەڵ ئەوەش ئەو لیتویژراوانەی بەتەواوی هاوڕانین لەگەڵ ئەوەی نەبونی بودجە ببێتە گرفت لەبەردەم پەیوەندییە گشتییەکان(1) لێتوێژراوە و

